# کڵپەی دەروون

**گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی**

**مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی**

**بەرگی یەکەم**

**٢٠١٦**

**عەبدوڵڵای حەسەن زادە**

**پێشەکیی بۆ نووسیوە**


**ئامادەکردنی**

**خالید فاتیحی**

* ئامادەكردن : خالید فاتیحی

* پیتچن : خالید فاتیحی و كاوە فاتیحی

* پۆلێنكردن و هەڵەچن : ئیسماعیل ڕاجی

* دیزاین و بەرگ : سدیق عەلی

* ژمارەی سپاردن : ( ٨٩٠ )، ساڵی ٢٠١٥ی وەزارەتی رۆشنبیری

*لە چاپخانەی ڕۆژهەلات چاپ كراوە

* تیراژ: ٥٠٠ دانە

*لەسەر ئەركی كاوە فاتیحی چاپ كراوە

* چاپی یەكەم ( ٢٠١٦ )

# پێشەکی

**خاوەنی ئەم دیوانە شیعرە**

**دنیای سەردەمی منداڵی و لاوەتیی ئێمە نە بەقەد دنیای ئێستا بەرفرەوان بوو، نە هێندەی ئێستاش خاوەنی کەرەسەی جۆراوجۆری پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بوو. بەتایبەتی لە ناوچە سنوریەکانی وەك بانێ و سەردەشتو خانێ، تەنانەت جادەی خاکییش جگە لە نێوان شارەکان لە هیچ کوێ نەدەبینراو لەوانیش‌دا بە کەمی ترومبێل هاتوچۆیان دەکرد. بەوحاڵە هاتوچۆی قوتابیانی ئایینی کە ئەمن و مەلا ڕەحمانی فاتیحی خاوەنی دیوانی "کڵپەی دەروون"یش لەوان بووین، ئەو دنیایەی بەرتەسکتر کردبۆوەو دەکرێ بڵێم بەشێکی زۆر لە مەلاو فەقێیەکان دووراودوور یەکتریان دەناسی. دووسێ ساڵ بوو ناوبانگیم بیستبوو، هەتا ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی (١٩٥٦)ی زایینی، (٦٠) ساڵی ڕەبەق پێش ئەمڕۆ لەگوندی "ترکەش"ی ناوچەی "بەری مێرگان" چاوم پێی کەوت. وا دیار بوو ئەویش ناوی منی بیستبوو، چونکە لە یەکەم دیداردا وەك دوو دەستەبرا دەگەڵ یەك بەرەوڕوو بووین. ئەوەی لەسەریم بیستبوو لە لاوچاکی، ڕوح سووکی، خۆش مەشرەفی و دەنگخۆشی هەمووی بەزیادەوە ئەوە بوو کە بەر گوێم کەوتبوو. بەزمی ڕووتی بەناوبانگە. دنیای فەقێیایەتی کە پڕ بوو لە هەژاری و نەداری لە "قەلەندەرخانە" کانی‌دا فەزایەکی شادی پێك‌هێنابوو. ڕۆژانی سێشەممەو هەینی کە پشووی حەوتووانە بوون، فەقێی چەند دێی لێك نزیك وەسەر یەك دەکەوتن و بەزم و ئاهەنگێکیان ساز دەکرد کە خەڵکی خواپێداویش**

ئێرەیی پێ دەبردن. ئەو دەمانە وشکەداوەتێکیان دەگرت کە کورد گوتەنی کەچکی تێ نەدەگەڕا. بۆ ئەو کارە بەزمگێڕو گۆرانیبێژیش هەر لەخۆیان بوون. هەرچەند کەم وزۆر هەمووان لەو مەیدانەدا خۆیان تاقی دەکردەوە، بەڵام فاتیحی سەرتۆپی هەمووان بوو. چ بۆ بەزمی مەجلیس و چ بۆ گەرمکردنی کۆڕی وشکەداوەت، هەتا ئەو دیار بایە حەیف بوو داوا لە کەسی دیکە بکرێ. لەو بوارەدا مەلا ڕەحمان زۆر بەهرەمەند بوو. وەك هەموو هونەرمەندێك بەشێك لە شێعرەکانی فۆلکلۆری بوون. بەڵام لەبارەی هەر بابەتێکەوە بیویستایە بە لووزەو شێعری بۆ دەهاتو کانیاوی زەوقی وشکایی نەدەهات. هەر ئەو بەهرەیە بوو کە دواتر مەلا ڕەحمانی هێنایە مەیدانی شێعرو شاعیری. خوێنەری "کڵپەی دەروون" دەبینێ کە شێعرەکانی فاتیحی شێعری عەرووزیو ڕەنگە هێندێ لە خوێندەوارە لاوەکانمان تێرچێژ نەکەن. بەڵام بەڕاستی نەك هەر بۆ هاودەورەکانی، بەڵکوو بۆ هەموو ئەوانەی پێوەندیی نزیکیان بە کۆمەڵی کوردەوارییەوە ماوە، چێژو تام و بۆنێکی ڕەسەنی کوردەواری دەبەخشن. فاتیحی لە زۆر بواردا قەریحەی خۆی تاقی کردۆتەوە. ئەو کە ئاوێتەی خاكو ئاوی کوردستانە ئەگەر دێتە سەر وەسفی سروشتی نیشتمانە جوانەکەی و شاخ و کێوو چڕوچێوو گوڵ و گیاو باڵندەو پێڕۆیەکانی، ئەوەندەی پێیە قەتی لێ نابڕێ، ناکرێ شاعیر دڵی هەبێ و دڵداری بووبێ و دڵداریی تاقی کردبێتەوەو شێعری دڵداری نەڵێ. لەو بارەیەشەوە نیشانەکانی ئەوینێکی پاك لە بەرهەمەکانیدا بەدی دەکرێن. کاتێکیش نۆرە دەگاتە شێعری نیشتمانیو خەباتگێڕانە تێدەگەی بەڕاستی

ئاشقی گەل و نیشتمانەکەیەتی و بەدڵەوە بۆیان دەسووتێ. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لە پشتی هەموو بابەتە شێعری یەکانی شاعیرێکی ڕاستگۆو دڵسۆزو بێ فیزو ئیفادە هەست پێدەکەی.

خوێنەری هێژا! ئەمن نە شاعیرمو نە شێعرناس. مەبەستم لە نووسینی ئەم کورتە بابەتە هەر ئەوە بوو بە بۆنەی دەرچوونی دیوانەکەیەوە یادێکم لەو برایەم کردبێتەوە کە تا ئەو ڕۆژەی دێوەزمەی مەرگ بە ناوەخت لە بنەماڵەکەی و لە من و دۆست و برادەرەکانی هەڵبڕی، قەت پێوەندیمان نە پچڕاو هەرگیز دڵمان لێك دانەبڕا. ناسینو داوەری لەسەر دیوانی فاتیحی بۆ خۆتان بەجێ دێڵم. لەکۆتایی دا نامەوێ بیشارمەوە کە لە پاڵ خۆم دا ماوەیەکی زۆر لە کوڕەکانی کە بەخۆشی یەوە "گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ" ئەوانیش ئەدیب و بە بەهرەن، بەگلەیی بووم و یەك دوو جاریش وەگوێم هەڵێنابوون کە چۆنە غەمی چاپی شێعرەکانی باوکیانیان لەبەر نیە. ئێستا کە دەبینم پرتەوبۆڵەکەم کاری خۆی کردوە زۆری پێ خۆشحاڵمو بە بەشی خۆم سوپاسیان دەکەمو پیرۆزباییان لێ دەکەم.

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە

۱۳۹۵ی هەتاوی ( ۲۰۱٦ی زایینی )

# ژیاننامەی فاتیحی

ناوی تەواوی فاتیحی (عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدولکەریمی کوڕی عەبدوڵلا)یە، دایکی ناوی (زینەت) بووە، لە ساڵی(١٩٣٠) لە گوندی (یارئاڵی) ناوچەی گەورکی موکری سەر بە شارستانی مەهاباد لەخێزانێکی جوتیار لەدایکبووە، سێیەم منداڵی خێزانەکەی بووە، سێ براو خوشکێکی هەبووە بەناوەکانی (غەفوور، عەلی، مستەفاو مریەم). پێشتر ماڵەباوانی لە گوندی (نەجنەی سەروو)ی سەر بە شاری بانە، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە ناچاردەبن ئەوێ بەجێبهێڵن‌و بچنە گوندی (یارئاڵی)و دوای چەند ساڵێك ئەوێ جێدەهێڵن‌و روودەکەنە دەڤەری (لاجان)ی پیرانشارو لە گوندی (سۆغانلوو) دەگیرسێنەوە. لە تەمەنی پازدە ساڵیدا دەچێتە حوجرەو لە لای مامۆستا (عەبدوڵلای سولەیمانی) دەستدەکات بە خوێندنی سیپارە، دوای خوێندنی قورئان و گوڵستانی سەعدی، دەچێتە گوندەکانی (تورجان)و (بوغدەکەندی)و (قەرەگوێز)و (حەمامیان). هەر لە درێژەی خوێندنیدا زۆر جێگای دیکەش دەگەڕێ وەکو بۆکان و سەردەشت و گوندەکانی (بێوران)و چەند شوێنێکی دیکەش.

فاتیحی لە ژیانیدا زۆر کوێرەوەری‌و چەرمەسەری دیتوون‌و زۆر بەهەژاری ژیاوە. سەبارەت بەمەش گوتویەتی: (جارێکی چوومەوە ماڵێ مامم جوتێك کاڵەی بۆ کڕیبووم، بەڵام دڵم نەدەهات لەپێیان

بکەم. ڕۆژە ڕێیەك بەپێیان ڕۆیشتووم کاتێك گەیشتوومەتە نزیك ئاوایی، ئەوجا لەپێم کردوون، دەنا هەر بەپێخواسی دەڕۆیشتم. بۆئەوەی کاڵەکانم کۆن نەبن). فاتیحی دەنگیشی خۆشبووە، دەیگوت: (جارێکیان مەلایەك ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرت، ئەوکاتیش باوبوو، دەبوایە سێ شەوو ڕۆژان ئاهەنگ و شایی بایەو شایەر بانگ دەکران. لەو ئاهەنگەدا عەلی خەندانی هونەرمەند بەشدار دەبێ و بەیەکەوە گۆرانی دەڵێن. پاشان عەلی خەندان دەڵێ: (فەقێ ڕەحمان) بۆچی واز لە فەقێیایەتی ناهێنی و نایە لای من، وەڵڵاهی قازانج دەکەی). زۆربەی گوندو حوجرەکانی دەڤەری پیرانشارو سەردەشت و بۆکان گەڕاوە بۆ خوێندن. جاری وا هەبووە بە ساڵیش نەگەڕاوەتەوە ماڵێ. بۆیە کاتێك بە سەفەر دەگەڕێتەوە گوندی سۆغانلوو، دەبینێ ماوەیەکی زۆرە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەوەش کاریگەری زۆر لەسەر هەستی دادەنێ و دەبێتە خەمێکی گەورە.

لەو سەردەمەدا حوجرە، ناوەندی جۆشدانی بیری نەتەوەیی و برەودان بە زمانی کوردی دەبێ، زۆربەی ئەو مەلاو فەقێیانە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەبن و تێکەڵ بەو ڕەوتە کوردایەتیە دەبن، کە لەو سەردەمەدا حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتی دەکرد. ئەویش دەبێتە ئەندامی حزبی دێموکرات و درێژە بە کاری ڕێکخراوەیی خۆی دەدات.

دیوانە شیعری شاعیران کە تاکوتەرا لە کوردستانی باشوورەوە دەهاتن بە دزیەوە دەنووسرانەوەو دەست بەدەست دەگەڕان، لەبەرئەوەی لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی کتێبی کوردی قاچاغ بوون. لە سالآنی ( ١٩٥٢-١٩٥٣) بەهرەی شیعری فاتیحی دەگەشێتەوەو دەست بە شیعرنووسین دەکات. تاکە شوێنیش بۆ بلاّوکردنەوە، رادیۆی کوردیی کرماشان بوو، کە زۆربەی شیعرەکانی بۆ ئەوێ ناردووەو لەلایەن شوکرڕوڵلآی بابانەوە خوێندراونەتەوە. لە ساڵی (١٩٦١) لە گوندی ئاڵواتان ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا (مەلا نەجمەدینی کەوکەبی) وەردەگرێ. سێ شەوو رۆژان دەبێتە شایی و بەزم و رەزم. لە ساڵی (١٩٦٣) لە گوندی (دۆڵەتوو) دەبێتە مەلاو هەر هەمان ساڵیش لەگەڵ (ئامینە مەولود قادر) ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێ و بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەش پێنج منداڵی لێدەکەوێتەوە بە ناوەکانی (خالید، ئایشە، کاوە، تریفەو هێمن).

لە ساڵی (١٩٦٥) کە لە گوندی (چەکۆ) مەلا دەبێت سەرژمێری گشتی دەکرێ، زۆر لەگەڵ کارمەندانی (نفووس) باری کەسێتی دەکات کە نازناو (شۆرەت)ی فاتیحی بۆ بنووسن بەلاّم ئەوان گوێی نادەنێ و بە ئارەزووی خۆیان شۆرەتی (ئاشووفتە)ی بۆ دەنووسن.

سالآنی (١٩٦٧-١٩٦٨) کاتێك رژێمی پاشایەتیی دەستدەکا بە گرتنی ئازادیخوازان، بێگومان مەلا عەبدولرەحمانی فاتیحیش بێبەش نابێ و

لەلایەن (تیمسار ئو وەیسی) فەرمانی گرتنی دەردەچیٚ و دەگیریٚ و بۆ زینـدانی (جلـٚدیان) دەگوازریٚتـەوەو دوای ماوەیـەك زینـدانی، ئـازاد دەکـریٚ. بـەلاٚم ترسـی ئـەوەی دەبـیٚ کـە وازی لیٚنـەهیٚنن و دووبـارە بیگرنەوە. بۆیە لە شەویٚکی پایزیدا خرت و پرتەکەی کۆدەکاتەوەو لـە گونـدی (داوداوە)، سـنوورە دەسـتکردەکە دەبـەزیٚنیٚ و دیٚتـە گونـدی (شـیٚنیٚ)ی باشـووری کوردسـتان. پاشـان دەچـیٚتە گونـدی (زیٚوکـە)ی دەڤەری پشدەرو دەبیٚتـە مـەلای ئـاوایی. لـەویٚ لەگـەڵ شـاعیری میللـی (حەمــەپۆلاٚ)ی هــاوڕیٚی یەکدەگرنــەوە. کــاك حەمــەپۆلاٚ ئیٚــستاش دەگیٚریٚتــەوە: (شــەوانە، دوای نویٚــژی خــەوتنان لــە مــاڵی مامۆســتا دادەنیـشتین و باسـی سیاسـەت و ئـەدەبمان دەکـرد. کابرایـەك هـەبوو ناوی (مام ڕەسوو) بوو، هەموو شەویٚك دەهات و مەجلیسەکەی دەکردە ئی خـۆی، تـەنیا باسـی سـە زەردی دەکـرد، کـە چ سـەگیٚکەو حەریفـی چەند گورگانە، شەویٚك نەبوو دوان نەبوو، گوتم وا بڕوا دەری ناهیٚنیٚ، شەوانە ئەگەر دەهات دوای سەعاتیٚك دەمگوت: مـام ڕەسـوو نەیکەینـە شەو؟، دەیگـوت کـەیفی خـۆتـە. بۆیـە دەرۆیـشتین و کـە ئـەو دەچـۆوە مــاڵیٚ، بامدەدایــەوەو دەهاتمــەوە لای مامۆســتاو تــا درەنگــانی شــەو دادەنیشتن، دوور لە باسی سە زەردی!)

دیـسان لـە گونـدی (زیٚوکـە)شـەوە بارگەوبنـە دەپیٚـچیٚتەوەو دەچـیٚتە گونـدی (دیٚلـۆ)و لـەویٚش دەبیٚتـە مـەلای گونـدو حوجـرەو کۆمەڵیٚـك

فەقێشی دەبن. لەوێش ناچار دەبێ بڕواو بچێتە شاری قەڵادزێ و کرێکاری دەکا. پاش ماوەیەك دەچێتە گوندی (شۆڕان) لەوێ کابرایەك مەلای رەمەزان دەبێ. کە مەلا عەبدلرەحمان فاتیحی دێتە ئەوێ ناچار واز لە کارەکەی دێنێ و دەبێتە مجێور. بۆیە دەڵێت:

ئەمساڵ لە گوندی شۆڕان
مەلاو مزگەوت گۆڕان
کۆڵنەدەری تووتنەوان
بوو بە مەلای رەمەزان
وەك مەلای خڕێ بەرداشان
بوو بە مجێور لە پاشان.

جارێکی دیکەش (شۆڕان) بەجێدێڵێ و دیسان دەچێتەوە قەڵادزێ. رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ کاتێك فڕۆکە جەنگیەکانی رژێمی بەعس شاری قەڵادزێ بۆردوومان دەکەن، ئەویش وێڕای خەڵکەکە قەڵادزێ بەجێدێڵێ و دەچێتە گوندی (سونێ) تا ساڵی ١٩٧٧ کاتێك رژێمی بەعس گوندەکانی دەڤەری پشدەری راگواست گوندی سونێش بۆ ئۆردوگای توەسووران راگوێزرا.

لە ساڵی ١٩٧٩ کاتێك شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر رژێمی پاشایەتیدا سەرکەوت، شاعیر دەگەڕێتەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری (پیرانشار) دەگیرسێتەوە. لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان کۆماری

ئیسلامی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە باشووری کوردستان و لە گوندی (کەنجاڕێ) بە مەلایەتی و توتنەوانی ژیان دەگوزەرێنێ، تا ساڵی ۱۹۹۱و لە کاتی کۆڕەوەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و لە گوندی (گردئاشەوان) دەبێتەوە بە مەلا. تا لە رۆژی یەکشەممە ۲۰۰۲/۱۱/۱۰ کۆچی دوایی دەکات و دەچێتەوە بەرقاپی دلۆڤانی یەزدانی مەزن و لە گۆڕستانی گوندی گردئاشەوان بە خاك دەسپێردرێ.

**خالید فاتیحی**

## ستایشی خودا

بــە نــاوی خــالــیــقــی بــەرزی تــەوانــا
بــە نــاوی ئــەو کــەســەی بــەرزایــی دانــا
بـە نـێـوی پـادشـای بـێ مـیـسـڵو وێـنـە
هـەچـی داویـە هـەمـووی گـەنجـەو خـەزێـنـە
بـەنـێـوی نـەشـئـەبـەخشی دڵ لـە سـیـنـە
خــوداوەنــدێ هــەوێــنــی گشــت ئــەویــنــە
خــودای بــەرزو بــڵــنــدو دەشــتو ڕازان
خــودای عــیــشــقو ئــەویــنو ســۆزو ڕازان
خـودایـەك دای بـە ئـادەم عـەقـڵو تـەدبـیر
خــودایــەك بــۆ هــەمــوو دامــاوێ دەســگــیر
خـودایـە تـۆ بـە لـوتـفو شـەوکـەتـی خـۆت
بـە ئـیـحـسـانو جـەلالو عـیـززەتـی خـۆت
بـە یـاسـینو بـە تـاهـا، شـاهـی لـەولاك
لـە ڕۆژی مـەحشـەرا مـەمـهـێـڵـە خـەمـنـاك
سـەلاتو هـەم سـەلام بـرژێـنـە خـوارێ
وەکـو بـارانو ڕێـژنـەی دەم بـەهـارێ
بـەسـەر ڕوحـی نـەبـی شـاهـی فـتـووحـات
یـەهـودو گـاوری کـردن کـشو مـات
بـەسـەر بـووبـەکـرو حـەیـدەر، شـێـری شـەرزە

عـومـەر بـوو ڕۆمو فـارسـی خسـتـە لـەرزە
حـەیای عـوسمـان لـە دنـیا نـەبـووە وێـنـەی
هـەمـوو ژیـرێ حـەیـای کـردوە لـە وێـنـەی
سـوپـاسـت گـەر نـەکـەیـن زۆر نـاسـوپـاسـین
وجـوودی تـۆ بـە لـوتـفـی تـۆ دەنـاسـین
عـەتـات فـەرمـوو بـە ئـێـمـە عـەقـڵو زانـین
کـە نـەتـنـاسـین گـەڵێ سـپـڵـەو نـەزانـین
گـونـاهـن زۆرو، لـوتـفـی تـۆ عـەمـیـمـە
بـەسـە بـۆ ئـێـمـە خـوامـان زۆر کـەریمـە
خـودایـە ڕوحمـی تـۆ زۆر بـێ سـنـووورە
خـەتـام زۆرە خـودایـە لـێـم بـبـوورە
نـەزانو نـاتـەوان و پـیرو خـەرفـاو
چـرووكو دوورە نـوێـژ، تـاوان بـە لافـاو
(مـرانـبـود عـمـل جـز جـرم عصـیـان)
پـەشـیـمـانم پـەشـیـمـانم پـەشـیـمـان
بـە حـەقـقـی ئـەحمـەدو ڕەوزەی شـەریـفـی
بـە چـوار یـاری مـەکـۆی دیـنـی زەریـفـی
بـبـەخشـە (فـاتـیـحی) بـەدبـەخـتـی عـاسـی
کـە غـەیـری تـۆ کـەسـی دیـکـەی نـەنـاسـی

١٩٩٧/٨/٣٠ گردئاشەوان

# میلادی (رسول الله)

ئەی موسڵمانان وەرن، جێژنەی ڕەسوڵی ئەنوەرە
ڕۆژی پێشوازی وجوودی مەقدەمی پێغەمبەرە
ڕۆژی ڕووناکی تلووعی هاتنی (خیرالبشر)
ڕۆژی خۆشیو شادیە مەولودی شاهی ڕەهبەرە
ڕۆژی میلادی (رسول الله)یە (ختم المرسلین)
ڕۆژی پڕ نووری زهووری شاسواری مەحشەرە
نووری ئەحمەد بوو ڕەتاندی زوڵمەتی فیسقو فجوور
ماڵو سەر قوربانی خاکی مەقدەمی ئەو سەروەرە
مەرحەبا ئەی شافیعی جوملەی گوناهی عاسیان
مەرحەبا سەد مەرحەبا لەو زێڕو زیوو گەوهەرە
تاقی کیسرا شەق بوو لەرزی، تەختی شاهان سەرنگون
شامو ئێرانو یەمەن سەرپاکی بەندەو نۆکەرە
پاك بە دەنگی پڕ لە سۆزو، ڕوو بە دەرگای حەق دەڵێن
مەرحەبا لەو زاتە گەورەی ساقی حەوزی کەوسەرە
نووری ڕووخسارت سەراسەر دەشتو سەحرای گرتەوە
(هذه جنات عدن) موژدەیی تۆی ئەکبەرە
(فاتیحی) خزمەتگوزاری دەرکەوانی دەرگەتە
تۆش بە لوتفی خۆت پەژارەو دەردی دڵمان لابەرە

**گردئاشەوان** ١٩٩٧/٧/١٣

## بەهار

بــەهــارە، گــوڵشــەنــە ئــەو دەشــتو شــیــوە
خــڕو دۆڵ پــڕ لــە ئــاوە، گشــت جمــیــوە
زەوی پــۆشــیــویــەتــی بــەرگــی بــەهــاری
وەنــەوشــە کــەوتــە ســوژدە، بــۆی چــەمــیــوە
(کەما) و (مەندۆك) و (بیزا) بوونـە پێشڕەو
(کــوڕادە) و (کــارگ) و (ڕێــواس)ت نــەدیــوە؟
لـە هۆهۆی شوانو قاسپـەی کەو لـە شاخـی
دەڵـێـی بــووکــیــان بــە شــەو بــۆ دابــەزیــوە
(شلێر) و (شەشپەڕ) و (بەیبوون) و (نـەرگس)
ئـە لـەو قـەدپـاڵـە یـەك یـەك بـۆی چـەقـیـوە
تــەمــاشــای ئــاوی ســەرچــاوەی (شــنــۆ زەنــگ)
بــە گــرمــوهــۆڕی هــەوران چــۆن تــەقــیــوە
لـە بـاخـان بـولـبـولـە دەخـوێـنـێ مـەحـزوون
لــەســەر گــوڵ مــەســتــە، ئــەنــدامــی تــەزیــوە
(هــەلاڵــە) بــەو هــەمــوو نــازو کــریشــمــەی

ئـە لـەو (چـێـنـکـانـە) تـەنـیـایـەو هـەتـیـوە

دەڵێی (خـەشخاش) و (مـێلاقـە) و (گـەزیـزە)ن

هـەمـەڕەنـگو لـەبـارە ئـەو چـەتـیـوە

لـەبـەر بـازو شـەهـێـنـی چـوسـتو تـەڕلان

ئـەوا (سـێـروو) لـەبـن سـوانـان خـزیـوە

ڕەتـانـدوویـە بـەفـر، سـەرمـاوو سـۆڵـە

شـەمـاڵ هـات بـەفـری کـوێـسـتـانـان بـەزیـوە

بـە بـاران بـەفـری زسـتـان کـەوتـە لـەرزیـن

لـەلا نـوالآن گـژوگـیـا دەرپـەڕیـوە

لـە خـۆشـی هـاتـنـی نـەورۆزە، کـوڕگـەل

بـەپـێـخـواسـی دەڕۆن بـۆو لاپـەسـیـوە

لە (قەندیل) و (گەدە) و (هەوشین) و (نێرخاس)

لـە بـن هـەر بـەردێ کـانـی هـەڵـقـوڵـیـوە

لـە (تـاس قـۆتـەڵ) بـڕۆ تـا (جـنـدەواری)

دەڵـێـی مـافـوورەیـەو گـوڵـیـان چـنـیـوە

کـەوو، داوی بـەدەسـتـە (کـاکـی زوودی)

لـە (هـەڵـوێ) بـۆی لـەبـن سـیـپـان خـزیـوە

کەوی ڕاوکەر لە شاخان خۆشە قاسپەی
قەرار ناگرێ لە جێیەك عەینی جیوە
(هەروونە) و (کانی سێ) (گامۆڵ) و (گەولە)
هەمووی خاڵ خاڵە بەفری لێ تەریوە
تەماشای سەنعەتی باری تەعالا
بە باران دەشتو سەحرا چۆن زەلیوە
لەبۆ هەرکوێ دەچی هەر کیژو لاون
بە جووتە چوونە سەیران بێ سریوە
وەرە بولبول فیدات بم کاتی گەشتە
لەسەر گوڵ بۆم بڵێ تۆ لەو نەدیوە
چ خۆشە بەزمی لاوان کاتی سەیران
لەسەر ئەو چۆمو ئاوە بێ قریوە
سەدای قازو قورینگەو پیرە شاهۆ
بەرەو کوێستان هەزار دۆڵیان بڕیوە
ئەوەی دەرمانی دەردە بەو بەهارە
(کوڕادە) و (پنگ) و (کەنگر) و (دۆکوڵیوە)
بە (کوکی)١ خۆشە سەیرانی دەرو دەشت
بەشی تۆش (فاتیحی) هێلکەی کوڵیوە
١٩٩٧/٤/٨ گردئاشەوان

# نەورۆز

بـەهـارە، دەشـتو سـەحـرا شـین دەچـیٚ ئـەوڕۆکـە نـەورۆزە
هــەرایــە، شــادیــیــە، بــەزمــە، نــەوایــە، دەنــگــی دڵسـوٚزە
چەمەن ڕازاوە چـەشـنـی بـووك، درەخـتـان سـەوزو سـەربـەرزن
لـە شـاخـان قـاسـپـەقـاسـپـی کـەو لـەسـەر گـوڵ بـولـبـولی قـۆزە
تـەمـاشـای بـولـبـولو قـومـری دەخـوێـنـن لـەو دەرو دەشـتـە
موبارەك ساڵی (حـەفـتـاو شـەش)٢ ئـەلـەو قـەومو گـەلو هـۆزە
لـە لادۆڵو خـڕو شـیـوان، فـیـتـەی شـوانـەو بـەعـەی مـێـگـەل
کچـی نــازدارو نــەشمـیــل پــەرچــەمــی شـێــواوو ئــاڵــۆزە
لـە مـێـرگو چـیـمـەنو بـاخـان، دەخـوێـنـیٚ بـولـبـولی شـەیـدا
وەنــەوشــە پــێــکــەنــی، کــردی، لــە یــاران جــەژنــە پــیرۆزە
بــە پــێــشــوازی بــەهــار هــاتــن، چــنــارو عــەرعــەرو شمشــاد
(شلێرە) و (شەشپەڕ) و (شەوبۆ)، (گەزیزە) و گوڵ،کە نـەورۆزە
کەوو (داڵ) هاتنەوە کوێستان، هەواریان (لەند) و (سامـڕەنـد)ە
چ ڕەنــگــیــنــە، چ نــەخشــیــنــە، وڵات، چــەنــد بــەرزو پــیرۆزە
خــڕۆشــی بــازو شــاهــێــنو، جــریــوەی مــەل لــە ســەر داران
بــە چــەشــنــی ســازو ســەنــتــوورە، ئــەوەنــد دڵـگـیرو پـڕسـۆزە

١٩٩٧/٤/٨ گردئاشەوان

# نیوە مردوو ڕوح لەسەر لێو

دڵ لە خەمدا دافەتاوە، یار لەمن نەفرین دەکا
ڕوح، لە حەسرەت شەهدی لێوی، شیوەن‌و ناڵین دەکا
ڕوومەتم زەردە وەکو بەی، قامەتم خوارو چەماو
چاو دەڕێژێ لەعل‌و مەرجان، بۆ گوڵی خۆی شین دەکا
بۆیە وەك فەرهاد لە کێوی بێستوون غەرقی خەمم
شیرنم لە خوا نەترسە، ڕاوی گیان‌و دین دەکا
دەست‌و پەنجەی سوورە یارم، خوێنی دڵمی پێوەیە
ئەو گوڵە بێ ڕەحم‌و دینە، دەس بەدڵ ڕەنگین دەکا
قرچە قرچی ئاهی سینەو، دووکەڵ‌و بۆسۆی دەروون
ئەشکی گەرم‌و سوێرو سوورم، عالەمێ غەمگین دەکا
شەو نییە تا بەربەیانی دەس لە شیوەن هەڵگرم
چوون بە عەزمی کوشتنم، ئەو پەرچەمی چین چین دەکا
چەشنی مەجنوون شێتی لەیلام، دوور لە یارو عەشرەتم
بولبولی دڵ هەر دەناڵێ، گوڵ بە ئەسرین شین دەکا
ئەی فەلەك جەوری زەمانەت خستە سەرمن بۆیە وا
ساوی سافی ئاسمانم، هەر بە مژ بارین دەکا
یارەکەی خوێنخۆرو زاڵم، دڵبەری بێ ڕەحم‌و دین
زوڵف‌و ئەگریجەی کەمەندی عاشقی مسکین دەکا
نیوە مردوو ڕوح لەسەر لێو، چاوەڕێم گەر بێتە لام
ئەو وەکو ئاهوی ڕەمیدە، ڕوو لە سەحرای چین دەکا
(فاتیحی) بێ سوودە گریان، باری هیجران هەڵگرە
بەختی تۆ کەی هاوتەرازیی زوهرەوو پەروین دەکا؟
چەکۆ ١٩٦٤/١١/٣٠

## وەکو بولبول غەزەلخوانم

ئەی چرای کوڵمت ڕەفیقی زوڵمەتی شەو خەڵوەتم
ئەی موژەی وەك نەشتەرت، پەیکانی جەرگی لەتلەتم
ئەی جەماڵی ئافتابیت، سەیقەلی ژەنگی دڵم
ئەی دوو چاوی پڕ لە نازت، تاجو تەختو شەوکەتم
ئەی شەمامەی باخەڵت، سێوو هەنارو پرتەقاڵ
ئەی قەدی سەروی ڕەوانت، نەخلی باخی جەننەتم
ئەی پەچەو زوڵفی بڵاوت، سونبولو ڕەیحانو گوڵ
ئەی دەمی خونچەت، شەفا بەخشی دڵی پڕ مەینەتم
ئەی مژۆڵی وەك خەدەنگت، عەسکەری ڕۆمو فەڕەنگ
ئەی دوو لێوی لەعلبارت، شەکرو نوقڵو شەربەتم
بۆچ بە ناهەق دەمکوژی ئەی شاهی خووبانی زەمان؟
هەر ئەتۆی ئاواتی قەلبی پڕ لە دەردو مەینەتم
قەترە قەترە هاتە خوار، فرمێسکی چاوم بوو بە چۆم
وشكو بێ هێزو زەعیفو بێ گوڵو بێ عوشرەتم
هەر وەکوو بولبول غەزەلخوانم شەوو ڕۆژ ناڵەمە
هەر وەکوو پەروانە کوشتەی شەو چراغی ڕوومەتم
کەس نییە وەك (فاتیحی) لۆمەی ڕەقیبان هەڵگرێ
بێ دیارو یارو یاوەر، بێ دوو کوڵمی خەتتم

**١٩٦٠/٩/٢٩ دۆڵەتوو**

# گوڵی باخی ژیانم

ئـەی گـوڵـی بـاخـی ژیـانم، ئـەی نـەمـامـی لـێـوە جـۆ
بـۆچـی تـەنـیـا تـۆ بـەجـێـم دێـڵـی بـە گـریـەو بـابـەڕۆ
تـۆ ئـومـێـدی ژیـنـی مـن بووی مـەقسـەدی ڕێـگـەی نـەجات
چـۆن دەبــێ جـارێ نـەپـرسـی حـاڵـی بـەنـدەی ڕەنجـەڕۆ
شـەربـەتـی وەسـڵـت لـە مـن بـۆچـی حـەرام کـرد تـا ئـەبـەد
خـۆ ئـەمـن هـەر حـازرم بـۆ، ئـەمـری تـۆ بـێ گـفـتـوگـۆ
دەردو ڕەنجـی هـیـجـرو دووریـت وای لـەگـەڵ کـردم هـەتـا
ڕووی قـیـامـەت، زەحمـەتـە ژیـنـم بـەبـێ دیـداری تـۆ
گـەر بـە لـوتـفـو مـەرحـەمـەت جارێ بـپـرسـی حـاڵـی مـن
دێــمــە پــەروازو ســەمـا، وەك بـازو شـاهـێـنو هـەڵـۆ
گـەر بـڵـێـم: حـۆری وەکـوو تـۆ نـابـێ، ڕاسـتـەو بـێ ڕیـا
با ئەویش جێگەی لە جەننەت بێو ئەتۆش ئەهلی (چەکۆ)
حـۆریـی بـاخـی بـەهـەشـتـم هـەرئـەتـۆی ئـەی لالـە ڕوو
هەر ئەتۆی خونچەو نـەمـامـی (کـانـی سـێـو) و (کـانـی سۆ)
بـەسـیـە بـا بـەسـبێ هـەتـاکـەی هـەر بـنـاڵـێـنـم ئـەمـن
تـاقـەتو هـێـزم نـەمـاوە چـیـدی نـاکـەم هـاتـوچـۆ
دادەنـیـشـم دەسـتـەوئـەژنـۆ هـەر دەکـەم شـینو گـریـن
ئەی خـودا چیـبـوو لـەسـەر چی وای لـەمـن کـرد یـاری نـۆ؟
گــەر وەبــیـرم دێــتــەوە مــاچـی خــەتو خــاڵو دەمــی
دڵ دەسووتێ وەك پـەپـوولـە، دەچـتـە نـێـو شـەم سـەربـەخـۆ
تـیری ئـەبـرۆی دا لـە جـەرگـی (فـاتـیـحـی) چـون بـێـکـەسـە
سووری کـرد پـەنجـەی بـە خـوێـنـی عـاشـقـی گـوڵـزاری خـۆ
**چەکۆ** ۱۹٦٦/۱۰/۲٦

# کڵپەی دەروون

ئازیزەم، لەیلم، دیدەم، دڵدارم
ئارەزووی دڵی پڕ ئێش‌و زارم
شنەی شەماڵی دەمەو بەیانی
شۆڕەبی بەرزی دەم چۆم‌و کانی
ئاوی بەفراوی کوێستانی سەردەم
وەنەوشەو شەوبۆ، گوڵزار، خونچەدەم
هاژەو قەڵبەزەی (گادەر) و (لاوێن)
تیشکی هەتاوی جوانی خەم تاوێن
مەلی تیژپەڕی ئاسمانی خەیاڵ
گولاڵە سوورەی لاپاڵی خاڵ خاڵ
شۆڕەژن، بێری، حۆری، پەریزاد
نازەنین، دڵبەر، سنەوبەر، شمشاد
چنوورو قومری، یاڵی پڕ لە گوڵ
بەفری لە دەم کەل، گوڵی لەسەر چڵ
گیابەندو خاوو، شلێرو شەشپەڕ
کەڵەگەت، شیرن، دڵڕفێن، دڵبەر
ئازیزم! شەرتی دڵداری وایە

دەردو مــەیـــنــەتو جــەورو جــەفــایــە
تــوخـــوا کـــەی ئـــازیـــز وایـــە دڵـــداری؟
دڵـــــداری یـــانــــی گـــریـــانو زاری
یـــانـــی سـووتـــان و گـــرتـــنو کـــوشـــتن
خـــوێــنــی جـــەوانـــان بـــە نـــاهـــەق ڕشـــتن
ئـــازیـــز، چـــاوەکـــەم، کـــەی ئـــەوە ژیـــنـــە؟
کـــەی ئـــەوە شـــیـــاوی تـــۆی نـــازەنـــیـــنـــە؟
کـــەی ئـــەوە ڕەســـمو یـــاســـای ویـــژدانـــە؟
کـەی نـەخـۆش جـێـگـەی حـەپـسو زیـنـدانـە؟
کـــڵـــپـــەی دەروونم بـــۆســـۆیـــە بـــۆســـۆ
نـــاڵـــەی دەروونم بـــۆتـــۆیـــە بـــۆ تـــۆ
ئـازیـز تـۆی لـەیـلـێ، مـەجـنـون مـنـم مـن
شـاد بـوون بـە نـاڵـەم نـەیـارو دوژمـن
بـێ مـەیـلـی تـاکـەی، چـاوکـاڵ، دیـدە مـەست؟
بـۆچـی لـەسـەر چـی بـژیـم زارو پـەست؟
سـووچو تـاوانم چـیـبـوو، تـوخـوا بـۆ؟
چـم کـردوە، بـۆچـی دەمـکـەی ڕەنجـەڕۆ؟
ئـــازیـــز لـــەســـەر تـــۆ وێـــڵو ئـــاوەرەم
بـــە عـــیـــشـــقـــی تـــۆوە دڵ پـــارە پـــارەم

بـــۆ تـــۆ دەربـــەدەر، کـــزو هـــەژارم
هــەر تــۆی دەرمــانــی دڵــی زامــدارم
تــۆش بــە زەیــیــت بــێ، بــە ڕەنــگــی زەردم
بــە نــاڵــەو هــاوار، بــە ئــاهــی ســەردم
تــۆ بــەرەو هــەوار ڕۆیــیــیو نــایــەوە
(فــاتــیــحــی)یــش شــینو زاری نــایــەوە!

**۱۹۷۳/٤/۲۸ شۆڕان**

# کوڕێ نیشتیمان بدا بە دووژمن

کوڕێ بۆ وەتەن نەکا دڵسۆزی
نەکاتە بەهەشت خاکی پیرۆزی
هەر خۆپەرست بێ بە فیزو پۆزی
غافڵ بێ دایم لە قەومو هۆزی
ئەو کوڕە یاخوا هەر بەشخوراو بێ
لەتلەتی شیرو یەخسیری داو بێ

کوڕێ سەربازی نەکا بۆ وەتەن
نیشتمان نەکا بە باخو چەمەن
نەبێتە بولبول بۆ دارو دەوەن
وڵات جوان نەکا وەك ئاسکی خوتەن
ئەو کوڕە یاخوا کرمۆڵو لەڕ بێ
لەنێو عالەمدا وەك سەگی گەڕ بێ

کوڕێ شەوو ڕۆژ نەکۆشێ بۆ گەل
بە بێهوودەیی لەدەس بدا هەل
لە بۆ نیشتمان نەکرێ کوێرو شەل
لە دووژمن نەگرێ ئەو کەلو ئەم کەل
ئەو کوڕە یاخوا خۆراکی شێر بێ
گۆجو لەرزۆك و فەقیرو کوێر بێ

کــوڕێ بــۆ خــەبــات نــەچــێــتــە مــەیــدان
بــە خــوێــن ســوور نــەکــا دڵــی خــائــیــنــان
ڕوح بــەخــت نــەکــا لــە بــۆ کــوردســتــان
نــەخــوێــنــێ دەرســی حــوبــبی نــیــشــتــیــمــان
ئــەو کــوڕە یــاخــوا نــەبــیــنــێ خــۆشــی
هــەر بــەشــی ئــەو بــێ دەردو نــاخــۆشــی

کــوڕێ بــۆ وەتــەن نــەکــۆشــێ بــە کــوڵ
بــە چــشــنــی بــولــبــول نــەســووتــێ بــۆ گــوڵ
لــە ڕێــی نــیــشــتــیــمــان نــەچــێــتــە ژێــر گــڵ
بــۆ بــەرزی وڵات کــونــکــون نــەکــا دڵ
ئــەو کــوڕە یــاخــوا هــەر دەردەدار بــێ
خــوردو خــۆراکــی هــەر ژاری مــار بــێ

کــوڕێ نــەخــوێــنــێ بــۆ عــیــلــمو هــونــەر
لــەنــێــو نــەزانــی ســەر نــەبــاتــە دەر
دوژمــن لــە خــاکــی نــەکــا دەربــەدەر
بــە فــەرمــانــی گــەل بــەخــت نــەکــا ســەر
ئــەو کــوڕە یــاخــوا بــەرد بــاران کــرێ
پــێــشــێــلــی بــەرپــێــی نــەیــاران کــرێ

کــــورِێ نـــەچـــێــــژێ ســـەخـــتـــی ڕۆژگـــــار
نـــەکـــا خـــزمـــەتـــی فـــەقـــیرو هـــەژار
بــــۆ قـــەومو خـــوێشـــی نـــەبـــێ دڵ فـــگــــار
نـــەبـــێـــتـــە چـــرای شـــەوی ڕەش‌و تـــــار
ئـــەو کـــوڕە یـــاخـــوا دڵ پـــڕ لـــە زار بـــێ
ڕۆژو شـــەو وێـــڵـــی کـــوچـــەو بـــازاڕ بـــێ

کـــوڕێ وەك بـــولـــبـــول شـــەیـــدای گـــوڵ نـــەبـــێ
شـــیـــعـــر نـــەخـــوێـــنـــێو لـــەســـەر چـــڵ نـــەبـــێ
بـــە شـــیـــعـــری جـــوانـــی گـــوڵـــی دڵ نـــەبـــێ
بـــۆ بـــەرزی وەتـــەن زۆر بـــە کـــوڵ نـــەبـــێ
ئـــەو کـــوڕە یـــاخـــوا شـــەق‌و پـــەق کـــرێ
دەخـــوێـــن بـــگـــەوزێو بـــەخـــوێـــن ڕەق کـــرێ

کـــوڕێ نـــیـــشـــتـــیـــمـــان بـــدا بـــە دوژمـــن
لـــەســـەر نـــامـــووســـی جـــەرگـــی نـــەبـــێ کـــون
نـــەگـــرێ لـــە دوژمـــن کـــەلـــێـــن‌و قـــوژبـــن
نـــاحـــەزی وەتـــەن نـــەکـــا ســـەرەوبـــن
ئـــەو کـــوڕە یـــاخـــوا دڵ بـــەنـــاســـۆر بـــێ
خـــەمو پـــەژارەی هـــەمـــیـــشـــە زۆر بـــێ

کــورێ فــەرمــانــی گــەل ئــیــجــرا نــەکــا
نــەیــاری وەتــەن مــاڵ خــەرا نــەکــا
دوژمــنــی گــەلی بــەربــەلاّ نــەکــا
وەکــوو (فــاتــیــحــی) گــیــان فــیــدا نــەکــا
ئــەو کــوڕە یــاخــوا لــەرزووتــا گــرێ
بــەســەرشــۆڕی گــەل لــە دنــیــا مــرێ

**چەکۆ ١٩٦٢/١٠/١٥**

# سەروی خەرامان هاتەوە

ئەی ڕەفیقان موژدە بێ، سەروی خەرامان هاتەوە
بولبولی باغو چەمەن خونچەی بەهاران هاتەوە
یاری نازدارو نەجیبو ڕووبەخاڵم خۆی نواند
قومری نێو گوڵزارو گوڵشەن یاری جاران هاتەوە
ئافتابی عالەم ئارا، ئاسکی چینو خوتەن
یوسفی میسرە بە شەوکەت، ڕوو بە کەنعان هاتەوە
سوخمە ئاڵی، دیدەکاڵ، سیمینعوزارو دڵبەرم
با هەزاران نازو عیشوە، گوارە لەرزان هاتەوە
چاو کەژاڵ، لامل بە خاڵ، ساحەب جەماڵو خونچەدەم
مووکەمەر، شیرین نەزەر، شەمعی شەبستان هاتەوە
بۆ شەوی هیجرانو دووری، کۆچی کرد کاروانی خەم
زوڵمەتو تاریکی لاچوو، ماهی تابان هاتەوە
شای شەکەرلێوان بە خەندە هاتە باخ بۆ گوڵچنین
ئەی برایان بوو بە خۆشی، گوڵ لە باخان هاتەوە
قافڵەی عەترو عەبیرو سونبوولو ڕەیحانو گوڵ
شۆخەکەی ماچینو چین، کاکۆڵ پەرێشان هاتەوە
چاوەڕێ بوو (فاتیحی) هەردەم وەکو عەبدو غولام
سەد شوکر دیسان ئومێدی قەلبی بریان هاتەوە

**١٩٦٦/٩/٢٨ چەکۆ**

# بولبولی تەبعم نەخۆشە

مـن وەکـو کـەو نـاتـەوانم، وەك شـەهـێـن‌و بـازە ئـەو
مـن حـەزیـن‌و بـێ زمـانم، گـوڵـدەم‌و تـەنـنـازە ئـەو
مـن لـە شـاری بـێـکـەسـیـدا گـێـژ دەخـۆم سـەودا سـەرم
هـەر خـەریـکـی بـەزم‌و بـادەو عـودو نـایـەو سـازە ئـەو
بـولـبـولی تـەبـعـم نـەخـۆشـە تـێـکـچـووە بـازاڕی مـن
بـەسـتـەوو شـیـعـرو وتـاری، نـەغـمـەوو ئـاوازە ئـەو
مـن ئـەسـیرو حـەپـسی داوو، دڵ لـەتـی تـیـغی بـرۆم
پـەرچـەم‌و زووڵـف‌و مـژۆڵـی ئـەفـسـەرو سـەربـازە ئـەو
دەستەو ئەژنۆ، (سەرفگەندە) دوور لە خۆشی و لەززەتم
قـەد وەکـو سـەروی ڕەوان‌و، دەم گـوڵـی شـیرازە ئـەو
پـێـکـەنـین لـێـم زیـز بـووە، گـریـانـە هـاوڕازی شـەوم
ڕوو لـە مـن نـاکـا، زویـرە، بـازی تـیـژ پـەروازە ئـەو
بـێ مـەتـاع‌و زێـڕو زیـوم، بـێ ڕەواجـە شـیـعـرەکـەم
گـەوهـەرو یـاقـووت فـرۆشـە، تـاجـیرە، بـەززازە ئـەو
کـوا تـەبـیـبی حـاڵـزانم؟، بـێ دەوای دەردم بـکـا
دڵـڕفـێـن‌و خـەمـڕەوێـن‌و مـەحـرەمـی هـەر ڕازە ئـەو
دڵبەری شۆخ‌و نەجیبم (فـاتـیحی) زوو چوو لـە دەست
چـاوڕەش‌و، عـاشـق کـوژو، شـەڕڕاڕە بێ ئـەنـدازە ئـەو

داوداوە ١٩٦٨/٦/٢٥

# خانەوێران بووم لەسەر تۆ

ئەی ڕەقیب! با تەپڵی شادی لێبدەم من دەم بە دەم
ئاسمانی بەختم ئەمڕۆ سافە بێ بارانو تەم
ئەی گوڵی گوڵزاری نازو عیشوە، ئەی ئارامی دڵ
ئەی شوعاعی ڕوومەتو سێوی مەمت دەرمانی خەم
خانەوێران بووم لەسەر تۆ، دینو دنیام دا لە دەس
تەن زەعیفو ناتەوانم، سەرنگوونو خوارو خەم
ئاو لە چاومدا نەما، خوێناوی ئەشکم بوو بە چۆم
لاشە بێ ڕووح کەوتووە، ئەی دڵبەری شیرین قەدەم
گەر بەسەد مەنزڵ لە تۆ دووربم، دڵم پەروانەتە
ڕاستە پەروانە کە سووتاوە پەڕو باڵی بە شەم
شەمعی کافووریت وەدەرخە، سینەیی مینا مەسەل
سا وەرە ئەی لالەڕوو ئەی ئاهوویی (بیت الحرم)
بەسیەتی ئەی شۆخو شەنگی ڕۆمو ئێرانو یەمەن
بۆچی مەغرووری بە جوانیو دەوڵەتو ماڵو حەشەم؟
تۆ وەکوو گوڵ نازکو زیباوو خۆش خاڵو خەتی
بولبولی شەیدا منم، ناڵینە کارم دەم بەدەم
زینەتو حوسنو جەماڵت، عەقڵو هۆشی لێ بڕیم
عاشقی نازو نیگاتە، (فاتیحی) خۆشخوانی چەم

**دۆڵەتوو** ١٩٦١/٧/١

# یاڕەب چییە ئەم دڵبەرە؟

ئـەو خـەیمـەوو ڕەشماڵـە کـە لـەو دەشـتـە بـە پـایـە
جێـی عـوشـرەتـی دەروێـش‌و فـەقـێ‌و شـێـخ‌و مـەلایـە
فـیـردەوسـی شـەبـیـهـێـکـە قـەراخ‌و دەرو دەشـتـی
پـڕ حـۆری‌و غـیـلـمـان‌و پـەریـزادە لـیـقـایـە
بـاخ‌و چـەمـەن‌و گـوڵشـەن‌و بـوسـتـانـە کـەنـاری
کـانـیـاوی دەڵـێـی چـەشمـەیـی زوڵـمـاتـی بـەقـایـە
کـێـوو خـڕو لادۆڵـی هـەمـوو لالـەوو سـونـبـول
ئـەتـرافـی بـەریـنـە وەکـو مـەیـدانـی قـیـایـە
نـاڵـیـنـی کـەوو بـولـبـول‌و قـومـری بـە هـەمـوودەم
وەك زیـکـری مـریـدانـی تـەوەکـکـول بـە خـودایـە
جـۆبـاری شـەڕاب‌و عـەسـەل‌و شـیـری لـەگـەڵ ئـاو
دەرمـانـی هـەمـوو دەردو نـەخـۆشـین و بـەڵایـە
یـاڕەب چـیـیـە ئـەم دڵـبـەرە کـەوتـوومـەتـە داوی
نـووتـفـەی بـەشـەرە، یـاوەکـوو حـۆری لـەسـەمـایـە
سـەروە قـەدی، یـا عـەرعـەرە، یـا نـەی شـەکـەریـنـە
شـەمـعـە دەم‌و ڕووخـساری، وەیـا نـوورو زیـایـە
قـەوس‌و قـوزەحـە، سـاعـیـقـەیـە یـانـەکـوو بـەرقـە
گـەردنـلـغـی شـانـازە، بـەبـێ لایـقـی شـایـە
مـاچـێـکـی لـە بـۆ عـاشـقـی بـێ چـارەوو خـەمـگـین
هـەرزانـە، سـەری عـاشـقـی بـەدبـەخـتـی بـەهـایـە
زووڵـفـەیـنـی سیـاهـت، لـەگـەڵ ئـەو تـیـغـی بـرۆیـەت
ڕوح جـەلـب دەکـەن بـۆیـە دڵـیـش وا بـەوەفـایـە
گـەر (فـاتـیـحـی) مـاچـێـکـی بـکـا لـەو دەم‌و لـێـوەت
تـێـرنـابـێ ئـەبـەد لـەو فـەڕەح‌و سـەیـرو سـەفـایـە!

**ئاڵواتان** ١٩٦٠/٦/٣٠

# تەلعەتی پڕ نووری٣

کێیە لەم دەورو زەمانە، جەرگو دڵ پڕخەم نەبێ؟
تای تەرازووی کەیفو شادی، پڕ لە پێچو خەم نەبێ!
تەڵعەتی پڕ نووری مانگو ڕۆژ کە وەختێ دێتەدەر
سەیرە، نەمدیوە کە جارێکی لە دەوری تەم نەبێ
یار سەری لێدام بە لوتف و مەرحەمەت، (دوێ) هاتەلام
بۆ دەوای زامی دەروونم هاتو سایەی کەم کەم نەبێ
گوڵ لە باخا عەیشو نۆشی لێدەکاو ئەمنی غەریب
غەیری دەردو داخو حەسرەت نیمە خۆشی، کەم نەبێ
مەی نەنۆشم، شەرتە تا ماوم دەبێ دێوانەبم
کەس نەبوو وەك من لەنێو ئاگر غەرق بێ، شەم نەبێ
کیژی ڕووسووری لەباری کوردەواری شۆخو شەنگ
هەر ئەوە قەولو قەراری، دەرهەمو بەرهەم نەبێ
شەربەتی دەستی دلآرام، (فاتیحی) دەرمانە بۆت
ئاوی سەرچەشمەی حەیاتە، گەر وەکو زەمزەم نەبێ!

**گردئاشەوان** ١٩٩٥/٦/١٥

# تیری ئەبرۆی

تـیری ئـەبـرۆی دا لـە جـەرگم کاریـیـە پـەیکانـەکەی
جەلبی کـردم چاوی مـەسـتـی بۆ دەری مـەیخانـەکەی
مەستی کردم ماچی کوڵـمـەی کـەوتمـە ڕەقسو سـەما
قـوم قـمـۆکـی بـادەیـە زۆر شـیرنـە فـنـجـانـەکـەی
بوومە عەبدی ئاڵقە لەگوێی، ئەو لەکوێ بێ من لـەوێم
جارووبـار وەك گـیـانـی شیرن، پڕ دەکا پـەیمانـەکەی
گیای وجوودم بەو بـەهارە ژیایـەوە، وەك گوڵ بـە ئاو
ژەنـگـی سـەردڵ ڕادەمـاڵـێ پـڵـپـڵـەو لـەرزانـەکـەی
گـرمو هـۆڕی هـەوری نـیـسانو شـریخـەی بازنـەکەی
خۆشە لە گوێم، چەشنی دەنگی کـرمـەكو پـاوانـەکەی
پـیری کـردم دەردی دووری، دڵ لـەتـاوان پـڕ جـەخـار
زاڵـمـە، کـەی دێ بـپـرسـێ شـیـوەنو گـریـانـەکـەی؟
مـەزرەعـەی دڵ وشـكو بـێ ئـاوە لـە جـەوری ڕۆژگـار
قـەت نـەبـوو جـارێ بـپـرسـێ حـاڵـەتـی دێـوانـەکـەی
پـــەرتمو دێـــوانـــەوارم، زۆر مـــەلـــوولو عـــاجـــزم
بۆتە زنجیرێك لـە مـلـدا، پـرچـی سـەر دوو شـانـەکەی
(فاتـیـحـی) دەورو زەمـان وەك خـۆیـەتـی، بێـهـوودە تـۆ
سەر بەخۆ سووتاوی ئەو شەمعـەو، ئـەتـۆ پـەروانـەکـەی

**گردئاشەوان** ١٩٩٨/٣/٢٩

# وەسیەت

ڕۆڵـە ڕووناکـی دڵـم بخوێنـە، خـوێـنـدن گـەوهـەرە
پـیـاوی زانـا سـەربـەسـەر زێـڕە، وجـوودی زیـوەرە
خوێندن ئەمڕۆکە لە بۆ گشت پـیاوو ژن، پـیرو منـاڵ
فەڕزە بۆ هەرکەس، چ فەڕزێ؟ فەڕزی ئەعلاو ئەکبـەرە
ڕۆڵە (خالید) ڕامەوەستـە، گیان بـەختکە بـۆ وەتـەن
نیشتیمانت دایکە، دایکیش، تـاجی سـەرشانو سـەرە
ڕۆڵە (خالـید) دوژمـنت شەیـتانە هەر دێتو دەچێ
بیکوژە، کوێـری بکە،ڕووی ڕەش بکە، ئەو بەدفەڕە
ڕۆڵە خوێندن ڕێی نەجاتو بـەختو ئـیقبالی گەلە
هیچ نییە جەهلو نـەزانی، عـیلمە زێڕی ئـەحمەرە
ڕۆڵـە زانـینو هـونـەر ئـەمڕۆ بـە کـەڵکە چاوەکـەم
چوون لە دنیادا سەراسەر، خوێـندن ئـەمڕۆ یـەکسەرە
ڕۆڵە وەسیەت بێ لە تـۆ پێشمەرگەبە بـۆ هۆزەکەت
بۆ وەتەن دڵسۆزبـە دڵسۆز، بـۆ نـەیار هەڵمەت بەرە
لازمە بـۆ ئـێمە خـزمـەتکەیـن بـە گەل، قـەومو وڵات
پـیـاوی بـێ بـەهـرەو نـەزان، دارێکی وشکو بێبـەرە
خۆشەویستیـی نـیشتمانت، دەرنـەکەی ڕۆڵە لـە دڵ
نیشتیمانت وەك بەهەشتە، خۆڵی میسكو عـەنبـەرە
ڕۆژو شەو دەستەو دووعایە (فاتیحی) بـۆ نـیشتیمان
نیشتـیمان باخی بـەهـەشتـە، ئاوی، ئاوی کەوسـەرە
**چەکۆ** ١٩٦٥/٢/٤

# چاوەڕێم گەر یار کەرەم کا

چاوەڕێم گەر یار کەرەم کا، ماچی لێوانم بەسە
پێکەنینی زاری خونچەی کیژی کوردانم بەسە
عاشقی دوو چاوی کاڵم، بێ قەرارم ڕۆژو شەو
بۆ تەنافی گەردنم داو، داوی زووڵفانم بەسە
دڵ وەکو منداڵی ساوا، شەکرو نوقڵی لێم دەوێ
شەهدی لێوی دڵبەری سەروی خەرامانم بەسە
حۆریی‌و قەسرو قسووری جەننەتم ناوێ ئەمن
گوڵڕووخی شیرین قەدی ڕووماهی تابانم بەسە
کوێرو نابیناو خەمینم، من لە دووریی دڵبەرم
هەر وەکوو یەعقوب جەماڵی ماهی کەنعانم بەسە
ئەی فەلەك تاکەی بناڵم سەبرو ئارامم نەما
یاری بالاّ عەرعەری خۆش عەهدو پەیمانم بەسە
من کەوا پیرو زەعیفو بێ دڵو سەوداسەرم
شیوەن‌و گریان‌و ناڵەو قەلبی بریانم بەسە
گەر گوڵم ڕووکاتەماڵم، دەربخا نووری جەماڵ
نانی گاڵو هەرزن‌و خەڕنووك و گەڵوانم بەسە
دەست‌و دامانی گوڵم بووم پێم گووت: ئەی ڕووحی ڕەوان
بۆنی عەترو میسك‌و عەنبەر، زووڵفی ڕەیحانم بەسە
(فاتیحی) چیدی مەخۆ خەم، تۆ بڵێ بەو دڵبەرە
پەرچەم‌و ئەگریجەوو، دوو ماری سەرشانم بەسە

**چەکۆ** ١٩٦٥/٢/١٣

# دڵم سووتاوی دووریتە

دڵێکی مەیلی یارانی لەلا بێ
بڵێ با خەم بە باداو لێی جیا بێ
وەکوو دەروێش دەناڵێ مامەسۆفی
کە عیشقێکی مەجازی بۆ پەیابێ
دڵم سووتاوی دووریی تۆیە وەڵلا
بە نەفرەت بێ دڵێکی خودنووما بێ
ئەگەر ماڵو سەرم دانێم لە ڕێی یار
بە دینم قیمەتی ماچێکی نابێ
عەجەب ماوم لە کینەو دڵڕەقی تۆ
خودایە یار دەبێ تاسەر وەها بێ؟
کە من کوردم گوڵێکی وام مەبەستە
شەوو ڕۆژ بولبولی دەشتو چیابێ
لەبۆ عیشقی وەتەن ئەم کوردە مەردە
کە ئازاو کۆڵنەدەر بێو بێ ڕیابێ
هەتاکەی چاوەکەم بگریم لە دووریت؟
دەبا جارێکی چاو پێت ئاشنا بێ
ئەمن پیرو، گوڵیش تازە دەگاتێ
بەوەش ڕازیم ئەگەر ڕۆژی قیا بێ
خەمی یار (فاتیحی) هەڵمەگرە بەسیە
بزر نابێ کەسێک ڕێ شارەزابێ

**دێلۆ** ١٩٧٠/١/١٤

# بەهاری وەزنێ

بەهارە چاوەکەم با بیچنە گەشتێ
بچینە دەشتی (وەزنە)ی وەك بەهەشتێ
بچین بۆ (کانی خواجا) و (لووسێ سواران)
بە لای (گردی دەڵێزە) و جێ هەواران
لە (بێنێو) پیاوی بێنێو سەرفرازە
چنووری (جۆیە بیان) چەندە بەنازە
ئەوا بولبول دەناڵێنێ وەکو نەی
لەسەر (کانیە شڵەیموون) مەستە بێ مەی
لە جێ حوجرەی فەقێکان دێ نەوایەك
سەدایێکی فەڕەح بەخشەو دەوایەك
هەوای (باخۆڵ) دەبزوێنێ نەشەی دڵ
لە (سێ زوودان) زەوی پاك، لالەیە گوڵ
وەنەوشەی ملکەچی سەر (کانی میران)
دەوای دەردە لە بۆ ناساغو پیران
هەلاڵەی (کرتکەهوو) عیللەت پەڕێنە
گولاڵەی (مێرگی شانان) خەمڕەوێنە
بناری (قڕگە) تا سەرلووتکی (گوێزە)
لەبۆ هەر کوێ دەچی بەیبوون بە ریزە
سەراسەر گوڵشەنە ئەو دەشتە قوربان
وەکوو باغی بەهەشتەو فەرشی کاشان
هەمووی هەڵزو کەماو مەندۆکە دەشتی
لە (کانیە نۆبەتێیان) دا بەهەشتی
دەڵێی گوڵ مەخمەرە سەرتا بەخواری

لــە ئــاوی کــەوســەرە گشــت چــەشمــەسـاری
کــە ئــەو قــەدپــاڵو شــیــوو دۆڵو دەشـــتــە
پــڕی حــۆریو پــەریــن عــەیــنــی بــەهــەشـتــە
بـــەهـــەر لادا دەڕۆی هـــەرکـــیـــژو لاوە
وەکـــوو قـــازو قـــوریـــنـــگـــان تـــێـــکـــەڵاوە
کـــەوو بـــازو شـــەهـــێـــنو داڵو پـــەڕکـــوور
لـە (وەزنــێ) تـێـکـەڵـن نـەك جـۆرێ سـەد جـوور
لــەلایــەك شــوانو گــاوان، لای دی جــووتــێــر
لـەسـەر کـانـیـاوو جـۆگـەو دەشـتـی زەنـوێـر
کــوڕو کــچ بــۆ قــومــارێ زۆر لــەجــۆشــن
هــەمــوو نــازدارو شــۆخو شــیــکــپــۆشــن
وەکـوو قـەوسو قـوزەح ئـەو دەشـتـە خـۆشـە
هــەزار دڵ بــۆی لــە ســۆزدایــەو لــەجــۆشــە
بـــەهـــارە، (دۆڵـــەرە) ســـەرپـــاکـــی ســـوورە
بـە خـاشـخـاشو شـلـێـر، مـێـلاقـە سـوورە
گـەزیـزەو تـرشـەکـەو قـازیـاخـە دەشـتـی
مــەســیــحــایــە بــەهــار، بــارانو وەشــتــی
چـــرۆی دارێ بـــە بـــا کـــردی شـــکـــۆفـــە
لــە کـوێسـتـان جـوانـە ئـەو بـارانو تـۆفـە
لــەســەر ســێــوو هــەنــارو کــۆخو قــەیســی
لـە خـۆی جـوانـە کـە قـومـری جـوان دەڕەقسـی
فـەزای (وەزنـێ) مـوعـەتـتـەڕ بـوو سـەراسـەر
چـەمـەنـزار بـۆتـە جـەنـنـەت ئـەمـبـەر ئـەو بـەر
هـەوارچـیـی مـەزنـی (وەزنـێ)یـە (عـەلی خـان)ە
هـەڵـیـداوە لـەنـێـو گـیـابـەنـدو ڕێحـان

تـــەمـــاشـــای جـــێ هـــەوارو تـــاوڵو هـــۆبـــەی
ئـــەگـــەر شـــێـــخ بچـــتـــەوێ دەشـــکـــێـــنـــێ تـــۆبـــەی
دەڵـــێـــی خـــولـــدی بـــەریـــن (وەزنـــێ)یـــە ئـــەمـــڕۆ
شـــەتـــاوو ئـــاوو کـــانـــیـــەو جـــۆگـــەیـــە جـــۆ
جـــریـــوەی مـــەل لـــەلاپـــالآن چ خـــۆشـــە
کـــەوی ســـەرشـــاخـــی (بـــێـــران) چـــەن لـــە جـــۆشـــە
لـــە (ســـێ بـــنـــان) بـــانـــەمـــەڕ هـــاتـــوونـــە واری
لـــە گـــۆشـــتـــا ســـوور دەبـــن بـــەرخـــی بـــەهـــاری
لـــەســـەر شـــاخـــان چـــریـــکـــەی دێ کـــەوی مـــەســـت
لـــە دوونـــدی چـــیـــا دەخـــوێـــنـــێ بـــازی تـــەڕدەســـت
تـــەبـــیـــعـــەت جـــوانـــی کـــرد ئـــەو دەشـــتـــە شـــیـــنـــە
کـــە هـــەر لایـــەك دەڕۆی هـــەر گـــوڵچـــنـــیـــنـــە
مـــەگـــەر (ئـــاغـــا)٦ بـــکـــا لـــوتـــفـــو بـــڵـــێ پـــێـــم
دەنـــا زۆر زەحـــمـــەتـــە لـــەو خـــاکـــە بـــدوێـــم
ئـــەگـــەرچـــی پـــیـــرە دڵ لـــەو دەشـــتـــی زەنـــوێـــر
هـــەتـــا مـــردن لـــەوێ بـــێ کـــوا دەبـــێ تـــێـــر!
وەکـــوو مـــارە، بـــە پـــێـــچو لـــوولـــە چـــۆمـــی
هـــەمـــیـــشـــە پـــڕ مـــراوی‌و قـــازە گـــۆمـــی
شـــەمـــاڵ ئـــەمـــڕۆ گـــوڕەی خـــۆشـــە لـــە شـــاخـــان
گـــوڵو خـــونچـــە ســـەمـــایـــانـــە لـــە بـــاخـــان
دەخـــوێـــنـــێ کـــونـــدەبـــووی مـــەرگـــم لـــەســـەر بـــاخ
لـــە بـــۆ عـــومـــری نـــەمـــاوی (فـــاتـــیـــحـــی) ئـــاخ!!

۱۹۹۸/۳/۲٤ گردئاشەوان

# بەختەکەم سوار بۆتەوە

چاوەکەی مەستت بەبێ مەی مەستە، وشیار بۆتەوە
تیری عیشقت دا لە جەرگم، دڵ بریندار بۆتەوە
قامەتی بەرزی گوڵەندامم وەکوو سەروی ڕەوان
داخەکەم پیری چەماندی، بۆیە وا خوار بۆتەوە
بولبولی تەبعم غەزەلخوانە لە گۆشەی گوڵشەنێك
پایزەو کاتی خەزەڵوەر، سیسە گوڵ، لار بۆتەوە
بەختو ئیقباڵم لەمێژە زیزبووە، تۆراوە لێم
سەد شوکر دیسان نەمردم، بەختەکەم سوار بۆتەوە
نەوعەرووسە، لێكو لووسە، تەنزنووسە یارەکەم
بۆیە دڵ وا مەستە ئەمڕۆ، عیشقی سەرشار بۆتەوە
چەند بە تەمکینو نەجیبو شۆخو شەنگەو دڵڕفێن
سەیریکە بەو پیرییەی، چۆن لوتفی تیکرار بۆتەوە؟!
هێند لەمێژە دوور لە تۆمە، هەقتە تانەم لێبدەی
چاوەکەم! پێم وابوو بۆ من، مەیلەکەت سار بۆتەوە
دەردەکەم زۆر سەختە چارەی زەحمەتە بێ هاودەمم
دەستەوئەژنۆ، تاقو تەنیام یارم ئەغیار بۆتەوە
ئاقیبەت، ڕۆژێ دەبێ ئەو مردنە بێژێ سەلام
(فاتیحی) ئامادەبە، ڕێگاکە هەموار بۆتەوە

**گردئاشەوان** ١٩٩٧/٧/١

## ( چوارین)

١

## بەتاڵیو خۆشی ڕاهاتوم

بە پیریش مەیلی تۆ جێگیری دڵمە
دەزانی تێکەڵاوی ئاوو گڵمە؟
ئەوەی لەززەت ببەخشێ بەو دڵەی من
بە تەنیا ماچی گۆناو سێوی کوڵمە

★★

بەهارو هاوینم خۆش ڕۆیی ئەمساڵ
لە باخا دەم ڕنی لیمۆی تەڕو کاڵ
بەڵام پایز کە هات، بریا نەهاتبا
بەجارێ ڕۆژی خۆشی کرد لە من تاڵ

★★

بەخۆشیو تاڵی ڕاهاتووم دەمێکە
سەراسەر خۆشی دنیا هەر ژەمێکە
بە تۆیە ڕۆژ ڕەشیو خۆشیی ژیانم
ئەگەر سەد ساڵ لەلات بم، پێم دەمێکە

★★

لەمێژە چاوەڕێی لوتفێکی تۆمە

لەسەر ڕێگەت دەناڵم دادوڕۆمە

بەسە، با بەس بێ ئەی زاڵم، جەفا بەس

نەخۆشی زامی جەرگی پڕ لە سۆمە

★★

فەقیرم چاوەڕێی فیترەو زەکاتم

لە گێژاوی خەفەت نابێ نەجاتم

ئەوە هاتوومە دەرماڵت، ئەمرکە

بە کوشتن، یا بە گرتن، یاخەڵاتم

★★

لەسەر چی دەمکوژی بەو چاوە مەستە؟

بە دەستێك خەنجەرو، دەستێ مقەستە

وەرە بمکووژە بۆ قوربانی چاکم

ئەگەر خێرێکی نەبڕاوەت مەبەستە!

★★

وەرە، بیکە بە خاتری ئەو دوو چاوە

بەمن چیدی مەکە ئەم گورگەڕاوە

لەتۆ زیاتر نییە جێگەی ئومێدم

غەریبم بێ کەسم چارەم بڕاوە

★★

قــەرارم لــێــبڕا ئــەی کــوا وەفــاکــەت

نـەهـاتـی تـێـر بـکـەم سـەیـرو سـەفاکـەت

ئــەگــەر جــارێ بــپــرســی لــەو هــەژارەت

بــەدڵ دەکــڕم جــنــێــودانو جــەفــاکــەت

★★

هـەنـاسـەم دەتـگـرێ، ئـەو زوڵـمـە تـاکـەی؟

لـەگـەڵ سـەوداسـەران بـۆ چـاکـە نـاکـەی؟

ئەگەر قوربـانـی تـۆی کـرد (فـاتـیـحی) گـیـان

بــە مــاچــێــکــی دەبــێ دەردی دەواکــەی

**شیوەمێرە** ١٩٨٢/٢/٢

(٢)

# چەند چوارینەیەك

ئـەو مـاڵو پـارەت بـۆ چـیـە ڕۆڵـە
ڕووتو ڕەجـاڵـی بـەرگـت شـڕۆڵـە
گـەر مـەردی خـودای، تـەمـاح فـڕێـدە
بـەسـیـە واز بـێـنـە لـە پـرتـەو بـۆڵـە

★★

دۆسـتـی بـەڕاسـتـی ئـەگـەر دەس کـەوێ
بـەلای وەهـەزار خـزمـی کـەر کـەوێ
ئـەو نـەوعـە دۆسـتـە ئـێـسـتـە زۆر کـەمـن
خۆی بـە قـوربـان کـە، ئـەگـەر هـەڵکـەوێ

★★

ڕەشو بـۆرو سـوور، یـەك تـامـیـان هـەیـە
گـەر پـێـت وا نـیـیـە فـەرمـوو کـامـەیـە؟
تـامـی خـوانـاسـی بـەڕاسـتـی خـۆشـە
پـیـاوی هـەڵـەشـە ئـاغـای دامـەیـە

★★

سـاڵ دوانـزە مـانـگـە هـەر دەس بـەتـاڵـم
بـێ کـاسـبو کـارو رووت و ڕەجـاڵـم
دەرگـەی تـاعـەتم پـێـوەدا لـە خـۆم
زۆر شـەرمـەزارو پـەرێشـان حـاڵـم

★★

بـۆ پـیـاوی خـودا دنـیـا زیـنـدانـە
هـەرچـی دەیـبـیـنـی داوی ئـیـنـسـانـە
خـۆشـی لـەو کـەسـەی دووره پـەرێـزە
دەوڵـەمـەنـدی پـیـس دۆسـتـی شـەیـتـانـە

★★

لـە دەسـت خـۆت نـەدەی نـیـشـتـمـانـەکـەت
نـەیـدەی بـە دوژمـن کـوردسـتـانـەکـەت
گـیـانـت بـەخـتـکـە بـۆ بـەرزیـی وەتـەن
گـەر بـێ وەتـەن بـی، کـوا ئـیـمـانـەکـەت؟

★★

قـەولم داوە پـێـت قـەت درۆ نـاکـەم
هـەزارو فـەقـیر دەس خـەڕۆ نـاکـەم
نـان بـەڕەنجـی شـان خـۆشـە دەس کـەوێ
پـارەپـەرسـت نـیـم، مـاڵ وەکـۆڵ نـاکـەم

★★

ئـەو شـاخو داخـە بـۆچـی دەکـێـڵـی؟
تێیدا سـەرف ئـەکـەی عـومـری جـحـێـڵـی!
هـەزاران قـەسـرو ڕەزو بـاخـت بـێ
وەك پـێـشـیـنـانـت هـەر بـەجـێـی دێـڵـی

★★

تـا هـێـزت هـەبـوو بـۆ تـاعـەتو خـێـر
کەس وەك تۆ نـەبـوو تـەمـبـەڵو خۆبـوێـر
لـە حـاڵـی پـیریـش خـۆت مـانـدوو نـاکـەی
خــواردنو نــوســتن، بــاشــە بــۆ پــانــێــر

★★

ئـەگـەر دەتـەوێـت خـۆشـیـت بـێـتـەڕێ
ڕووت هـەر لـە خـوابـێ بـۆ مـەقـامو جـێ
ڕوو لــە هــەرلاکـەی ڕەنــج بـەخـەساری
لە قەبری تـەنـگا تـۆ چـیـت لـە دەس دێ؟

★★

پـیـاوی فـێـڵـەبـاز قـەت سـەر نـاکـەوێ
هـەرگـیـز بـە دڵـی خـۆش شـەوێ نـاخـەوێ
ڕاسـت بـڕۆ خـودا خـۆشـی دەوێ ڕاسـت
ئـەگـەر سـەربـەرزی ئـەو دنـیـات دەوێ

★★

ڕێـی نــەجـات بـوونـت یـادی خـودایـە
ئــەگــەر هــۆشــت بــێ دەزانــی وایــە
ڕێـگـەی چـەوتو لار نـەگـبـەتـیـی پـێـوە
هـەرخـزمـەتـی گـەڵ نـاچـێ بـە زایـە

★★

لـە ڕێـی پـیـاوەتـی سـەرت بـەخـت کـە
تـەخـتـی دوژمـنـی گـەلـت تـەخـت کـە
نـامـرن ئـەوانـەی بـۆ مـیـلـلـەت دەمـرن
تـۆش وەرە خـەبـات تـونـدو سـەخـت کـە

★★

بـە چـەوتـیو لاری عـومـرم بـردەسـەر
هـیـچ بـەهـرەم نـەبـوو بـۆ بـەنـی بـەشـەر
هەر بە خواردنەوەو خواردن خەریك بووم
دەك خـاكـم بـەسـەر بـۆ ڕۆژی مـەحشـەر

١٩٨٧/٨/١٥ کەنجارێ

# ( پێنجین )

## (١)

## کزو بێهێزە چاو، نابینێ بەرپێم

کـزو بـێـهـێـزە چـاو، نـابـیـنـێ بـەرپـێـم
بـەجـێـمـاوم لـە دۆسـتو یـارو هـاوڕێـم
بـەرەو شـاری خـەمـۆشـان هـەر دەبـێ بـێـم
تەمەن چـۆسـەر بـەرەو گـۆڕخـانـەیـە ڕێـم
لـەنـێـو کـۆڕی هـەوالآنـدا نـەمـا جـێـم

★★

گـوڵـی ژیـن سـیـس بـووە، بـێ تـابو ژاکـاو
زەلـیـلو عـاجـزو مـەحـزونو دامـاو
هەزار حەیفو ئەسەف بۆ عومـری فـەوتـاو
وەکـو دێـوو درنـج خـۆم دێـتـە بـەرچـاو
ژنو مـنـداڵـی خـۆم نـەفـرەت دەکـەن لـێـم

★★

نـەئـیـقـبـاڵـم لـە کـاردایـەو نـە بـەخـتـم
شـڕۆڵو بـێ عـەمـەل، پـچـڕاوە ڕەخـتـم
خـودا هـەرتـۆی پـەنـا بـۆ ڕۆژی سـەخـتـم
بـەفـیـڕۆم داوە عـومـری جـوانو نـەخـتـم
(مـعـاذ الله) چـلـۆن لـەو کـارە بـدوێـم؟

★★

شـەوو ڕۆژ دادەنـیـشـم تـاقو تـەنـیـام
ڕەفـیـقـم هـەر غـەمـە، بـێ جێوو مـەئـوام
ئـەسیری مـێـشـە کوێـرەی فـەسڵی گـەرمـام
بـەدڵ ئـاواتـەخـوازی دۆسـتـی زانـام
لـەبـەر بـێ هـاودەمـی لـەو دێـیـە هـەڵدێـم

★★

وەفـا بـارگـەو بـنـەی پـێـچـاوە، دەرچـوو
وەکو عـومـری جـەوانـی زوو لـەدەس چـوو
لـە دەسـتـمـدا گـوڕو تـیـنـێـکـی هـەمـبـوو
ڕەفـیـقـان! ون بـوو لـێـم دەورانـی پـێـشـوو
لە خۆم نـاگـەم دەڵـێـم خـوایـە ئـەمـن کـێـم

★★

بەرێ لاو و جحێڵ بووم، چوستو مـەزبـووت
ئـەوێـسـتـا پـەڕشـکـسـتـەو پـیرو فـەرتـووت
بـراو خـزمـم هـەمـوو لـێـم زیـزو لالـووت
کـتـێـبـێـکـم، دڕاوو کـۆنو پـەڕپـووت
(بحـمـدالله) مـەلای مـزگـەوتـی لادێـم

★★

بـەجـێـمـاوم لـە یـارانـی وەفـادار
پـەڕو بـاڵـم وەری غـەمـنـاك و بـیـمـار
ژیـان سـەخـتـم نـەهـاتـیـم بـۆتـە سـەربـار
هـەزار وەعـدەو بـەڵـێـنـی دابـوو پـێـم، یـار
مـەگـەر بمـرم دەنـا بـۆ دیـدەنـیـت دێـم

★★

بــە قـــەولی (زوودی) وەك دەعـــبـــای دزێـــوم
بـــڕۆم بــۆ کــویێ، قــوڕی کــام لا بــپــێـــووم؟
لــەبــەر پــیریــان مــەکــۆی گــاڵــتــەو جــنــێــوم
ئـــەگـــەر ڕاســـتـــت دەوێ زۆر ســـەر بـــزێـــوم
لە قەندیل بووم دەمێك و، ئێستە لە کوێم؟

★★

دەپـــرســـی (فـــاتـــیـــحـــی) چـــۆنـــە هـــەواڵـــت
چـــلـــۆن دەڕوا ژیـــانـــی مـــانـــگو ســـاڵـــت؟
نـــەڕوخـــێ یـــاڕەبـــی بـــەخـــتو کـــەمـــاڵـــت
بــە چــاوی تــۆ، بــە گــیــانــی تــۆ، بــە شــاڵــت
لـــە داخـــی بـــۆرە پـــیـــاوان داخـــنـــم گـــوێـــم

٢٠٠٠/٧/٢٥گردئاشەوان

## (٢)

## وەك فەرهاد، هاوار

گـوڵو گـوڵ خـونچـەی نـەوبـەهـارم ڕۆ
بـــاخـــی گـــوڵاڵو گـــوڵـــعـــوزارم ڕۆ
ئـەگـریجـەی خـاوی شـیریـن کـارم ڕۆ
نـارنـــجو بـــەهـــێو گـــوڵ هـــەنـــارم ڕۆ
ئــــارامــــی دڵــــی بــــێ قــــەرام ڕۆ

★★

چـاوکـەژاڵـەکـەی سـەقـرو بـازم چـوو
خـاوەنـی لـەنجـەو غـەمـزەو نـازم چـوو
مـەحـرەمـی ئـەسـڕار، دڵ نـەوازم چـوو
یـاری نـەرمو نـۆڵ، کـانـی ڕازم چـوو
وەك بـولـبـول گـوڵـی شـاخو ڕازم چـوو

★★

شەنگە بێریـیـەکەی لای کوێستـانم کوا؟
قـامـەت عـەرعـەری گـوڵسـتـانم کـوا؟
ساقـیـەکەی بەزمـی نێو مـەسـتـانم کوا؟
گـوڵـە سـوورە کـەی کـوردسـتـانم کـوا؟
زوڵـف شـۆڕەکـەی دڵسـتـانم کـوا؟

گـەردن بـلـووری ڕوو بـە خـاڵـم چـی؟
یـوسـفـی مـیـسر، خـۆش جـەماڵـم چـی؟
چـرای بـێ گـڕی شـەو لـە مـاڵـم چـی؟
مـەرهـەمـی دڵـی خـەسـتـە حـاڵـم چـی؟
نـەشمـیـلانـەکـەی نـەو نـەهـاڵـم چـی؟

★★

کـیـژە کـوردەکـەی نـێـو بـڵـبـاسـم بـوو
مـل پـڕ لـە مـوورووو لـە ئـەڵـمـاسـم بـوو
شـەمـامـەو لـیـمۆی ژێـرکـراسـم بـوو
شـۆخـی بـێ مـەیـلـی کـەس نـەنـاسـم بـوو
خـەتو خـاڵ شـریـن، بـرۆ داسـم بـوو

★★

هـەلاڵـەو سـوێـسـنـەی (مـۆزەرێـن)م تـۆی
بـالاّ بـەرزەکـەی دڵـڕفـێـنـم تـۆی
بـێـری هـەوارو خـەمـڕەوێـنـم تـۆی
لـەیـلـەکـەی بـێ مـەیـل، دڵـتـەزێـنـم تـۆی
نـازك و نـازدار، چـاوشـەهـێـنـم تـۆی

★★

وەك فـەرهـاد هـاوار، هـەی شـیـریـنـم بـێ
سـەروی خـەرامـان، نـازەنـیـنـم بـێ
لـێـو لـەعلو مـەرجان، گـوڵـجـەنـیـنـم بـێ
ئـیـشـارەو قـاقـاو پـێـکـەنـیـنـم بـێ
(فـاتـیـحـی) وەك مـەم، خـاتـوو زیـنـم بـێ
١٩٧٣/١/٨ شۆڕان

# پێنجینی تەرحیع بەند

## کوردی نەبەز

ئـــەوەنـــدەی تـــر دەربـــەدەر بم
تـــووشـــی هـــەزاران خـــەتـــەر بم
پـــاڵـــەو ســـەپـــان، کـــارەگـــە ربم
بـــەنـــدیو دیـــلو دەســـبـــەســـەر بم
کـــوردێـــکـــی وامـــە نـــابـــەزم

★★

گـازیـنـۆم بـێ ئـەشـکـەوتو شـاخ
دڵـــم پـــڕ بـــێ لـــە دەردو داخ
زیـنـدان جـێـم بێ لـە جـیـاتـی بـاخ
هـەڵـکـێـشـم هـەزار ئـۆفو ئـاخ
فـــێـــرە هـــەرامـــە نـــابـــەزم

★★

لـە چـیـای کـوردسـتـان بـە بـرسـی
بـێ ڕایـەخو لـێـفـەو کـورسـی
دەورەم بـــدەن ســـەد مـــەتـــرسـی
دەردی ژیـــان، ســـووکو قـــورســـی
ســەنــگــەر جــێــگــامــە نــابــەزم

★★

**بــه فــه‌رمــانــی شــوومــی دوژمــن**
**ســه‌د جــاری تــر بــێــمــه گــرتــن**
**بمــــدزن، بمــــکــــه‌ن شــــوێــــنــــه‌ون**
**قــــه‌نــــاره‌و لــــێــــدان‌و کــــوشــــتن**
**رێــــی پــــێــــشــــه‌وامــــه نــــابــــه‌زم**

★★

**بــۆ خــزمــه‌ت بــه گــه‌ل‌و هــۆزم**
**بــــۆ مــــافــــی ڕه‌وای پــــیرۆزم**
**تــــێــــده‌کــــۆشــــم، زۆر دڵســــۆزم**
**گــــورگــــان ده‌رده‌کــــه‌م لــــه کــــۆزم**
**لــــه خــــه‌بــــات دامــــه نــــابــــه‌زم**

★★

**بــــه فــــیــــشــــاڵ‌و درۆی دوژمــــن**
**بــه فــانــتــۆم‌و تــانــگــی چــیــفــتن**
**بــه حــه‌پــس‌و لــێــدان‌و کــوشــتن**
**خــه‌بــاتــی گــه‌ل نــایــه لــه بــن**
**خــــاوه‌ن بــــڕوامــــه نــــابــــه‌زم**

**١٩٧٣/٥/٥- شۆڕان**

# پێنج خشتەکیی

## لەسەر هەڵبەستی (عوسان وەجاخی)٧

ئەو عیشوەو نیم نازە هەمووی پیشەیی زووتە
ئەو چاوو برۆیەت هەموو نەخشی جەبەرووتە
ئەو داوە چ داوێکە لەنێو حەڵقەیی مووتە؟
(ئەو خاڵە چ خاڵێکە لەسەر کەعبەیی ڕووتە؟
ئەو جامە چ جامێکە لەسەر زاری سەبووتە؟)

گیانبەخشە گوڵم خاڵو خەتو دووبەیی‌و سێوت
بۆنت کە دەکەم چونکە ئەتۆ خونچەیە نێوت
مەفرۆشە بە من چیدی قسەی تاڵو جنێوت
(ساڵێکە بە ڕۆژووم بە تەمای بۆسەیی لێوت
ئەو ماچە چ ماچێکە لە بۆ من وەکوو قووتە)

گرتوومەتە بەر کێوو کەژو دۆڵو بیابان
لەو چۆڵو چڕوشاخە، سەراسیمەوو حەیران
بێزارە لە من خەڵکی، لەبەر شیوەنو گریان
(ئاوارەیی تۆمە، دەگەڕێم پەرتو پەرێشان
ئەو ڕێیە چ ڕێگایە، تەلانو هەڵەمووتە)

ڕێگە بدە قوربان کە بکەم سەیری جەماڵت
بەینێکە منم سالکی بەر دەرکەوو ماڵت
فەرمووتە کە هاتم ببمە سێبەری خاڵت
(دیسان بە جەفا چوو سەنەما وەعدی ویساڵت
ئەو جەورو جەفایە عەجەبا عادەتو خووتە)

تێکەڵ بووە لەو باخە لە ئەنواعی شەقایق
نەمدیوە لە تۆ جوانترو مەحبوبترو لایق
سەردەستەیی شۆخانە گوڵم، لایقو فایق
(وەك ڕەوزەیی ڕێزوانە موقابیل بە حەدایق
ئەو باخە چ باخێکە، بەری سێوو هوڵووتە)

من بولبولی خۆشخوانی گوڵی باخی بەهارم
مەجنوونی دوو چاوی ڕەش و، دوو سێوو هەنارم
هەر ناڵەوو ڕۆڕۆمە، ئەوەند مەستو خوومارم
(هەر گۆنگەڵو غەوغایە لە لای گوڵشەنی یارم
دا بزانە چ قەوماوە گوڵی لێ تەقو جووتە؟)

ئەو وەختە دڵم شادە، کە گوڵ بێتە عەیادەت
بۆ عاشقی بێچارە بکا جارێ ئیشارەت
ئەو زوڵمە لەسەر (فاتیحی) نابێتە کەفارەت
(حاشا مەکە لێمان، ئەوە بردووتە بە غارەت
نەقدی دڵی (عوسمان) کە لەنێو بەندی قدووتە)
١٩٨٨/٣/٨ کەنجاڕێ

# پێنج خشتەکیی

## لەسەر هەڵبەستی (وریا) شێخ عبدالکریم هیرانی)

ئەو گوڵەی ئاواتی گەل بوو، پێم بڵێن بۆچی ونە؟
چاو لەتاوی خوێن دەڕێژێ، دڵ لە تاوی کونکونە
خۆی نەماوە، شیعرەکانی تیری جەرگی دوژمنە
(گەرهەبێ شاعیر لەناو کوردا بەڕاستی (هێمن)ە
خۆشەویستیی ئەو هەمیشە وا لەناو هەستی منە)

(تاریك و ڕوون)ی بەڕاستی خۆشە وەك ئاوی حەیات
کۆچی (هێمن)، ماتەمی خستۆتە سەرخاکی وڵات
کۆڕی ئەدیبان دەگیرا ئەو چرا بوو گەر دەهات
(شیعرەکانی وەك چرای ڕووناکە بۆ ڕێگەی خەبات
نووکی خامەی ئەو بە وێنەی چقڵی چاوی دوژمنە)

کۆ بۆوە ئەمڕۆ لەسەر دڵ، حەسرەتو داخو کەسەر
باخو گوڵزاری ئەدیبان، نا شەفافەو بێ سەمەر
داخەکەم بۆشاعیری پیری لەشیعرا بەهرەوەر
(مەردی مەیدانی خەباتو بولبولی باخی هونەر
شاعیرێکی پایە بەرزو بیرو باوەڕ ڕۆشنە)

شــەرحــی دووری خــۆشــەویســتــان! نــاکــرێــتو نــادرێ
ئــەو هــەمــوو دەردو پــەژارە کــوا؟ لــە دڵ لا نــابــرێ
شــەڕ لــەگــەڵ کاری خــودا بــێــهــوودەیــەو بــۆت نــاکـــرێ
(هێـمـن) ی شـاعـیـر لـەنـاو کـورد نـاوی هـەرگـیـز نـامـرێ
چـونـکـە خـاوەن بـەرهـەمـێـکـی پـڕ لـە سـوودو شـیـرنـە)

چیت لە دەست دێ (فاتیحی) لەو شینە هەرجێی تۆ کەمە
ژیـن بـەبـێ ئـەو لـەو زەمـانـە، زۆر گـرانو ئـەسـتـەمـە
مـودەتـێـکـە گـۆشـەگـیـرم خـواردنم دەردو خـەمـــــە
چـی بـکـا (وریـا) لـە بـۆ ئـەو شـاعـیـرە، هـێـشـتـا کـەمـە
داخـەکـەم هـیـچ نـاکـرێ، ڕێـگـای هـەمـوومـان مـردنـە)

کەنجاڕێ-١٩٨٧/٨/٢١

# پێنج خشتەکیی
# لەسەر وەرگێڕدراوێکی مامۆستا
# هەژار

پـارەم بـۆ چـاو نـانو قـەنـده
پـێـشـم نـادەن شـەنـدەو مـەنـده
شـەیـتـانـن، سـۆدرەو، سـەهـەنـده
(دوژمـنـەکـەم دەوڵـەمـەنـده
مـن هـەژارم کـارم گـەنـده)

کـێ تـفـەنـگو خـەنجـەری بـێ
وشـترو ئـەسـپو کـەری بـێ
بـێ عـەیـبـە گـەر سـەرسـەری بـێ
( هـەژار، هـەزار هـونـەری بـێ
کـەس نـاڵـێ کـەرت بـەچـەنـده)

فـەقـیر ئـەگـەر خـاوەن ڕیـش بـێ
بـە ڕۆژو بـە شـەو لـەئـیـش بـێ
بـێ پـارەیـە، بـا فـنـیـش بـێ
(خـاوەن دراو بـا خـوێـڕیـش بـێ
دەڵـێـن زانـاو مـەردو ڕەنـده)

هــــەر هــــەژارە بــــۆرو دژوێــــن
دەوڵـەمـەنـدیـش بـێ قسـەو دوێـن
لــەلای خــەڵــك بــەتــامو خــوێــن
(قـوڕەیـشو جـور هـوومـی بـوێـن
لــەبــەر دەسـتـی دەبـنـە بـەنـدە)

شیوەمێرە ١٩٨١/٥/٤

# پێنج خشتەکیی

## لەسەر غەزەلێکی (نالی)۸

وەرە ئەی شۆخو شەنگی شلکولاوم
گوڵی بۆنخۆشی سەرکانیو سەراوم
شلێرو شەشپەڕو گیابەندو خاوم
(عەزیزم، ڕوحی شیرینم دوو چاوم
دەوای زامی دڵو جەرگی بڕام)

بەمن هەڵناگرێ ئەو بارە قورسە
لە ناڵینو هەناسەی شەو بترسە
ئەمن کوردم، گوڵم سەرتۆپی فورسە
(ئەتۆ شا من گەدا دادم بپرسە
لە زوڵمی چاوی بیمارت کوژاوم)

مەڵێ پیرە لە عیشقا زۆر لەسەرخۆم
خەمی تۆ قووتە بۆ من، گیانە! دەیخۆم
شەهیدی تیری ئەبرۆی خەنجەری تۆم
(ئەگەر نەدەیتە دەس خۆم قاتیلی خۆم
لە ڕۆژی ئاخیرەت دا بێ پێناوم)

کــوژاوی تــۆم بــە نــازی چــاوی جــادووت
وەکــوو بــەردی تــەوافــە خــاڵــی هــیــنــدووت
ســیــحــربــازە، تــەنــافــە تــاری گــیــســووت
(دەســا لادە ســەری زوڵــفــت لــەســەر ڕووت
کــە ڕووتــی ڕووتم‌و مــایــل بــە تــاوم)

لــە مــل خــۆمــی دەخــەم زونــنــارو خــاچــێ
بــە زوڵــفــت گــەر نــەڵــێــی لــەو سووچــە لاچــێ
ئــەگــەر تــیــری مــوژەت لــەم ســنــگــە ڕاچــێ
(لــەبــاتــی خــوێــنــی خــۆم ڕازیــم بــەمــاچــێ
دەســا بــیــدە هــەتــا زیــنــدووم‌و مــاوم)

دەنــاڵــێ بــولــبــولــێــك لــەو ســەرکــەلانــە
کــە فــەســڵــی پــایــزەو کــاتــی خــەزانــە
چــیــیــە ئــەو نــاڵــەوو شــین‌و فــوغــانــە؟
(ئــەوا نــیــشــانــەیــی مــەرگــم عــەیــانــە
کــە مــن غــەرقــی خــەم‌و خــوێــن‌و زوخــاوم)

بــە دایــم کــارو پــیــشــەم بــۆتــە گــریــان
گــەهــێ مــەســت‌و خــومــارو گــاهــێ عــوریــان
شــکــا پشــتــم، چــەمــاوە بــۆتــە گــۆچــان
(مــەکــەن مــەنــعــم لــە شــیــوەن ئــەی ڕەفــیــقــان
کــە مــەحــزون‌و غــەمــیــن‌و دڵشــکــاوم)

بــەهــەقــقــی ئــەحمــەدو ئــەســحــابو ئــالی
لـــە دووت ویـــڵـــم، نـــەزانو لائـــوبـــالی
بـە گـیـانـی (فـاتـیـحـی) و ئـەبـرۆی هـیـلالی
(لـە ژیـنـی خـۆم ئـومـێـدم قـەتـعـە (نـالی)
کـە سـووتـاوە هـەمـوو جـەرگو هـەنـاوم)

١٩٩٦/١٢/٤ گردئاشەوان

# پێنج خشتەکیی
## لەسەر غەزەلێکی (نالی)

لــە دووریــت کــاروپــیــشــەم بــۆتــە ڕۆڕۆ
شــەوو ڕۆژ دادەنــیــشــم دەســتــەوئــەژنــۆ
کــەبــابــە دڵ، ســووتــاوە، پــڕ لــەبــۆ ســۆ
(نــەمــردم مــن ئــەگــەر ئــەم جارە بــێ تــۆ
نــەچــم شــەرتــە هــەتــا ئــەو خــوارە بــێ تــۆ)

قــەســەم بــەو تــیری ئــەبــرۆو چــاوی کــاڵــی
بــە زوڵــفو پــەرچــەمو دوو لــێــوی ئــاڵــی
بــە نــارنــجو شــەمــامو پــرتــەقــاڵــی
(دەروونم خــاڵــیــە، وەك نــەی دەنــاڵــی
هــەوارێــکــی چ پــڕ هــاوارە بــێ تــــــۆ)

عــەزیــزم، چــاوەکــەم، ئــەی یــاری نــەوڕەس
ئــەوەن ســوتــام، لــە تــاوت بــوومــە قــەقــنــەس
هــەتــاکــەی چــاوەکــەم گــریــان؟ بــڵــێ بــەس
(بــیــنــایــیــم کــوێــرە هــەڵ نــایــە بــە ڕووی کــەس
مــوژەم یــەك یــەك دەڵــێــی بــزمــارە بــێ تــۆ)

بــە شــەوقــی تــەلــعــەتــی ڕووی تــابــنــاکــت
بــە ئــەســتــێــرەی جــەمــاڵــی زۆر ڕوونــاکــت
بـــە ئـــەگـــریجـــەو پـــەچـــەی داوداوو تـــاکـــت
( قــەســەم بــەو شــەربــەتــی دیــداری پــاکــت
شـــەڕابم عـــەیـــنـــی زەهـــری مـــارە بـــێ تـــۆ)

لـە پـێـش چـاوم مـەڕۆ، بـۆخـۆت دەکـەی ون؟
لـەبـۆ پـێـم شـاد دەکـەی تـۆ دۆسـتو دوژمـن
لـــە تـــاوت تـــاڵـــە ژیـــنـــم، خـــۆشـــە مـــردن
(لـەلای تـۆ خـارو خـەس گـوڵـزارە بـێ مـن
لـەکـن مـن خـەرمـەنـی گـوڵ خـارە بـێ تـۆ)

لە وەسفت چی بڵێم ئەی یاری جوان خاس
لـە جـەرگـم هـەڵچـەقـی مـوژگـانـی ئـەڵـماس
بـە هـەقـقـی ئـایـەیـی (مـن شـرالـوسـواس)
(لـەکـن مـن بـا وەجـوودی نـاسو ئـەجـنـاس
کـەسـی تـێـدا نـیـیـە ئـەو شـارە بـێ تـۆ)

خـــودایـــە ژیـــنـــی مـــن بـــۆ وا بـــووە تـــاڵ
لـە دەس دەرچـوو بـەجـارێ بـەخـتو ئـیـقـباڵ
لـــە تـــاوی پـــەرچـــەمو زوڵـــفو خـــەتو خـــاڵ
(هـەمـوو ڕۆژێ لـەتـاو هـیـجـرانـی ئـەمساڵ
تـــەمـــەنـــنـــای مـــردنـــی پـــێـــرارە بـــێ تـــۆ)

گـوڵو بـولـبـول کـه وەخـتـێ لـێـك جـیـا بـوون
وەکـوو گـوڵ خـونـچـەکـەی مـن بـێ وەفـا بـوون
بـەجـارێـك هـەرچـی دۆسـتـە بـێ بـەقـا بـوون
(هـەتـا تـۆم ئـاشـنـابـووی ئـاشـنـام بـوون
ئـەمـێـسـتـا مـوو بـەمـوو ئـەغـیـارە بـێ تـۆ)

لـە تـاوت (فـاتـیـحـی) هـەروا دەنـاڵـی
گـرفـتـارە بـە ئـەبـرۆو زوڵـفو خـاڵـی
دەسـا ئـەی گـوڵ بـکـە ڕوحمـێ بـە حـاڵـی
لـە حـەسـرەت قـەددی سـەروت چـاوی (نـاڵـی)
دوو جـۆگـە، بـەڵـکـو دوو ڕووبـارە بـێ تـۆ)

١٩٧١/٦/٢٢ دێلۆ

# پێنج خشتەکیی

## لەسەر غەزەلێکی (سەید عەبدولقادری سەیادەت)

## (داری تەقڵە)

میسلی مەجنون ڕۆژو شەو بۆچی لە کۆساران نەبم
جەرگو دڵ سووتاوی شەمعی مەحفەلی یاران نەبم
لێمگەڕێ ئاخیر نەفەسمە، چۆن وەکوو هاران نەبم؟
(هەروەکوو خونچە ئەگەر دایم لەسەر داران نەبم!
شەونمێکی سەرسپاردەی باخو گوڵزاران نەبم)

کۆڵەواری عیشقی تۆمە گیانە بێ خوردو خەوم
بولبولم، بۆتۆیە ناڵەی هەر سەباحو هەر شەوم
بێ نەواوو ڕووتو قووتم، پێشێ چۆن بووم هەر ئەوم
(سورمەنیم نازداری پێش چاوان بمو بەردڵ کەوم
ئەشکی داکەوتوو لەسەر ڕێبازی نازداران نەبم)

وشکو پەژموردەو نەخۆشم، دەی وەرە بادی سەبا
زۆر لەمێژە چاوەڕێمە بێی بڵێی پێم: مەرحەبا
خۆزگە وەك جارانی پێشوو دڵبەرم مەیلی هەبا
(یەك نەفەس وەك جاری جاران نایە تا گیانێك نەبا
یەك نەفەس عومرێکە بۆ من هاودەمی جاران نەبم )

شادیی ڕابردووم هەرچی بوو، من بەساڵێك دامەوە
باری سەرشانم گرانە، بۆیە وا چەمیامەوە
ڕۆژو مانگو ساڵ تەواو بوون من وەکوو خۆم مامەوە
(هێندە من سەرکوت کرامو کەوتمو هەستامەوە
بوومە داری تەقڵە گەر داردەستی ناسواران نەبم)

حەپسی داوی زوڵفی تاتام، ڕەنگە هەرگیز دەرنەچم
بوومە پەروانە لەڕاستی شەمعی ڕووتا ملکەچم
هەر دەسووتێمو دەسووڕێم، نایگرێ بەختی کەچم
(وە ك نەسیم سووك باڵو، بێ ویستێکی دڵ دێمو دەچم
بۆ ئەوەی باری گرانی خاتری یاران نەبم)

ماری دوو زوڵفی درێژت، وەك کەمەند ڕاخستوە
چاوی فەتتانو خومارت، پڕ لە نازەو خەوتوە
پێچی ئەگریجەو شەدەت تیری دڵمیان گرتوە
(دڵ لە داوی پەرچەمو زوڵفی پەرێشان کەوتوە
خاترم جەم نابێ تێکەڵ کۆڕی دڵداران نەبم)

بەو چلەی هاوینە ناڵەت تێکەڵی بلوێر بکە
وەك شەماڵی بەر بەیانان، ڕوو لەچیای هەڵدێر بکە
تۆوەرە سەیرێکی چۆمی ئەشکی دیدەی سوێر بکە
(وەك کزەی بایەك وەرە، مەزرای دڵم زەنوێر بکە
خونچە با بکرێتەوەو، موحتاجی بەر باران نەبم)

دەردی دووری زۆر گرانە، قەت بەمن هەڵناگرێ
هەرکەسی هاوڕازی تۆ بێ شادمانەو نامرێ پایزم
سەختە، کە زستان ساردوو سەرمای دامرێ
(وەعـدەیـی داوە بـەهـار بـێـتو بـەسـەرما ڕابـرێ
یاخوا بای وەعدە بێو مەحروومی دیداران نەبم)

(فاتیحی) خـزمـەت گوزاری ئـێـوەیـە، بـەخـوا (سـەیـد)
هەلگری فەرمانی تۆیە، بێ شرووتو بێ قەید
کوشتەیی دیداری یارە، بێ درۆو مەکرو کەید
(پـردەبـازی ڕێـگـەیـی بـەیـنـی وەفـاو یـارە (سـەیـد)
چۆن دەبێ پێشێلی لۆمەی یار و ئـەغـیـاران نـەبم؟)

**١٩٩٦/٨/٢٧ گردئاشەوان**

# پێنج خشتەکیی
## لەسەر هەڵبەستی (زوودی)

گوڵی دڵ وشکو پەژموردەی گڕەو سۆزی شەماڵێکە
نەخۆشو لەرزو تامەزرۆی ویساڵی چاو کەژاڵێکە
بەبێ دڵبەر چ ژینێکە، چ شینو زاڵە زاڵێکە
(دڵی من هەرئەسیری داوی زوڵفی مەهـ مساڵێکە
بەلەعنەت بێ دڵێکی هەر دەمەی مەحوی جەماڵێکە)

لە بازاڕی عیشقبازی بە دڵ من بووم خەریداری
بەدڵ پابەندی گیسوو بوومو مەمکی سەربە گوڵناری
گوتم ئەی دڵ هەتاکەی تۆ ئەوەندە ماتو خەمباری
(لە سینەی عالەمی عیشقا، هەیە سەودایی دڵداری
لە خانووچکەی دڵم تەنیا ئەوینێکو خەیاڵێکە)

لەبەر گریانو ناڵەو شین، دڵو جەرگم بووە لەت لەت
بە فرمێسکی سوێرو سوور، کە جۆگە جۆگەیەو شەت شەت
نەماوە نووری چاوانم، هەموو سینەم بووە خەت خەت
( تریشقەی تەڵعەتی یارم، لە دڵ نابێ غرووبی قەت
ئەنیسێکی دڵئارایە، ئەوەش فەیزو کەماڵێکە)

بــە قــووەی جــازبــەی عــیــشــقــی، شــەوو ڕۆژ هــەر لــەســەر ڕێــمــە
وەکــوو مــەجــنــوون لــە کــێــوانم، کــوژاوی دەســتــی لــەیــلــێــمــە
تــەمــاشــای قــەلــبــی پــڕئــێــشــم، ســەراپــا خــوێــن‌و پــڕ کــێــمــە
(ئـەمـن وەك زوڵـفـەکـەی دڵـبـەر، ئـەسیری خـاکـی ژێـر پـێـمـە
ئـەویـش قـەت ڕوو لـە مـن نـاکـا عـەجـایـب سـڵ غـەزالـێـکـە)

هــــەمــــوو ســــامــــان‌و داهــــاتم، بــــە ئــــەگــــریجــــەی بــــڵاوم دا
دڵ‌و دیــنــیــش نــەمــا، پــاکــی، بــە زوڵــفــی تــێــکــشــکــاوم دا
گــوڵــئــەنــدام، تــیری ئــەبــرۆکــەی لــە نــێــو جــەرگ‌و هــەنــاوم دا
(ئـیـتـاعـەی ڕۆژو شـەو لـێـکـرا دەکـا حـیرەت لـە چـاوم دا
کـە عـەبـدی شـەوقـی کـوڵـمـە، یـا سـیـاهـی زوڵـف‌و خـاڵـێـکـە)

وەهــا مــەســتــی مــەیــی عــیــشــقــم، نــیــیــە ســەبــرو قــەرارو خــەو
بــە داوی پــەرچــەمــی گــیرام، وەکــوو بــازو شــەهــێــن‌و کــەو
خــەیــاڵ‌و فــیــکــرو تــەدبــیرم، لــەســەر ئــەو بــوو بــە ڕۆژو شــەو
(ئـەگـەر نـەقشی دڵـئـارامـم لـە دڵ لاچێ لـە داخـی ئـەو
ژیـانم تـاڵ ئـەبـێ ئـەمـرم دەقـیـقـێـکـم بـە سـاڵـێـکـە)

دڵــێ بــێ ســۆزو نــاڵــین بــێ، بــە نــووکــی خــەنجــەرانــدا بــێ
دڵــێ بــێ هــەمــدەمــی گــوڵ بــێ، بــە نــێــزەی ئــەفســەرانــدا بــێ
دڵــێ دووری لــە یــاران کــا، بــە نــێــشــی نــەشــتــەرانــدا بــێ
(دڵـێ بـێ دڵـبـەرو خـاڵـی لـە عـیـشـقـی دڵـبـەرانـدا بـێ
جـەمـادێـکـی ڕەق‌و وشـکـە، عـەجـەب ئـاشـوفـتـە حـاڵـێـکـە)

مــەحــاڵــە حــۆریــی جــەنــنــەت، بــەغــەمــزە وەك گــوڵــی مــن بــێ
مــەگــەر یــا قــووتو گــەوهــەر وەك شــەمــامــەی ســەرچــڵــی مــن بــێ
عــەجــەب ســەوداســەرم ئــەوڕۆ خــودایــە گــوڵ گــوڵــی مــن بــێ
(بــەڕەحمــەت بــێ دڵــێــکــی وا لــە عــیــشــقــا وەك دڵــی مــن بــێ
کــە بــەنــدەی کــوڵــمــە، بــەســتــەی زوڵــفــە، کــوشــتــەی چــاو کــەژالــێــکــە)

ئــومــێــدی ژیــنــی مــن یــارە، بــەری نــادەم هــەتــاکــوو هــەس
لــە دنــیــادا هــەمــە یــارێ، نــەجــیــبو نــاســكو نــەوڕەس
دڵــێــکــی ســەر چــلانم بــوو، گــوڵــێــکــی دوور لــە خــاروخــەس
(دەبــێ عــاشــق مــوەحــیــد بــێ، بــە مــەعشــووقــێــکــی زیــبــاو بــەس
نــەوەك وەك بــولــبــولی شــەیــدا، کــە حــۆلی هــەر گــولاڵــێــکــە)

وەرە ســاقــی دەخــیــلــت بم، بــە یــادی چــاو کــەژاڵــی مــن
بــە ســەرخــۆشــی لــە بــۆم تــێــکــە، بــبــیــنــە قــیــلو قــاڵــی مــن
وەکــوو بــولــبــول لــە تــاوی گــوڵ، چ خــۆشــە نــاڵــەنــاڵــی مــن
(وەرە دڵــبــەر، بــە چــاوی مــەرحــەمــەت بــنــوارە حــاڵــی مــن
لــە ویــرانــەی دەروونــی مــن، چ گــریــەو نــاڵــەنــاڵــێــکــە)

نــیــگــاهــێــکــی دڵــئــارامــم، بــە مــافــیــهــای جــیــهــان نــادەم
ئــەگــەر ســاتــێ لــە یــادم چــێ، دەبــێــتــە شــیــوەنو مــاتــەم
بــزانــە (فــاتــیــحــی) چــۆنــە، غــولامــی تــۆم هــەتــاکــوو هــەم
(ئــەگــەر بمــکــووژێ دڵــبــەر شــادمــانم، پــێــم دەڵــێــن عــالــەم
شــەهــیــدی عــیــشــقــە (زوودی) زامــداری پــەنجــەئــاڵــێــکــە)
١٩٦٧/١٠/٢٩ چەکۆ

# پێنج خشتەکیی لە سەر دوو بەیتە شیعری
## (سەید ڕەشیدی بورهانی( ناسراو بە(چاوەشی پیر)

خادمێکی ڕووتو قووتم، بێ خەلاَتو مووچەشم
باری سەرشانم گرانە، زۆر لە شادی بێ بەشم
بێکەسو خزمو برادەر، تاکە ماڵی دێکەشم
(زاهیرەن فەرمووتە من سەردارمو ساحێب بەشم
گیرودارم پێ دەوێ، من شێرە کلـلۆی مامەشم)
ئەو کەسانەی گۆشە گیرن، خۆشەویستی ئەولیان
ماڵی دنیا بێ وەفایە، مەرد ئەوانەن بێ ڕیان
تۆ کە ئێمەت خۆشدەوێ، چیتە لە ماڵی سۆفیان
(لانی یوسف بەرمەدە بۆ خەرگەلی یەعقوبیان
بەر دەدەی بە گونم، چ کێرم پێ دەچێ من چاوەشم)

**٢٤/٤/١٩٨٦ کە نجاڕێ**

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (زاری)

عــەزیــزم مــودەتــێــکــە مــن بــە عــیــشــقــی تــۆوە مــەڕبــووتم
هــەمــیــشــە وا لــە دووت وێــڵــم، بــە هــیــوای قــەولی پــێــشــووتم
بــریــنــداری مــوژەی تــیرو گــرفــتــاری دوو گــێــســووتم
(لــە تــاریــکــی شــەوی هــیــجــرام‌و مــوحــتــاجــی چــرای ڕووتم
لــە کــونجــی ئــارەزوو دوورو، لــەگــەڵ مــاری خــەمــت جــووتم)

گــوڵــئــەنــدام! لــێــت عــەیــانــە عــاشــقــی زوڵــفــی بــڵاوی تــۆم
فــریــوخــوردەی شــەدەو لاجــانــگ‌و ئــەبــرۆی ژێــرکــڵاوی تــۆم
ئــەویــنــداری ســەرو ســیــنــەو، شــەمــامــەی شــلــك‌و خــاوی تــۆم
(هــەمــوو کــەس بــابــزانــێ چــاکــە وامــن گــیری داوی تــۆم
غــولامــی خــاڵــی مــوشــکــین‌و قــەدی بــاریــکــی وەك مــووتم)

لــە حــەســرەت پــەرچــەم‌و زوڵــف‌و نــیــگــای چــاوی شــەهــێــنــی تــۆ
دڵــم ســووتــا وەکــوو قــەقــنــەس، بــە وەعــدەی دڵ پــســێــنــی تــۆ
بــڵــێــم چــی؟ شــۆخ‌و شــەنــگ‌و لالــەڕەنــگــی خــەمــرەوێــنــی تــۆ
(لــە ســایــەی ئــاوری عــیــشــقــی جــەمــاڵــی دڵــڕفــێــنــی تــۆ
عــەمــاری نــەفــت‌و گــۆگــردو خــەزیــنــەی بــەرق‌و بــارووتم)

ئـــەوەی عـــاشـــق بـــە ڕووی تـــۆ بـــێ، لـــە حـــاڵـــی خـــۆی هـــەراســـانـــە
لـــەبـــەر زوڵـــمو جـــەفـــای زۆرت، هـــەمـــیـــشـــە کـــاری گـــریـــانـــە
ئـــەویـــنـــدارو خـــەریـــدارت، بـــە دایـــم مـــاتو حـــەیـــرانـــە
(ئـەگـەرچـی ئـاگـری عـیـشـقـت بـڵـێـسـە بـەرزە، سـووزانـە
مـنـم ئـەمـڕۆ، سـەمـەنـدەر نـاوم‌و هـێـلانـە نـاسـووتم)

نـــیـــیـــە ســـاتـــێ هـــەدادانـــت، شـــەوو ڕۆژ هـــەر دەکـــەی زاری
دەزانم وەك مـــنـــی شـــەیـــدا، بـــە داوی دڵ گـــرفـــتـــاری
کـەسـێ عـیـشـقـی لـەدڵـدا بـێ، بـە لـوقـمـان نـاکـرێ چـاری
(ئـەگـەر داود تـەوفـیـقـی خـودا بـێـتو نـەکـا یـاری
ئـەمـن کـەی پـاڵـەوانی مـەعـرەکـەی مـەیـدانـی جـالـووتم)

هـــەتـــاکـــەی (فـــاتـــیـــحـــی)؟ ســـەوداســـەرو وێـــلانـــی دووی یـــاری
لـــە چـــاوان، دوڕڕو مـــەرجـــانـــی ئـــەشـــك بـــۆچـــی دەکـــەی جـــاری؟
لـــەشـــانـــت نـــیـــشـــتـــوە تـــۆزی خـــەتـــابـــاری‌و جـــەفـــا کـــاری
(گـەدایـی بـێ پـەنـاه و، بـێـکـەس‌و گـەردنـکـەچـە (زاری)
بـە ڕەحـمـەت دەسـتـی بـگـرە، ئـەز غـولامـی دەسـتو بـازووتم)

# پێنج خشتەکیی
## لەسەر هەڵبەستی (عوسمانی وەجاخی)

ئاخ! لە دەس ئەو چاوی بازی بۆتە ئاسکی بەندەنێ
من لە دووری کوڵمی یارو، خاڵی سینەو گەردەنێ
هەر وەکوو بولبول دەناڵێ، دڵ لە گۆشەی گوڵشەنێ
(با نەژیم چیدی لە دنیا ئاگرێکم بەردەنێ
چونکە میعادی فیراقە، کۆچو کۆچبار لێدەنێ )

ماتو خەمبارو پەشێوم، زیز بووە لێم پێکەنین
گوڵشەنی چۆڵکرد بە جارێ، گوڵعوزاری نازەنین
وا لە حەسرەت کۆچی دڵبەر، هەر دەکەم گریانو شین
(باخو گوڵزارو چەمەن کەوتوونە شینو گوڵ وەرین
وا هەزار داستان دەگریا سوورە گوڵ بۆ سۆسەنێ )

تاری دڵ ئەوڕۆکە نەغمەی کووسی هیجرەت لێ دەدا
مەنزڵی یاران لەسەردڵ، داخی حەسرەت لێ دەدا
پایزە دەردی جودایی باری ئەزیەت لێ دەدا
(بای خەزان دیسان لە گوڵشەن بەزمی مەینەت لێ دەدا
سۆزو ناڵەی عاشقانە، حەشرو قیامەت ڕادەنێ)

(وەزنــە) چــەنــد خــۆش بــوو، کــەلــێــی تــێــکــەڵ دەبــوو نــوورو شــوعــاع
ئــێــســتــە هــەر ئــاوازی کــونــدە، جــاروبــار دێــتــە ســەمــاع
پــاك بــە تــاڵانــی خــەزان چــوو، گــەوهــەرو زێــڕو مــەتــاع
(پــایــزە، فــەســڵــی خــەزانــە، مــەوســیــمــێــکــی ئــەلــویــداع
وشــكو ڕەق دەڕوا بــەبــادا، هــەرگــیــاو هــەر قــۆپــەنــێ)

ئــاخ! لــە دەس دەرچــوو ڕەفــیــقــان، خــۆشــیــیو کــەیــفو فــەڕەح
دەشــتــی وا خــۆش چــوڵو هــۆڵــە، لــێــی نــەمــا شــەوقو شــەبــەح
چــەنــدەمــان لــێــکــرد قــومــاری بــادەوو جــامو قــەدەح
(چــۆمــی وەزنــێ بــوو کــە جــاران هــەر وەکــو قــەوسو قــوزەح
ڕەنــگو ئــەلــوانــی دەگــۆڕی، مــیــســلــی شــاری لــەنــدەنــێ)

کــوانــێ ڕەشــمــاڵو هــەواری چــاوکــەژاڵو ئــەســمــەران
کــوا نــەســیــمــی عــەتــری زوڵــفو لارولــەنجــەی دڵــبــەران
ئــەی خــەزان کــوا بــاخو گــوڵشــەن لاخو پــۆپــیــان هــەڵــوەران
(ئــەی زەوی جــاران کــە تــۆ بــووی جــێــی هــەواری دڵــبــەران
مــەســکــەنــی ســەد لــفــکــەشــۆڕو بــەربــەمــوورو بــەربــەنــێ)

چــۆن نــەکــەم هــاوارو گــریــان، شــیــوەنو شــین، نــاڵــەنــاڵ
چــۆڵ بــووە ئــەو دەشــتــی وا خــۆش لــێــی نــەمــاون دیــدەکــاڵ
ڕەنــگــی خــۆشــیــت لانــەمــاوە، (وەزنــە) بــۆ وا بــووی بــەتــاڵ
(تــۆزو خــۆڵــی مــەعــبــەرانــت دەیــڕفــێــنــێ بــای شــەمــاڵ
کــیــژو کــوڕ ئــەلحــەق لــە جــۆشــن، بــۆ پــەســیــوو بــاپــەنــێ)

ئـــەی خـــودا تـــاکـــەی لـــە جـــەرگو ســـیـــنـــە ڕاچـــێ خـــاروخـــەس
ڕۆژو شـــــەو وێـــــڵـــــی وڵات بم، ڕۆژگـــــار بـــــڕوا عـــــەبـــــەس
شـــەرتـــە تـــامـــاوم دڵـــی خـــۆم نـــاخـــەمـــە گـــێـــژاوی کـــەس
(چـوون فـەلـەك خـۆی بـێ وەفـایـە قـەت وەفـای نـابـێ بـە کـەس
بـاری هـیـجـران خـۆش‌و نـاخـۆشـی لـەسـەر دڵ دادەنـێ )

زوڵـفـی ڕەشمـاری لـە گـەردن حـەلـقـە حـەلـقـەو چـین بـە چـین
عـەسـکـەری ڕۆم‌و فـەڕەنـگـی، سـەف بـە سـەف بـێ ڕەحـم‌و دیـن
وا بـــە غـــەمـــزەی چـــاوی دڵـــبـــەر، دڵ نـــەخـــۆشـــەو پـــڕ بـــریـــن
(تـابـی جـەوری هـیـجـری یـارم لێ بـڕا، تـێـرم لـە ژیـن
حـازرم قـابـیـز ئـەگـەر بێ، گـیـانـی شـیرین هـەڵـکـەنێ)

(فـــاتـــیـــحـــی)! جـــەوری زەمـــانـــە قـــاوەقـــاوت لێ دەکـــا
هـــەروەکـــوو دوژمـــن بـــە تـــۆ بـــێ گـــورگـــە ڕاوت پـــێ دەکـــا
دەردی دووری دەوری داوی ســــەیــــرە چــــاوت لێ دەکــــا
(پـەیـکـی تـەنـیـایـی ئـەوا (عـوسمـان)، سـڵاوت لێ دەکـا
تـا ئـەبـەد نـایـێـتـە دەورت جـە مـعو دەسـتـەو قـۆشـەنێ)

**چەکۆ ١٩٦٥/١/١**

# پێنج خشتەکیی لەسەرغەزەلێکی (شێخ ڕەزا)

بۆتە ڕێگر لە منی خەسەتەدڵ ئەو شۆخی لەبیب
دەردی من کارییە، دەرمانی مەکە بەسییە تەبیب!
بۆتە لوقمانی نەخۆشان گوڵی نازدارو نەجیب
(دەمکوژێ حوکمە دەزانم بە خودا دەردی حەبیب
وەرە سا بەشقی خودا دەس لە یەقەم بەردە ڕەقیب)

وەك کەمەند بیخە ملم، زوڵفو پەچەی چین چینت
تۆ هەچی هەی ئەمنیش هاتمە سەر ئاینت
بیکە دەرمانی دڵم ماچی دەمی شیرینت
(وەرە دەستێ بخەمە گەردنی بلووورینت
تاوەکوو سفرە لە داخا بدڕێ ورگی ڕەقیب)

عیشقبازی لەگەڵ ئەو دڵبەرە هەر باسی سەرە
قاتیلە، خوێنمژە، بێ ڕەحمە، بە ڕاستی خەتەرە
دووری تۆ بۆ منی بێ چارە عەزابی سەقەرە
(چاوی فەتتانی ئەتۆ ساحیرە یا جادووگەرە
کە بەعیشوەو ناز دەدا، عابیدی سەد ساڵە فریب)

پـــیـــشـــەمـــە شـــیـــوەن و شـــین، تـــاڵـــە لـــە مـــن تـــازە ژیـــان
یـــارەکـــەم زیـــزە لـــە مـــن، ئـــێـــســـتـــە لـــەگـــەڵ یـــار لـــەچـــیـــیـــان؟
تـــا لـــەلای تـــۆ بـــوو دڵـــم، دائـــیـــمـــە ســـەرشـــێـــت بـــووبـــیـــان
(تـــا لـــە تـــۆ دوورە دڵـــی غـــەمـــزەدە ئـــەی ڕاحـــەتـــی گـــیـــان
مـەشـریـقو مـەغـریـبـە مـابـەیـنـی لـەگـەڵ سـەبـرو شـەکـیـب)

ئـــەو دڵـــە شـــێـــتـــە هـــەدادانـــی نـــیـــیـــە ڕۆژو شـــەوێ
ســـەبـــرو ئـــارامـــی نـــەمـــا، غـــەم نـــەبـــێ، هـــەر بـــۆی دەخـــەوێ
کـــوا نمـــوونـــەی وەکـــوو ئـــەو، لـــەو گـــەلـــە کـــەی هـــەڵـــدەکـــەوێ
(شـــێـــخ دەگـــۆڕێـــتـــەوە گـــەر چـــاوی بـــەزوڵـــفـــت بـــکـــەوێ
خـیرقـەوو سـەبحـە، بـە زوونـنـارو چـلـیـپـاوو سـەلـیـب)

دەســـتو دامـــانـــی گـــوڵـــم بـــووم بـــە نـــهـــێـــنـــیو بـــە جـــەلی
پـــێـــم گـــووت: ئـــاشـــوفـــتـــەیـــە دڵ مـــوخـــلـــیـــســـە بـــۆ ئـــالی عـــەلی
پـــێـــی گـــوتم: پـــیری وەکـــو داری لـــە کـــەنـــدالو کـــەلی
(بـێ فـەراز نـابـێ نـەشـیـب، ئـەم قسـە تـەحـقـیـقـە وەلی
مـن لـە ڕێـی عـیـشـقـی تـۆ نـەمـدی بـە خـودا غـەیـری نـەشـیـب)

لـــەشـــکـــرێ هـــاتـــە ســـەرم، ســـەربـــەســـەری دەردو مـــەراق
گـــۆشـــەگـــیر بـــووم لـــە کـــەنـــارێـــکـــی، نـــە کـــەیـــفو نـــە مـــەزاق
(فـــاتـــیـــحـــی) پـــیرو کـــەنـــەفـــتـــە، نـــە دەســـی مـــاوە نـــە لاق
(تـــاقـــەتـــی تـــاق بـــووە بـــێ چـــارە لـــە ژێـــر بـــاری فـــیراق
بـکـە ڕوحمـێ بـە (ڕەزا) چـاکـە تـەڕەحـحـوم بـە غـەریـب)
٢٠٠١/٦/١٥ **گردئاشەوان**

## پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (قانع)

عاشقی ئەو دەشتو کێوەم، پێم دەڵێن دێوانەیە
ڕۆژو شەو هاموون دەپێوم، کاری من شێتانەیە
بۆ وەتەن سووتاوە جەرگم، شێوەنم کوردانەیە
(ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە)

ماڵو سەر قوربانی تۆیە، گیان فیدام هەر کاتێ بێی
گەرچی پیرو ناتەوانم، حازرم بۆ فەڕشی پێی
شادی ئەو وەختەی لە من میوانە ئەو ڕۆژەی کە بێی
بووکی ئازادیم ئەوێ، خوینم خەنەس بۆ دەستو پێی
حەڵقە حەڵقەی پێوەنم بۆ پڵپڵەو لەرزانەیە)

ڕۆژێ دادێ من بەسەر زۆردارەکانا زاڵ ئەبم
ئەو دەمە دونیا ئەزانێ مەستەمو خۆش حاڵ ئەبم
من لەتاو قەومی هەژارو بێ پەنا، بێ حاڵ ئەبم
(گەرچی دوژمن وائەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابی خانەیە)

بۆ نەجاتی نیشتمانم هەوڵ ئەدەم، تەدبیر دەکەم
مەیلی سێدارەو قەنارەو شۆڕش ئیقلیمگیر دەکەم
چاری گەرمەو هۆڕی تۆپو، قرقڕەی شەستیر دەکەم
(زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زڕزڕەی زنجیر دەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن وەك زیوەری شاهانەیە)

بانگی ئازادیم دەوێ دێهاتو شار هاوار بکا
میللەتی ڕووتو هەژارم، پەت لە مل زۆردار بکا
دوژمنی زاڵم دەفەوتێ میللەت ئینفیجار بکا
(چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانە یە)

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی

## (نالی)

سەوزە، پڕگوڵ بووە داوێنی چیا
وەسفی جوانیێ کە دەکەی مەیکە ڕیا
وەرە سەیری گوڵی من کە بەخوا
(پەچەیی پەرچەمیی‌و پرچی سیا
هەر دەڵێی مانگەشەوە کوڵمی تیا)

بۆ گوڵی ڕووتە دەکەم شین‌و گرین
بەسەری تۆ، سەری خۆم ناوە لەشین
پێم بڵێ ماچێ لەکوڵمی تۆ بەچین
(لادە دەسرۆکەیی هەوری لە جەبین
دەرکەوێ شەمس‌و قەمەر نوورو زیا)

دەردی پیریمە وەرە لام دەمرم
سەری زوڵفی ڕەشی تۆ توند بگرم
ماچی گۆنای تۆ بە ڕوحم دەکڕم
(لێوی تۆ ئاوی بەقا من خزرم
فەیزی تۆ ڕەحمەت‌و من سەوزە گیا)

دڵبەری شۆخو نەجیب، ئەی گوڵی تاق
وێڵی دووی تۆمە لە ئێرانو عێراق
مەمکوژە چیدی بە دەردو بە مەراق
(مەمخەرە هاویەی هەوڵی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا)

وەرە سەر دیدە کە تۆ خۆش لەقەبی
خاوەنی حوسنو جەماڵو نەسەبی
ماچ دەکەم کوڵمە، نەڵێی بێ ئەدەبی
(گێل، ئەگەر تورکی تەعال، ئەر عەرەبی
بێ ئەگەر کوردی ئەگەر فورسی، بیا)

بێستون جێگەمە، کەندوومە بەچنگ
دەروەسم نایە نە بەورو نە پڵنگ
تیری ئەبرۆی، نە دڵی هێشتو نە سنگ
(سەری فەرهادمو، دەندووکی قوڵنگ
دەستی مەجنوونمو داوێنی چیا)

موددەعی چیتە؟ کە ماڵی ماڵی
سۆفی مەجزووبە لە حاڵی حاڵی
شێخی من بۆچی زەواڵی زاڵی؟
(خاتری زاهیدی خاڵی، خاڵی

نــیــیــە ئــەڵــبــەتــتــە لــەبــێــنــێــکــی ڕێــا)
کــوشــتــەیــی تــیری مــوژەم، نــیــمــە زمــان
گــێــژی گــێــژاوی فــرۆفــێــڵــی زەمــان
(فــاتــیــحــی) تــاڵــە ژیــان، خــۆشــە نــەمــان
(دوور لــە تــۆ ئــیــدی مــەپــرســە قــوربــان
حــاڵــی(نــالی) کــە نــە مــردو نــە ژیــا)

سونێ    ١٩٧٧/٣/١٧

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (نالی)

دەســتو پــێ زنجـیرکـراوی نــەفـسو شـەیـتـانم، دەڕۆم
غەیری بەدئەخلاقی نەمبوو چاکـەیـەك، چـەن ڕەنجـەرۆم
یـا (رسـول الله) ئـەسـیرم، چـاوەڕێـی فـەرمـانـی تـۆم
(وەی کە ڕووزەردی مـەدیـنـەو ڕووسـیاهـی مـەککـە خـۆم
دەرکـراوو دەربـەدەر، یـاڕەب دەخـیـلـی عـەفـوی تـۆم)

هـەر وەکـوو بـولـبـول دەنـاڵـم دایمـا بـۆ جـەنـنـەتـت
شـێـتو دیـوانـەم ئـەمـن، ڕووم نـایـە بـێمـە خـزمـەتـت
نیمە سەرمـایـەی بـەهـەشـتـت، خـۆتـو لوتـفو هـیـمـەتـت
(دەفـتـەری ئـەعـمالی مـن، بـێ قـەتـرەیـێـکـی ڕەحمـەتـت
کەی بە سەد زەمزەم، سیاهیی نوقتەیێکی لێ دەشۆم)

عومرەکەم ڕۆیـی بـەفـیـڕۆ دای لـە لـەش سـۆزەی خـەریـف
ڕوو ڕەشـم نـەمـکـرد تـەوافـی بـەیـتـی پـیرۆزو شـەریـف
دڵ ڕەقو چـارە ڕەشـم، نـاپـاكو دڵ پـیـسو کـەسـیـف
(کەعبە ئیشراقی وە کوو خـورشـیـدە، مـن چـاوم زەعـیـف
لێم بووە ڕۆشن کە بوعدی قوربە، قوربی بوعدە بۆم)

دەبدەبەی شاهی لەبەرچی پووچە زیللەت کافیە
ڕوو لەهەقکردن عەزیزم خۆشە عیززەت کافیە
دوودڵی لابە لە دڵ ڕوو لە قیبلەت کافیە
(بۆ جیواری هەق لە هەر جێ سیدقی نییەت کافیە
من لە (بیت الله) ئینشەڵڵا (بأذن الله) دەڕۆم)

چاو لە دەستی فەیزی تۆم، ئەی خاوەنی لوتفو کەرەم
ملکەچو زارو زەلیلن بۆت شەهی ڕۆمو عەجەم
با بکێشم دەردو ئازار مەینەتو جەورو ئەلەم
(لێم حەرامە دانەوو ئاوی حەمامی حەرەم
من کە بازی دیدەبازم نەك شەوارەی دەستەمۆم)

ئای کە چەند بێ ئابڕووم، بێ عیسمەتم، چەند ناتەواو!
زۆر لە هەق دوورم، لەگەڵ ناهەق بەدایم تێکەڵاو!
بەسیەتی ئەی نەفسی غافڵ هەستە بڕە بەندو داو
( تابەکەی وەك ڕاوییەو، وەك سانییەی سێ پەل شکاو
بێ تەوافو سەعیو عەمرە هەربخەومو، هەربخۆم)

خۆشە حاڵی ئەو کەسانەی گەر بەسۆزو هەلهەلەن
خاکی بەرپێی ساڵحان، هەر بە ناڵەو وەلوەلەن
غەرقی بەحری خۆشەویستین، چاوو دڵ وەك جۆگەلەن
(من لەوانەم چی کە وا ئەهلی وەسیلەو مەسئەلەن
عامیلو ناچارو مەغدوور ئەر بڵێن هەر بێنە بۆم)

دوور لە چاکەو، شەرفرۆشم، یا (رسول الله) مەدەد
دەستی من دامانی تۆ، بۆ ڕۆژی تەکفینو لەحەد
هەر ئومێدم تۆی، گوناهم زۆرە بێ ئەژمارو حەد
(خەوفی من لێرە لەبەر زۆری گوناهە یەك بەسەد
گەرچی عاصیو موزنیبم، ئەمما موقیڕو بێ درۆم )

عادەتی وایە زەمانە، یا شلە یان خەستییە
چوستو چالاکە لە لایەك، لایەکی تر سستییە
لەززەتی دنیا بەتاڵە، هەر زەلیلیو پەستیە
(شادمانی بێ وەفایە، یاری تێریو مەستییە
یاری تەنگانەم خەمە، با هەرخەمی خۆم، خۆم بخۆم)

ڕوو لە چاکان وەرنەگێری (فاتیحی) سەد جار ئەمان
چاو لە دەستی پیاوی سپڵە قەت نەکەی بۆ ئاوو نان
ساز بکە بارگەو بنەو تۆشە لە بۆ ڕۆژی نەمان
( لامەدە (نالی) لە ئەنباری جیرایەی صاڵحان
گەرچی ببیە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم)

سونی ١٣/٣/١٩٧٧

# پێنج خشتەکیی
# لەسەر هەڵبەستێکی (زوودی)

ئەرێ ئەی نووری دوو دیدەم، ئەرێ ئەی ماهی تابانم
ئەرێ ئەی خونچەیی ژینم، ئەرێ ئەی ماهی کەنعانم
هەتاکەی هەر بکەم زاری، ئەتۆی شەمعی شەبوستانم
(ئەلا ئەی مونیسی قەلبم، لە دووریت وا هەراسانم
لە دڵ لاناچێ عیشقی تۆ وەکوو فرمێسکی چاوانم)

ئەرێ بۆچ هەر بناڵم ئەی عەزیزم، هاودڵو دەردم
بگاتە ئاسمانی بێ ستوون ناڵەی دڵی سەردم؟
بەبێ تۆ وشكو بێهێزم، ڕەقو تەق هەر وەکوو بەردم
(لە دووری تۆیە خەم دەردم هەڵێناوە وەها زەردم
موریدی تۆم ئەگەر مردم نەکەی، کەی سەلبی ئیمانم)

دڵم داناوە کونکون بێ، بە نووکی تیری موژگانت
سەرم ناوێ وەکوو گۆ گەر بە شەق نەدرێ لە مەیدانت
تەماشا وەك سوپەر وامە، لە بۆ دەفعی حەسوودانت
(ئەتۆ بە قسەی ڕەقیبانت، بە مەستی چاوی فەتتانت
بە کاکۆڵی پەرێشانت ڕفاندت قەلبی بریانم)

ئـەتـۆ کـیـژێـکـی پـاكو دڵـڕفـێـنو شـۆخو نـوورانـی
نەما قـەولو قـەراری تـۆ، چـبـوو ئـەی دڵـبـەری جانـی؟
مـنـی عـاشـق لـە دووری تـۆ دەنـاڵـم بـوومـە بـریـانـی
(عەجایب وا بە ئاسـانـی لـە عـەهدت کـرد پـەشـیـمـانـی
کە تۆ هـەر کـیـژی جارانـی مـنـیـش هـەر لاوی جارانم)

مەکە مەنعی مـنـی شـەیـدا، لـە بـاخـی نـارو سـێـوو بـەی
لە ڕێگەی عیشقی تۆ دا، ناڵەناڵم دێ بـە چـەشـنـی نـەی
نە بەختم ما نە ئیقباڵم، خودا ئەو زوڵمـە تـاکـوو کـەی؟
(خودا هەڵناگرێ هێندە بە ناری عیشـقـم ئـەزیـەت دەی
دووچاری دەردی هیجرەت کەی، دڵی پـەرتو پـەرێشـانم)

بـە چـاوی پـڕ لـە نـازی تـۆ، نـە دڵ مـاوە نـە ئـیـمـانم
وەکوو بولبـول لـە گـوڵشـەنـدا خـەریـکـی نـاڵـەوو شـیـنـم
بە مەرگی تۆ قەسەم گیانە، شـەوو ڕۆژ گـەرمـە نـاڵـیـنـم
(بە گۆشەی حوببی پێشینم، کە پرسـی حـاڵـەتو ژیـنـم
هەتیوی زوڵفی چین چیـنـم، خـەلـەف مـاوم لـە یـارانم)

شـەهـیـدی قـامـەتـی تـۆمـە، دەبـێ تـۆ بـی مـەدەد کـارم
نـە خـەو مـاوە نـە خـۆراکـم، نـەخـۆشو دڵ بـریـنـدارم
لە سەیری باخو گـوڵـزارم، نـە مـەخـمورو نـە هـوشـیـارم
(بە غـەیـرەز شـیـوەنو زارم بـە ڕۆژو شـەو نـیـیـە کـارم
لـە دووری قـامـەتـی یـارم وەکـوو وەحشـی لـە کـێـوانم)

ئـەگـەر یـارم بـدا مـاچـێ، ئـەوەنـدە عـەیـنـی شـادیمـە
بـەهـاری عـەیـشو نـۆشـی مـن، بـەبـێ ئـەو نـامـورادیمـە
لـە هـەر چـوار فـەسـڵدا جـانـا، دەکـەم زاری، کـەسـادیمـە
(بـەهـاران شـینو زاریمـە، بـە هـاویـن وێـڵـی وادیمـە
بەپایز نا ئومێدیمە، لەبەر حەپسو زومستانم)

لـە ژێـر شـابـاڵـی حوسـنـتـدا، مـوقـیـمـی کونجی گـریـانم
لـەبـەر شـامـاری دوو زوڵـفـت، نـەمـاوە ڕاحـەتـی گـیـانم
وەکوو بولبول لـە تـاوی گولْ، بـە دایـم هـەر غـەزەلخوانم
(بـە نـاڵـەم نـەوعـی هـەورانم، بـە چـاوم کـانـی بـارانم
هەناسەی ئاتەش ئەفشانم دەسووتێنێ دڵو جانم)

برایانم! ئەوا دەمرم هەمووتان بێن بکەن شینم
وەرن پۆل پۆلو چین چین، زوو بکەن تەکبیری تەکفـیـنـم
دوو زوڵـفـی یـاری شـریـنـم لـە دەورم کـەن بـە پـەرژیـنـم
(ڕەفـیـقـانـی دڵو دیـنـم، دوعـایـی ئـاخـری ژیـنـم
موحەللی کەن بە ئامینم، لە ژینی خۆم هەراسانم)

وەرە قومری بەهار داهات، لە ئەم چڵ ڕاکە بـۆ ئـەو چڵ
بخوێنە نەغمەیی خـۆشـت، بـە شـەوقو زەوقو سـۆزی دڵ
ئەوێستا ( فاتیحی) دووری لـە یـارو مـەسـکـەنو مـەنـزڵ
(وەکوو بولبول لـە تـاوی گولْ، دەنـاڵـێـنـێ بـە تـاوو کولْ
دەکا (زوودی) لە سەحنی دڵ، فوغانی دەس حەبیبانم)

چەکۆ۱۹٦٦/۱/۲۰

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی
# (سووتاو-مەلا محەممەد ئەمینی سەقزی)

هەڵدەڕێژم تاکو تەنیا خوێنی گەش، فرمێسکی سوور
بۆ حەبیبی ڕوو بەخاڵم، دڵ دەسووتێ وەك تەنوور
توخودا چیت کرد لە من ئەی دڵبەری گەردن بلوور
(مەصحەفی ڕووت پێ نیشان دام ئایەیی فیرقەت لە دوور
قد صدقت حین قلت لیس فی العشق السرور)

بۆنی عەتری زولفی یارم، پەخشی کرد بادی سەبا
داخەکەم ڕۆیی، لە دەس چوو، شۆخی پڕ میهرو وەفا
بەسیەتی جەورو جەفا، ئەی یاری بێ شەرتو بەقا
(پێی نیشان دام دەردی دووری، با بمێنێ بۆ جەزا
اخذ حتما بثاری حین نحیا فی القبور)

چوومە ژێر باری خەمت وەك کەشتییەك، بێ ناخودا
یادی ئەو دوو چاوی بازت، قەت لە دڵ نابێ جودا
بۆچ بە هیجران دەمکوژی؟ کەوتوومە دەرکت وەك گەدا
(ئاه و نالەم دەتگرێ حەتمەن لە دیوانی خودا
یاحبیبی لا تقولی حین نجمع فی الحضور)

تیری ئەبرۆی دا لە جەرگم، سوور بوو دڵ وەك نیلوفەڕ
عەسکەری زوڵفی بڵاوکرد، پڕ بوو دەشتو بەحرو بەڕ
شەرتە دەس هەڵناگرم لێت، ئەی گوڵی مایل بە شەڕ
(وەختێ عالەم سەف دەبەستن بۆ حسیابی خێرو شەڕ
فی هنا اشکوا الی من بیدة کل الامور)

هەقتە گاڵتەم پێ بکەی تۆ بەو کەوا گوڵنارەوە
بەو چرای شەمعی جەماڵو، لاملی بە گوارەوە
ڕۆژو شەو ناڵەو هەرامە، بەو دڵی خەمبارەوە
(چۆن نەکەم شەکوا لە دەستت بەم هەموو ئازارەوە
فی هواك زال عین مابها ضوء و نور)

بەختو ئیقباڵم نەماوەو تاجو تەختو شەوکەتم
بێکەسو یارو دیارو، بێ حەبیبو عوشرەتم
گۆشەیی زیندانە جێگەم، دوور لە خۆشیو عیززەتم
(تۆ خەریکی بەزمو بادەی، من دووچاری زیللەتم
قد احاط بي الهموم لیس عیش سرور)

ئەی گوڵم چبووە، لە سەرچی تۆ دڵم پڕ خەم دەکەی
بۆچی مەنعی من لە ماچ و چەشمەیی زەمزەم دەکەی
چاوەکەم دووری بەسە لوتفت هەتاکەی کەم دەکەی
(تۆ دەڵێی تازەبەهاری، تازەخونچەی مەم دەکەی
جائني الخریف ساقطني کاالزهور)

تـیرو تـانـەم لـێ مـەدە، ئـەی دڵـبـەری شـیریـن وتـار
ڕۆژو شەو هەر ناڵەمە، ئەی گوڵ دەمی سـیـمـیـنـعوزار
عاشقی دوو چاوی مـەسـتـە، (فـاتـیـحی) دڵ پـڕ لـە ژار
قەت نەبوو جارێ بـپـرسی تـۆ لـە (سـووتـاوی) هـەژار!
ایـن لـك عـهـد الشـبـاب مـاوفـيـت بـالـنـذور )

چەکۆ ١٩٦٧/٦/٢٥

# پێنج خشتەکیی
## لەسەر هەڵبەستێکی (عوسمانی وەجاخی)

دڵم کونکون کراوی تیری ئەبرۆی نەو نەمامێکە
بەفیزو سەرکەشو مەستە، عەجەب دنیا بەکامێکە
بەگوڕ خوێن دێ لە دوو چاوم، ئەوەش هەر وێنە زامێکە
(لە خەم ئەلفی قەدم خوارە، عەجایب نوونو لامێکە
لەبەر دوودی هەناسەی من، هەموو ڕۆژم بە شامێکە)

لەنێو دەریای خەمو حەسرەت دەسووتێم، عەینی ناریمە
قەتارەی زوڵفو ئەگریجەی وەکوو فرمێسکی جاریمە
نەعومرم عومری ئاسوودە، نە یار بۆ من لەیاریمە
(لە باخی عیشقو ناکامی، هەمیشە ئاه و زاریمە
دەناڵێنم وەکوو قومری، فوغانم نەوعە قامێکە)

بە غەمزەی چاوی فەتتانی، هەزار عاشق لەنێو جێنە
بەلێوی لەعلی گەوهەر، بار بەپەنجەی وێنە ئاوێنە
دەکا دەرمان دڵی شەیدا، حەبیبی جوانو بێ وێنە
(ئەرێ ساقی بەقوربانە پەیاپەی جامی مەی بێنە
خوماریو مەستو مەی خواریم، ئەویش بۆمن مەقامێکە)

وەکوو بولبول بە ڕوحو دڵ تەڵەبکاری عوزارێکم
لەگەڵ پۆلی مەلو قومری، لە گوڵشەندا هوزارێکم
ڕەفیقان! چوو دڵو دینم، بەدوو سێوو هەنارێکم
(مەکەن لۆمەم کە حەیرانو جنوونی عیشقی یارێکم
موزەییەن گوڵشەنی سینەی، بە نارنجو شەمامێکە)

گوڵو لالەو وەنەوشە با لە داخان جەرگو لەتلەت بێ
ڕەقیبو مودەعی حاڵو بە دایم دەردو مەینەت بێ
نەیو شمشاد لە دنیادا دەبێ خۆشیو بەزیللەت بێ
(ئەتۆ عەرعەر بە بالآی خۆت مەنازە دەك خەجاڵەت بێ
تەماشای قامەتی یارم، عەجەب سەروی خەرامێکە)

لەوەسفی لالەڕوویاندا، وتە نابێ ڕیوایەت بێ
قسەی زۆر موختەسەر چاکە، نەکوو بەستو حیکایەت بێ
وەکوو چاوی حەبیبی من، دەبێ گوڵ خۆش عینایەت بێ
ئوسوڵو قاعیدەو تەرتیب، دەبێ هەروا ڕیعایەت بێ
لە زوڵفو پەرچەمی یارم، چ نەزم و ئینتیزامێکە)

بە من خۆشە، دڵئارامە شەرابی عیززەتی عیشقت
فیراقو نامرادیی دڵ، هەژاریو ئەزیەتی عیشقت
لە دڵ لاناچێ تا ماوم عەزیزم شەربەتی عیشقت
(ئەگەر بێ دڵ دەمێ خاڵی لە ڕەوزەی جەننەتی عیشقت
لەگەڵ شەیتانی مەلعوون بێ کەوا کافر مەرامێکە

دەسوتێ (فاتیحی) دەمدەم لە عیشقی ڕووی حەبیباندا
دەکا گریان‌و شین‌و داد لە ناو بەزمی غەریباندا
ڕەفـیـقـانم تـەمـاشـاکـەن لـەنـێـو حـەلـقـەی ئـەدیـبـانـدا
(بـە شـیـعـری نـاڕەوا (عـوسمـان) لـە ئـەنـزاری ئـەدیـبـانـدا
کـەلامـت شـەرحـی دڵـداری، وێـڕای دووعـاو سـەلامـێـکـە)

# پێنج خشتەکیی (زوودی) لەسەر غەزەلی

# (سۆفی وەرە دانیشە)ی فاتیحی

عـــاشـــق وەرە بـــنـــواڕە چ ســـەودایـــە لـــە گـــوڵشـــەن!
بـــەزمـــی جـــەمو کـــەیخـــوســـرەوو کـــیـــســـرایـــە لـــە گـــوڵشـــەن
یـــا نـــازی گـــوڵ و خـــونچـــەیـــە، بـــەرپـــایـــە گـــوڵشـــەن
(بـــولـــبـــول وەرە ئـــەوڕۆکـــە چ غـــەوغـــایـــە لـــە گـــوڵشـــەن
دەنـــگـــی چـــەقـــەنـــەو بـــادەوو ســـەهـــبـــایـــە لـــە گـــوڵشـــەن)

بـــولـــبـــول لـــە ســـەمـــادا لـــە ســـەمـــادایـــە بـــە نـــەغـــمـــەی
دێـــنـــێـــتـــە تـــەبـــەســـوم گـــوڵو، دەردێـــنـــێ کـــراســـەی
کـــاتـــێـــکـــی نـــەســـیـــم بـــاخـــی گـــوڵو لالـــە دەکـــا تـــەی
(مـــوتـــریـــب بـــە فـــیـــدات بم وەرە بـــۆم لـــێـــدە دەفو نـــەی
هـــەر بـــەزمـــی مـــەیو شـــادیو هـــەڵـــلاێـــە لـــە گـــوڵشـــەن)

واعیز کە دەڵێ دەردی ئەوین تاڵو بەتاڵە
پـــێـــم وایـــە شـــنـــەی بـــایـــە دێ، مـــەمـــنـــوعو مـــەحـــاڵـــە
چـــون دڵـــبـــەری مـــن غـــەرقـــی کـــەمـــاڵو خـــەتو خـــاڵـــە
(دڵ کـــۆیـــلـــەتـــە، شـــێـــواوی گـــوڵـــی حـــوســـنو جـــەمـــاڵـــە
ســـووتـــاوی عـــوزارو دەمـــی لـــەیـــلایـــە لـــە گـــوڵشـــەن)

دڵــبــەر وەرە ڕوحمــێــکــە، بــە فــریــادو گــریــنــم
بــەو ســیــنــەیــی پــڕ داخو دڵــی پــڕ لــە بــریــنــم
هــەر زاری دەکــەم بــۆ دڵــی لــەتــلــەت بــە ئــەویــنــم
(قــومــری ســیــفــەتم، نــاڵــەمــە، بــێــزارو حــەزیــنــم
دڵ وەك مــەلی ســەرچــڵ، لــە نــەوادایــە لــە گــوڵشــەن)

وەك بــووکــە چــەمــەن، بــەرگــی لــە هــەر ڕەنــگــێ دەپــۆشــی
وەك یــارمــە خــونچــە، کــە ســەحــەر ژاڵــە دەنــۆشــی
لــەب خــەنــدە دەکــا، نــازی بــە بــولــبــول دەفــرۆشــی
( عــاشــق وەرە ڕابــوێــرە دەمــێ تــەمــەن تــاوێ بــەخــۆشــی
هــەر حــۆری‌و غــیــلــمــانــە، تــەمــاشــایــە لــە گــوڵشــەن)

ئــەو تــیــفــلــە غــەزالــە، کــە بــبــیــنــێ قــەدی بــەرزی
دڵ بــا وەکــو پــۆلا بــێ، دەنــاڵــێــت‌و دەلــەرزی
ســەد عــابــیــدی لاداوە لــەڕێ، دیمــەن‌و تــەرزی
(ســۆفــی وەرە دانــیــشــە ئــەگــەر تــالــیــبــی فــەیــزی
ســەروو ســەمــەن‌و قــامــەتــی ڕەعــنــایــە لــە گــوڵشــەن)

ئــەورۆکــە قــەدی بــەرزی گــوڵــم شــوعــلــە دەدا، دوور
شــوعــلــەی لــە هــەمــوو ڕەنــگــی، وەکــوو نــووری عــەلا نــوور
مــیــســلــێــکــی نــیــیــە بــۆیــە بــە نــەخــشــین بــووە مــەشــهــوور
(دڵــبــەر کــە وەکــوو تــاوســە، گــەه ســەوزە، گــەهــێ ســوور

هەروەك گوڵی خۆش دیمەنو زیبایە لە گوڵشەن)
هەستە وەرە گەر جامە شەڕابێكێ دەنۆشی
ئـــەم جـــارە دەچـــێـــژی بـــە ئـــەبـــەد لـــەززەتو خـــۆشـــی
هـــەر دیـــتـــنـــی گـــوڵـــزارە دەبـــا دەردو نـــەخـــۆشـــی
(گـــوڵ بـــەرگـــی لـــەبـــەركـــردو، چـــەمـــەن خـــەلـــعـــەتـــی پـــۆشـــی
ســـەد قـــەوسو قـــوزەح عـــاشـــقـــی تـــووبـــایـــە لـــە گـــوڵشـــەن)

(زوودی) چ حـــەزیـــنو چ غـــەریـــبو چ نـــەخـــۆشـــە!
ســـووتـــاوە دڵـــی بـــۆ گـــوڵـــی خـــۆی زۆر بـــەپـــەرۆشـــە
گـــەه گـــریـــە دەكـــا بـــۆ دڵـــی، گـــەه مـــاتو خـــەمـــۆشـــە
( فـــاتـــیـــحـــی) دەنـــاڵـــێ وەكـــوو پـــەروانـــە لـــە جـــۆشـــە
وەك بـــولـــبـــولی بـــێ چـــارەوو شـــەیـــدایـــە لـــە گـــوڵشـــەن)

چەكۆ ١٩٦٦/٢/٥

## پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (عوسمانی وەجاخی)

ڕەفیقان تۆ خودا چاوێ بە ئەشعارو بەیانم دا
بگێڕن گوێ گرن هێندێك بە گریانی شەوانم دا
لە هاژەو قەڵبەزەی چاوم، بە ناڵینی بەیانم دا
(گوڵێکم بوو، گوڵی هیوا، لە ناو باخی ژیانم دا
کە دامەزراوو جێگیر بوو لە قەلبو ڕوحو گیانم دا)

ولاَت وێرانەیە ئەمڕۆ، دڵم خانەی بەلاَو مەینەت
دڵێکم بوو لە دەستم چوو، هەزار حەیفو، هەزار حەسرەت
بناغەی یەکیەتین داڕشتبوو، زۆر خۆشو بێ ئەزیەت
(تورنجی خۆشەویستی ئەو، دڵی وا کردبووم لەتلەت
لەتێك بۆ خۆم، لەتێك بۆ ئەو، وە یاری میهرەبانم دا)

قەرار بێ تەڕ نەکەم لێوم، بە ئاوی تاڵی مەیخانە
دەبێ ئاوری دەروون کزکەم، بە ئاوی ئەو دووچاوانە
لەبۆ یار چۆن دەبێ نەگریم؟ بە تەنیا وا لە باخانە
(چ یارێ؟ یاری تەنگانە، چ دۆستێ دۆستی جانانە
وەکوو بڕنۆو کلاشینکۆف، هەمیشە هەر لە شانم دا)

لـە دنـیـا تـاقـە یـارێـکـم هـەبـوو، دڵ بـۆی بـبـوو شـەیـدا
نە شیرین وەك وی شیرین بوو، نـە ڕووخۆش وەك گوڵم، لەیلا
وەکوو مـێـر کـۆچی کـرد ڕۆیـی، ئـەجـەل گـرتـیو لـە عـەرزی دا
(لـە نـاکـاو بـای خـەزان بـردی، گـوڵو دڵ کـەوتـە واوەیـلا
پـەژارەی وا نـەبـیـنـراوە لـە دەورانـی زەمـانـم دا)

نە کوێستان خۆشە وەك جاران، نـە سەحرا خۆشە بۆ سەیران
نـە کـەو دەخـوێـنـێ قـاسـپـەی بێ، نـە ڕاوچی حـازری مـەیـدان
نـە جـێـژوان هـەروەکوو خـۆیـە، نـە یاریش دێـتـە بـەرهـەیـوان
(لـە دنـیـای بێ وەفـا مـاوم، لـە ڕەنـج و مـەیـنـەتی هـیـجـران
نـیـیـە یـاوەر کـە یـاریـم دا، لـە دەردی زۆر گـرانم دا)

بـەرامـبـەر جـێـگـەکـەت دەگـریـم، هـەنـاسـەم ئـاگـرو ئـاوە
لـە تـاوت لـەتـلـەتـە جـەرگـم، دڵـم سـوتـاوو فـەوتـاوە
دەبـێ هـاوارو ڕۆڕۆ کـەم، لـە تـاو ئـەو کـۆچـە نـاکـاوە
(تـەئـەسـوف هـەروەکوو مـارێك، بـە دەورم جـوغـزی کـێـشـاوە
نـیـیـە دۆسـتـێـکی دڵسۆزم، لـەبـۆ لای خـۆشـی هـانم دا)

بـە هـیـوای وەسـڵـی یـارم بـووم، بچم تـاوێـکـی بـیـدوێـنـم
بـە دەسـتـێـکـی مـەمـی بـگـرم، ئـەوی دی لـە مـلـی وەربـێـنـم
کـەچـی ڕۆژگـار مـوخـالـیـف هـات، دەبـێ بـۆ خـۆم بـنـاڵـێـنـم
(لـە چـۆڵـگـەی بێ کـەسـیو دووری غـەریـبـانـە دەنـاڵـێـنـم
ئـەوەی خـۆشـی بێ نـایـبـیـنـم لـە چـوار چـێـوەی جـیـهـانم دا)

لە دنیا ئەو کەسە مەردە، کە قەت بێ ئەمریی حەق ناکا
ژیـانـی خـۆشـەویسـتـی خـۆشـە قـەت ئـیـنـسـانـی تـێـر نـاکـا
لـە تــرســی مــردنـــە دەگــریــم، بــەڵام گــریــان دەوا نـــاکـــا
(ئـەجـەل فـەرمـانـی یـەزدانـە، بـە زەڕڕە پـاش‌و پـێـش نـاکـا
تــکــا نــابــێ لــە قــابــیــزکــەم، جــەبم دا، یــانـــە قــانم دا)

حـەیات بـێ بـەسـیـەتـی تـاکـەی هـەوای دنـیـا ئـەرێ تـۆ چـی؟
دەبـێ بـۆ هـێـنـد بـە زەلـکـاوی نـەزانـی‌و جـەهـلـدا ڕۆچـی
سـەرەنجـام (فـاتـیـحـی) وا تـۆش خـەریـکـی تـۆشـەیـی کـۆچـی
(کـە دوا قـۆنـاغ‌و دواڕۆژی بـەشـەر هـەر مـردنـە بـۆچـی
ئـەتـۆ (عـوسمـان) شـل‌و هـول بـووی لـە گـریـان‌و فـوغـانم دا!)

١٩٨٢/٩/٨ شیوەمێرە

# پێنج خشتەکیی
# لەسەر هەڵبەستێکی (عوسمانی وەجاخی)

بـه دڵ کـه گـوێ لـه ئـاوازەوخـرەی خـڕخـاڵـی ڕابـگـری
لەخۆشییان ڕەنگە عاشق خۆی بە قوربـان کـا، لـه بـۆی بمـری
به چاوی بازو نەغمەی ساز، بـه سیـنـەی پـاکی وەك بـەفـری
(له حەول‌و حەوشی مزگەوتێ کە جار جار دێت و ڕادەبـری
بـه کـەشـم‌و نـەشمی شازادە، بـه دەسـتـی گۆزەڵـەو کـتری)

به خوێنم دەسـتـی ڕەنـگـیـنـه، دڵم بـەو دەسـتـه خـوێـنـیـنـه
تـەمـاشـاکـەن چ بـێ دیـنـه، چ خـۆش ڕەفـتـارو شـیـریـنـه!
بـه لـێـوان شـەکـرو هـەنـگـویـنـه، بـه ئـەبـرۆ ئـافـەتـی دیـنـه
(بـه چـاوان بـازو شـاهـیـنـه، بـه گـەردن ئـاهـویـی چـیـنـه
(تعالی الله) چ شـیـریـنـه، کـه خـۆی دەشـلـێـنـی وەك قـومـری)

ڕەقـیـب وەك دڕکـەزی وایـه، دزێـوه چـەشـنـی جـنـدووکـه
گوڵی من نەرمـه وەك تـووکـه، قـەدی سـەروە، دەمـی چـووکـه
مـژۆڵـی تـیـژە چـاڵـووکـه، لـه دڵ ڕاچـوونـی زۆر سـووکـه
(هـەتـا حـەزکـەی ڕەزاسـووکـه، تـەڕو تـازە دەڵـێـی بـووکـه
بـیـعـەیـنـی زێـڕی مـەسـکووکـه، مـەحـاڵـه ئـەرزش‌و قـەدری)

دوو کـوڵـمـی سـووری تـاریـنـه، دوو چاوی پـڕ خـومـاریـنـه

دوو لێوی شەکری زارینە، دوو ئەبرۆی تیری کارینە
دوو پەنجەی شێری کارینە، مژۆڵی سونعی بارینە
(دوو زوڵفی شێوە مارینە، دوو مەمکی خڕ، هەنارینە
بەرو بۆی خاکی ئارینە، لە باخی سینگی وەك بەفری)

خەیاڵات بەسییە لێم لادە، فرێمدا ساغەرو بادە
لەبەر کیژی نەجیبزادە، نەجیبزادەو وەجاخزادە
دڵی عاشق لە لای شادە، چ سۆفی بێ، چ شێخزادە
(بە باڵا سەروی ئازادە، بە ڕوخساری پەریزادە
نییە وەك ئەو لە بەگزادە، لە مەنگوڕ، مامەش‌و موکری)

دوڕی نێو بەحرو دەریایە، دوو کوڵمی وەك چرا وایە
ئەوەی خەڵکی دەڵێن وایە، دڵم بۆی شێت‌و شەیدایە
بە نازو شۆخ‌و لەیلایە، قەدی وەك داری ئاڵایە
(بڵندو بەرزە باڵایە، عەجەب مومتازو ئەعلایە
لە هەر لا دادو غەوغایە، لە شوعلەی تەلعەتی بەدری)

کە دەڕوا عەینی ماشێنە، ئەوەندە پاك‌و خاوێنە
جەماڵی چەشنی ئاوێنە، دوو چاوم چۆمی (لاوێن)ە
نەجیب‌و نەشئەبزوێنە، گوڵێکە تاق‌و بێ وێنە
(لەتیف‌و نەرم‌و خاوێنە، لە دنیا فەردە ئەم وێنە
بەدەن بللورو ئاوێنە، بە شەوقی شەمس ڕادەگری)
دڵم بێ سەبرو ئارامە، لە دووری ئەو گوڵئەندامە

بـە دایـم فـیـکـری هـەرلامـە، لـەبـەر پـیـریـم دەڵـێ مـامـە
بـە دڵ هـەر شـۆرو سـەودامـە، دەمو لـێـوت، ئـەرێ؟ کـامـە
(دەهان وەك مەغـزی بـادامـە، دوو لـێـوی شـەککـەری خـامـە
زەریـفـو مـوشـتـەهـی کـامـە، دەمـی کـێـشـاوە وەك سـەدری)

لـە لایـەك زوڵـمـەتو نـورە، لـە لایـەك لـەیـلـی دەیجـوورە
لـە لایـەك یـاری مـەخمـوورە، لـە لایـەك جـامـی فـەخـفـوورە
لـە لایـەك سـازو سـەنـتـوورە، لـە لایـەك بـەزمـی نـاجـوورە
(بە چیهرە ئـەبـیـەزو سـوورە، بـە سـیـنـە شـەمعـی کافـوورە
مـەحـلـلـی بـەنـكو بـەرمـوورە، دەگـرمـێـنـێ وەکـوو هـەوری)

بە لێوی سووری سەرجامی، بـە مـاچـی کـوڵـمـی خـۆش تـامـی
بە غەمزەی چاوی پـڕسـامـی، بـە عـیـشـوەو نـازو سـەرسـامـی
بـە لـیـمـۆی زەردی نـاکـامـی، بـە نـوقـڵـی زاری بـادامـی
(بەڕێکوپێکیی ئـەنـدامـی، بـە لـووسو لـێـکـیـی ئـەجسـامـی
ئەسانی مەککەیـە بـێ شـك، دەڵـێـم یـا گـەوهـەری بـەحـری)

خەتو خـاڵـی لـەسـەر کـوڵـمـی، چ نـەخشـێـکـە چـلـۆن واهـات
گەلێ دوورە لە فـیـکـری مـن، بـە کـەس نـابـێ ئـەوە ئـیـسـبـات
دەزانـی( فـاتـیـحـی) مـەدحـی گـوڵـت بـۆ تـۆ کـە دەس نـادات
(لە وەسفی زینەتی وەجهی، قـەڵـەم بـۆ خـۆی دەکـا ئـیـفـرات
خـەتـات کـەس نـاگـرێ (عـوسـمـان) لـە دنـیـادا هـەتـا دەمـری)
داوداوە ١٩٨٣/٢/٢١

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی
## (کەوکەبی– مەلا نەجمەدینی کەوکەبی شاد)

بەو تیری موژەی، گیانو جگەر غەرقی قرووحە
بەو چاوی ڕەشی، سینەوو دڵ پڕ لە ترووحە
ئەو خونچەگوڵە، قابیلی سەد تەرزە مەدووحە
(ئەو یارە لە بۆ جەژنی دڵان،سەیقەلی ڕووحە
ماچی سەری کوڵمی، بە مەسەل جامی سەبووحە)

ئەم باخە سەروخواری، بەیو سێوو هەنارە
عاشق وەرە بنوارە، تۆ لەو لالە عووزارە
فرمێسکی دوو چاوم وەکوو لێشاوی بە هارە
(ئەی دڵ وەرە ناجی بە، لە دەریایی پەژارە
خۆت باوێ لە مێزی، کە دەڵێی کەشتییە نووحە)

فینجانی مەمی گەوهەرو یاقووتە سپیو سوور
خاڵو خەتو ئەگریجە، لە مل شوعلە دەدا دوور
وەك قەوسو قوزەح، ئەو گوڵە سەر تا قەدەمی نوور
(وەك باخی ئیرەم وایە، تەواو، بانو دەرو ژوور
خادیم بە لە بۆ ئەو دەرە، هەرچەند کە جەمووحە)

قــەد نــارەونو ســەروە، بــرۆ مــیــلــی تــەرازوو
لـێو لـەعلی عـەقـیـقو گـوهـەرە گـەردنـی ئـاهـوو
مـوژگـانـی وەکـوو خـەنجـەرو شـێـر پـەنجـەوو بـازوو
(چـاوو دەمو کـوڵـمی، وەکـوو دەفـتـەرچـەیـی جـادوو
دان دانـەیـی خـاڵی، هـەمـوو تـەفسـیرو شـرووحـە)

بـا چـیـدی نـەکـەم نـاڵە لـە دەس ئـەزیـەتو زوڵـمـەت
یـاران مــەدەدێ، تـاوەکـوو کـەی شـیـوەن و زیـلـلـەت
ســووتــاوە دەرونم، بــە گــڕی ئــاوری فــیرقــەت
(ئەو پەرچەمی ڕەشماری لـەسـەر سـەفحـەیـی ڕوومـەت
زەنجی مـەسـەلو، ڕێکو، لـەسـەف بـەسـتـی فـتـووحـە)

ئەی چەپکەگوڵی بەسـتـە، لـە نـێو گوڵشـەنـی نـەورۆز
ئـەی تـاقـی بـرۆت سـوجـدەگـەهـی عـابـیـدی دڵسـۆز
ئەی کوڵمی زەنخدانو ڕوخـت شـەمعی شـەب ئـەفـرۆز
(بـەو تـیری مـوژەی ڕێـزی، لـە شـەڕ تـیـژی، جگـەردۆز
چـەنـد عـاشـقـی بـێـچارە هـەمـوو گـیـانـی جـرووحـە)

ئـەمـڕۆکـە لـە بـازاڕی جـیـهـان شـۆخو پـەسـەنـدی
دڵ شـێـتـە، لـە تـاوی دەگـریـی بـۆمـەیو ڕەنـدی
بـۆ مـاچـی دەمو سـێوی مـەمو، ڕوومـەتـی قـەنـدی
(دڵ حـەپـسو گـرفـتـارە، بـە دوو زوڵـفـی کـەمـەنـدی
پــێــکـاوو بـریـنـداری بـرۆی قـەوسو مـرووحـە)

تەن پیرو زەعیفو وەڕزو عاجزە، یارۆ
وەك بولبولی بێچارە لەبۆ گوڵ کزە، یارۆ
کافر ڕەوشو، فیتنەگەرو ڕافزە، یارۆ
(کارمامزە، ڕوو قرمزە، بۆ دڵ دزە، یارۆ
قەد عەرعەرە، گوڵ مەخمەرە، وەك ڕۆژی سنووحە)

ئەی دڵ وەرە لەو بەزمە ئەتۆ بیکە بەخۆشی
ئەو یارە وەکوو خونچەگوڵە، خۆشە سرۆشی
دڵ کەوتە سەما، مەستە، چ مەحزونە خرۆشی
(بەو چاوی قەدەح وێنە، کەوا مەی دەفرۆشی
دڵ ماتو سەراسیمەوو بێ هەستو نشووحە)

پەروانە سیفەت، بۆ شەمی ڕووی ماتمو بێ هەست
سەوداسەری یارێکە دڵم، خەستەوو سەرمەست
بولبول بە نەفامی بوو، کە سەرکوڵی گوڵی گەست
(عاشق کە لە گوڵزاری دەمی، چەپکەگوڵی بەست
بۆ سوجدە لە ناو تەکیە پەشیمانی نەسووحە)

(فاتیحی) وەرە جارێکی ئە لەو یارە بپرسە
مەعلوومە کە ئەو، خونچە گوڵی ڕەوزەیی قودسە
هەر دەردی ئەوین زەحمەتە، پڕ ئەزیەتو قورسە
(ئەی (کەوکەبی) تۆ لادە لە ئەم ڕێگە بەترسە
دای ناوە سەری ئەو کەسە دارایی جنووحە)

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (قانیع)

## (فلوس)

ئەی فلوس! تۆ بۆ هەژاران، گەرمی چەشنی ئاگری
بۆ هەتیوو بێ نەوایان، کۆشك‌و خێمەو چادری
ڕۆژی تەنگانەو شەڕو شۆڕ، تۆ لە مەیدان حازری
(ئەی فلوس وەڵڵاٚ لە دایك‌و باب‌و باپیر چاتری
تۆ لە دوو سەد خزم‌و خوێش‌و شێخ و دەستگر چاتری)

حازری فەرمانی تۆن میرو گەداو شێخ، بێ پەلە
هەر لەسەر تۆیە لە دنیا بەزم‌و هەڵڵاٚو گێچەڵە
کاری کوردانیش لەبەر تۆ ناتەواوەو پووچەڵە
(هەی بە قوربانی زڕەت بم ڕۆژی سەوداو مامەڵە
تۆ لە تیرو خەنجەرو بڕنۆ گەلێ ئازاتری)

سەیری دەعیەو پۆزو هاشەی، ئەم بزەی پووره گوڵێم
وا لە داخانی دەسووتێم عەینی پۆلووی سەر کڵێم
دوور لە قەوم‌و دۆست‌و یارم، بولبولی پۆپەی چڵێم
(وا بزانم بێ ئەدەب نابم، ئەگەر ئەمڕۆ بڵێم
تۆ لە لوقمان‌و ئەرەستوو عالیم و زانا تری)

پیاوی زانا ئەم زەمانە برسیەو قەت نابێ تێر
چونکە هەر نادانە خاوەن پارەیەو بێ خێرو بێر
فەیلەسوف دوورەپەرێزە، گەل فرۆش بۆ پارە کوێر
(من بە چاوی خۆم دەبینم کەمتیارت کردە شێر
بەینی بەینەڵلاّ لە خواجەو فەیلەسوف وریاتری )

ئەو کەسەی دوێنی کەدەتدی لینگ دڕاوو قوون دڕاو
ئەورِۆ دەیبینی بە کەشخەو قۆندەرەو بەرگ و کڵاّو
هەر لەبەر تۆ بوونە جاش‌و نۆکەری ئابڕوو تکاو
( چەن زەبەللاحو قوڕمساغو تەڕاحت کردە پیاو
جا کەوا بوو تۆ لە خوێندن چاترو باڵاّتری)

خاوەنی دینارو فلسە، قاتیلی پیاوی هەژار
باخەڵی هەرکەس لە تۆ خاڵی بێ شێتەو بێ قەرار
هەرچی تۆ کردووتە بۆ کەس نایەتە حەددو ژمار
(کلکی کەر بەرزکەیتەوە ئەیکەی بە پێشەنگی قەتار
ئافەرین بۆ تۆ فلس، بێ شك لە من دانا تری)

**چوارقوڕنە** ١٩٨١/٥/٥

## پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (ڕەباتی)

ئـەی وەتـەن قـوربـانـی ئـاووخـاکـی کـوردسـتـانـتـم
ئـەی وەتـەن عـەبـداڵو وێـڵـی سوور گـوڵـی شـاخـانـتـم
ئـەی وەتـەن بـۆ بـاخـەکـانـت بـولـبـولی خـۆشـخـوانـتـم
(ئـەی وەتـەن سـەربـازی کـوردم، گـیـانـفـیـدای لاوانـتـم
بـۆ شـکـسـتـی بـاوی تـۆیـە دیـدە پـڕگـریـانـتـم)

دەست بە خوێنی دوژمنانت سوور دەکەم وەك پاڵەوان
ڕاپـەڕیـنـم وەك هـەڵـۆیـە، هـەڵـمـەتم شـێـری ژیـان
شەرتە هەرگیز ڕانـەوەستم، ڕاو دەنێم بێگانـەکـان
(چـونـکـە وا تـۆیـان زەوت کـرد تـاقـمـی زۆر دارەکـان
جـارێ بـێـدەنـگـم لـە تـاوا سـیـنـە پـڕ سـۆزانـتـم)

دەیـکـەمـە قـووتـی ژیـانم هـەرزنو گـاڵو بـەڕوو
خەنجەرو شیرو تفەنگم، داری گۆچان بێو چەقوو
ڕادەوەستم دەچمە مەیدان، قاو دەدەم ئەغیاری توو
(ڕۆژو شەو بۆ تۆ خەریکم سەرفراز بی زوو بە زوو
بـۆیـە وا مـن هـەڵـئـەسووڕێـم وێـڵو سـەرگـەردانـتـم)

ئەی وەتەن شایانی مەدحی، لایەقی وەسفت بکەن
حـەیـفـە بـۆ تـۆ ڕۆڵـەکـانـت هەوڵی ڕزگاریت نەدەن
شارو دێهاتو کەژو کێو، شاهیدی ئەو حاڵەتەن
(دوژمـنـان ئـەمـڕۆ لـەگـەڵـتـا هـەر سـتـەمکاری دەکەن
بـۆیـە وا نـاحـەز بـە کـۆڕو خـێـڵـی خـوێـنـخـۆرانـتـم)

ئەی وەتەن بۆ سەرفرازیت عـالـەمـێ بـۆت بـوونـە پـرد
خوێنی گەشیان بوو بە لافاو کۆشکی زۆر دارانـی بـرد
بوونەتە داردەستی دوژمن، خـائـیـنـان، چ درشـت چ ورد
(چونکە ناپاکن لەگەڵتا چەند کـەسـی فـێـڵـبـازی کـورد
داخی سـەخـتـە بـۆیـە ئـەمـڕۆ جـەرگـو دڵ بـریـانـتـم)

ئـەی وەتـەن ئـاوو هـەواکـەت، وەك بـەهـەشـتـە بـێ درۆ
تـاقـە بـووکـی ئـاسـیـا تـۆی، خـاوەنـی گـەنجی بـەکـۆ
بۆیە وا دڵ بـۆت دەسـووتـێ بـێ کـەسـی ڕووی دا لـە تـۆ
(خۆشە خاکی گەرمیانت، چونکە جـێـگـەی گـەنم‌و جـۆ
وەی کە چـەنـد ئـاواتـی بـاخ‌و کشـتـوکـاڵ، کـوێـسـتـانـتـم)

نیشتیمانم وەك بەهەشتە، چون چیاو دەشت‌و چـەمـەن
پـڕگـوڵ‌و لالـەو هـەلاڵـەو نـەرگـس‌و سـەروو سـەمـەن
(فـاتـیـحـی) شـەیـدایـە بـۆ تـۆ، وێـڵـە بـۆ دارو دەوەن
(بـێـن بـزانـن چـەنـد پـەرێشانم هـەمـیـشـە بـۆ وەتـەن
گشـت لـە داخـی دەردەداری کـەم دەسـیـی کـوردانـتـم)
زێوکە ١٩٦٨/٩/١٨

# پێنج خشتەکیی لەسەر

## هەڵبەستێکی (سەیدکامیلی ئیمامی- ئاوات)

جەوانو مەغرور، بێ هۆشو هەوت
لە حاڵی خۆشیو مەستی سەرکەوت
شریتی عومرم بۆی وەگەڕ کەوت
(لە ناکاو پیریم لێ وەدەرکەوت
بەختیش وەکو خۆم هاتو لێی خەوت

دونیا بۆ بەشەر وەك دانەداوە
ئەی خودا هاوار چیم لێقەوماوە؟
هەر لایەك دەچم تەواو شێواوە
(دەرکی نەجاتم لێ داخراوە
ڕێگەی ڕزگاریم ڕێك خوارو چەوت)

هێند پیرم نیمە نەخواردن، نەخەو
لە گەل جێماوم، ڕۆیی هێزی ڕەو
کەوتوومە قەفەز، بەندیم وەکوو کەو
(ڕۆژی ڕووناکم تاریکە وەك شەو
چرای ژیانم ماوە بێ نەوت)

ڕێــی چــاکــان بــگــره بــرام وا چــاکــه
لـه دەس خـۆت نـەدەی ئـەو دیـنـه پـاکـه
لـه دەس نـەفسـی شـووم بـۆ کـێـو هـەڕاکـه
(فـتـیـلـەی حـەیـات بـەحـاڵ ڕوونـاکـه
هـەر بـیـنـا ئـەویـش لـه سـووتـان کـەوت)

ژیـنـی ئـێـسـتـاکـەم ژیـنـی دۆمـیـیـه
بـه گـۆچـان دەچـم بـۆ ئـەو قـۆپـیـیـه
ئـەو ژیـنـه تـاڵـه تـوخـوا بـۆ چـیـیـه؟
(جـێـگـەی گـەڕانم تـاسـەر چـۆمـیـیـه
جـێـی دانـیـشـتـنـم دەرگـای مـزگـەوت)

خـۆشـیـم قـەت نـەدی بـەخـتـم چـەتـوونـه
خـەتـای کـێ دەگـری دونـیـاکـه دوونـه
پـیـریـم مـیـوانـەو جـەسـتـەم زەبـوونـه
(هـەی هـەی لـەو ژیـنـه لـەم بـەڕێـچـوونـه
کـەچـی بـەو حـاڵـەش دڵ هـەر نـەسـرەوت)

بـوون بـه هـاودەمـم خـەمو پـەژاره
دڵ ئـێـسـتـاش شـێـتـی دیـداری یـاره
لـەگـەڵـیـان دەڕۆم چـارم نـاچـاره
(ئـەسـپـی تـەبـیـعـەت هـێـشـتـا هـەر سـواره
هەروا بەکاره خۆشجڵەو خۆشڕەوت

لــــە دەســــتــــم داوە عــــومــــری بــــێ عــــەمــــەل
تــــازە زەحمــــەتــــە بــــۆم هــــەڵــــکــــەوێ هــــەل
لــــە مــــالاً کــــەوتــــووم لاڵو کــــوێــــرو شــــەل
(چــوارینــــەو هــەڵــبــەســت، قــەســیــدەو غــەزەل
یــەك لــە دوای یــەك دێــن، پــێــنــج، شــەش‌و حــەوت)

قــەســەم بــەو کــەســەی بــێ جــێ‌و مــەکــانــە
شــــیــــعــــرت ئــــاوادارە، قــــووتــــی ڕەوانــــە
(فــاتــیــحــی) بــۆ تــۆ شــێــتــەو دێــوانــە
(ئــەو تــەبــعــە ســوارە، تــونــدو ڕەوانــە
بــۆ تــۆ (ئــیــمــامــی) زەحمــەت بــێ زەوت)

١٩٩٥/٥/٨ گردئاشەوان

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی
# (علی بەگی حەیدەری)

ئـەی جـێـگـری تـەیـفـورو شـەهـی دەهـلـەوو سـەرهـەنـد
ئـەی شـاهـی بـڵـنـد پـایـەوو مـەعشووقـی هونـەرمـەنـد
ئەی ڕێرەوی ڕێبازی بوخاراوو نەقشبەند
(تـابـێـنـیٚ سـەبـا بـێـنـیٚ لـە تـۆ، شـادمو خـورسـەنـد
ڕووحم بە فیدای مەرقەدت، ئەی شاهی شەرەفکەند)

هێند بەرزە مەقامت، لە سەرووی ئەختەرو ماهی
نوری لە جیهان لابەری زوڵماتو گوناهی
ئـەوسـافـی جـەمـیـلـت بـەخـودا لامـوتـەنـاهـی
(ئـەی سـەروی بـەهـەشـتو گـوڵو گـوڵـزاری ئـیـلاهـی
دووریم لە گوڵی ڕووتو قەدی سەروی تۆ تا چەند)

غـەوواسـی دوڕی مـەعـنـی لـە هـەر سـوچو کـەنـارا
(چـشـمـت بمـن انـداز عـزیـزم تـو خـدا را)
نـووری دڵـی تـاریـکـی لـە دەیجـوری بـەهـارا
(تـۆ مـەزهـەری ئـەنـواری وەکـوو شـاهـی بـوخـارا
تۆ مەحرەمی ئەسراری، وەك ئەحـرارِی سـەمـەرقـەنـد)

ئـەی دڵ وەرە بـۆ بـاخـی تـەریـقـەت وەکـوو مـەل بـە
بـولـبـول بـە لـە گـوڵـزارو غـەزەلخـوانـی جـەبـەل بـە
پـەروانـە سـیـفـەت بـۆو شـەمـە ئـامـادەی هـەل بـە
(ئـازادە لـە دوو عـالـەمو ئـاسـودەیـی قـەلـبـە
هـەرکـەس، کـە بـەزنجیری عـەلاقـەت هـەیـە پـابـەنـد)

وەك کـەعـبـەیـی حـاجـاتـە، بـە قـوربـان حـەرەمـی تـۆ
کـوحـلـی بـەسـەرە، خـاکـی بـەری پـێو قـەدەمـی تـۆ
شـاهـەنشـەهـ و سـوڵـتـانـە لـە دونـیـا خـەدەمـی تـۆ
(ئـومـێـدی نـەجـاتـی مـنـە، لـوتـفـو کـەرەمـی تـۆ
هەرچەندە کەباری گونەهـم قورسـە وەکـوو ئـەڵوەنـد)

لـەو ڕۆژەوە ڕۆژی ڕوخـی تـۆ لـێـرە بـووە ون
تـۆ ڕۆیـی لـە ڕێـی خـۆتو دەبـڕاوانـە شـەهـی مـن
جـەرگـم بـە سـەرەنـێـزە هـەمـوو لـەت بـووە، کـونـکـون
(بـێ تـۆیـیـە وا دێـنو دەچـن شـێـخـی درۆزن
نـەزدیـك لـە شـەیـتـانـو دوورن لـە خـوداوەنـد)

هـەر قـەومـێ نـەبـن پـەیـرەوی زانـاوو مـەلایـان
لای عـالـەمـی بـاتـین نـیـیـە هـیـچ قـەدرو بـەهـایـان
بـۆ پـیـری شـەریـعـەت نـەگـرێ دەنـگو سـەدایـان
(ئـەو شـێـخـە جـەهـولانـە تـەمـاشـاکـە لـەلایـان
فـەرقـی نـیـیـە قـورئـانـی خـوداو سـەفـحـەیـی پـازەنـد)

ئەی دڵ وەرە لەو وەزعە پەرێشانەیە بگری
ئەی خوایە بە دوورم کە، لە شەیتانو لە مەکری
پیر ڕۆیی لە بورهانو ئیتر کەس نییە سەبری
(ئاخ بۆ عومەرو لەشکری ئیسلام کە موکری
ئەوڕۆکە لەبەر شێخی درۆ بۆتە نەهاوەند)

لەو دەرکە نەکەی دوور بکەوی (فاتیحی) تۆ قەت
سا بەسیە برام جەورو جەفاو ناڵەوو زیللەت
بۆ یادی خودا کافییە بۆت گۆشەیی خەڵوەت
(لەم وەعزە وەرە (حەیدەری) توخوا مەکە غەفڵەت
گوێ بگرە لە ئەم پەندە، بەڵا مەردی خێرەدمەند)

گردئاشەوان ١٩٩٦/٤/١٩

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی
## (سید عەبدولقادری سەیادەت)

خــەیــاڵــم وایــە غــەوغــایــەك بــەپــاکــەم
لــە ڕێــی گــەلــدا ســەرو مــاڵــم فــیــدا کــەم
لــە داخــی دۆســتــە بــێ شــەرتو بــەقــاکــەم
(بـەعـەهـدی خـۆم ئـەمـن شـەرت بـێ وەفـاکـەم
دەبــا هــەر بــێ وەفــابــێ ئــاشــنــاکــەم)

لـەگـەڵ مـنـدا زەمـان کـەوتـۆتـە سـەر قـین
دەچـێـژێ پـێـم جـەفـاو گـریـانو نـاڵـین
نـە ئـیـنـسـافـە، نـە ویـژدانـە، نـە ڕێـی دیـن
(ئـەگـەر ڕۆژم نـەبـوو کـەس ئـاشـنـام نـین
هـەمـوو نـائـاشـنـان کـاکـەو بـراکـەم)

پـەنـا بـۆ کـوێ بـەرم بـۆ ئـاوو بـۆ نـان؟
وەدەس کـێ کـەوتـووە دۆسـتـی بـە ویـژدان
ئـەگـەر تـۆ لـێـم تـەوەلـلا بـی بـرا گـیـان
(کـەسـێـکـی دی عـەبـام نـاخـاتـە سـەرشـان
ئــەگــەر تــۆزێ دڕا شــانــی کــەواکــەم)

لە ڕێی دڵدا نە عەقڵم ما نە سەروەت
ڕەق و تەق، وشك و بێ هێز، دڵ بە ئەزیەت
پەڕوپۆم هەڵوەری سەد داخ و حەسرەت
(لەبەر پەروانە دەورم چۆڵ نەبوو قەت
هەتا شۆقێکی بوو چۆڵە چراکەم)

ڕەقیبم هاتە پێش وا زوو گوتی پێم
ئەگەرچی کەندو کۆسپیش دێنە سەر ڕێم
بەڵێنم داوە بۆ زیارەت دەبێ بێم
(نەکوو ئەو یارە گەرد بگرێ دڵی لێم
دەبوو گیانیش و ماڵیشی فیدا کەم)

لەسەر من کۆیە، چی دەردو بەڵایە
لە دەس ئەو دۆستە من چیبکەم خودایە؟!
لەسەر ئەو پێم گەیی چی ناڕەوایە
(کەچی ئێستا کە هەر ئەو نابرایە
دەڵێ نەمدیوی ناتناسم براکەم)

وەکوو زیندانە پێم سەیران لە باخا
لە تاوی لەیلی خۆی فەوتاند لە ناخا
هەزار خۆزگەم بە مەجنون وا لە شاخا
(دەڵێم تەرکی هەموو کەس کەم لە داخا
هەتا مەجبور نەبم هەربێم و ڕاکەم)

ئەوا پیر بووم و گەندەڵ بووم وەکوو بی
شەوو ڕۆژ شیوەن‌و گریانمە، نەتدی؟
فلیمی سینەما بوو هەرچی دەمدی
(لە ئاوی چاوما غەرقم بڵێم چی
لە خۆم خنکاوترە خۆ ناخوداکەم)

دەبی هەرخۆم خەمی خۆمم هەبێ‌و بەس
لەبەرمابێ حەریرو کێش‌و ئەتڵەس
زەمانە، (فاتیحی) نەیدیوە وا پەس
(ئەگەر ڕۆژم نەبوو، ڕووی لێم نیە کەس
(سەید) وەك ڕۆژپەرستە ئاشناکەم)

١٩٩٦/٨/٥ گردئاشەوان

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی
## (سەید عەبدولقادری سەیادەت)

من غولامی چینی زوڵفو، شێتو شەیدای پەرچەمم
عاشقی ئەبرۆی کەوانو، سێوو لیمۆی دوو مەمم
تۆزی ڕێگەی دڵبەرانو، کوشتەیی شەهدی دەمم
(من پەرێشانە دڵم، ئەمڕۆ کە غەرقی ماتەمم
وەك چیای بەرزم بەلاَم گیرۆدەیی هەورو تەمم)

دەردەداری کوڵمی سوورو، ماچی سەرگۆناو لەبم
بۆ تەوافی خاڵی ڕووت دێم، لێم گەڕێ هەرچی هەبم
کەی دەوای دەردی نەخۆش ئاوایە؟ یا خوا هەر نەبم
(نامەوێ کەس باری دەردم هەڵگرێ مەجنوون دەبم
هەر ئەوەندەی خۆی نەبێتە بارو سەرباری خەمم)

کاتی لاویم زۆر دەمێکە زیزە لێم، جێم هێشتووە
خەرمەنی عومرم بە بێژینگی عەمەل دابێژتووە
خانە خوێی پیریم، تەنافی لەرزو تام ڕاهێشتووە
(پیر بوم‌و دەردو خەمی دنیام هەموو جۆر چێشتووە
پیرە دار دانایە من بەو بارەوە چۆن ناچەمم)

چاوەکەم ئەو زوڵمە تاکەی؟ عاشقی بێچارە مرد
لەشکری زوڵفی تەتارو تیری ئەبرۆت چی نەکرد؟
نیوە گیانێکم لەبەردابوو بە غەمزێك پاکی برد
(ماڵی ئەو زوڵفە پەرێشان بێ منی گیرۆ دە کرد
ئێستە بەو خۆشناوییەی من بووم، بە ڕیسوای عالەمم)

ئەو دڵەی یارم دزیبووی، جامی مەی خواردۆتەوە
لوتفی جارانی نەماوە، مەیلەکەی سارد بۆتەوە
بێ ئەوەی ئاگام لەخۆبێ، بۆ منی ناردۆتەوە
(ڕۆژی ڕەش وا پڕتەوی ڕووی تۆی لە من شاردۆتەوە
چارەڕەش من تازە هیواداری شوعلێکی شەمم)

نیونیگای چاوت عیلاجی ئەو دڵەی پڕ دەردمە
وەسڵی یار ئارامی قەلبو، ڕەنگو ڕوویی زەردمە
دووری تۆ مایەیی شەڕاڕەو، ئاهی سینەی سەردمە
(تۆزی گەردی ڕێگەکەت دەرمانی زەخمی دەردمە
هەر بە هیوای تۆزێ لوتفی تۆمو تۆزێ مەرهەمم)

سۆزی سینەی پڕ خرۆشم عالەمێکی خستە حاڵ
(فاتیحی) گریانە پیشەی پیرەمەردی کۆنەساڵ
تامی دڵداریم نەزانی، سادەوو نەکوڵیوو کاڵ
(ناڵەناڵی دڵ دەلاوێنێتەوە کۆرپەی خەیاڵ
هەر شەوە تا ڕۆژ (سەید) گوێڕاگری زیرو بەمم)
**١٩٩٦/٨/١٥ گردئاشەوان**

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی

# (عوسمانی وەجاخی)

هەوای دنیا منی فەوتاند، ئەمن بۆ حاڵی خۆم چبکەم؟
لە ڕێی هەق بۆ خودا سەرفی نەکەم سا، ماڵی خۆم چبکەم؟
لە پێ کەوتووم، ئەسیرم، دوژمنن منداڵی خۆم چبکەم؟
(ئەوا پیر بووم ئەگەر بیرێ نەکەم لەو حاڵی خۆم چبکەم
هەتا کەی غافڵی ئەی دڵ، ئەگەر بۆخوا نەڕۆم چبکەم؟)

خەمی دنیا ئەبەد ناخوا کەسێکی مەردی ئازا بێ
تەماعی ماڵی دنیا هیچ نییە، هەر ڕووت لە عوقبا بێ
ئەوەی ترسی لە دۆزەخ بێ، ئەوەت پێ چاكو زانا بێ
(کە دنیا فانییە بۆ خۆی وەفاش قەت بۆ کەسێ نابێ
کە وایە من ئەگەر ئیتر لە دنیا دەست نەشۆم چبکەم؟)

دڵم سووتا لە تاو کۆچی ڕەفیقانم کە ڕابردوون
خەمی خۆتت هەبێ چاوم، مەڵێ یارانی من نوستوون
لە خۆشیو نیعمەتا شادن، ئەتۆ پێت وا نەبێ مردوون
(هەزاران دۆست، برادەر، ئاشنا، هاتوونو ڕابردوون
ئەگەر مردن پەلاماری ئەوا هێنا لەبۆم، چبکەم)

بـه هـەرلایـێ دەچـم جـەهـلو نـەزانـی تـیـنـی هـێـنـاوە
ئەوەی هۆی زیندەگانیم بێ، ئە لەو دنیایە نەم ماوە
وەکوو پـوڵـی چـرووك وایـە، ئـەوەی پـێـت وایـە ئـەو پـیـاوە
(لـە بـەدبـەخـتـیو نـەزانـیـمـە، دڵـم بـەسـتـوە بـە دنـیـاوە
لە ناکاو مەرگ تووشم بێ، دەبینم ڕەنجەڕۆم، چبکەم؟)

لـە دنـیـا هـەر وەکـوو گـورگـین، مـەحـاڵـە بـکـرێ بـاشـارمـان
ئـەوەنـد قـورسو گـرانـە، زەحـمـەتـە هـەڵـگـرتـنـی بـارمـان
کە مردین بـوویـنـە خـاكو خـۆڵ، دەمـێـنـێ تـاقـە کـردارمـان
(لـە نـاو ئـەو گـۆڕە تـاریـکـە، کـەسـێ نـایـە لـە هـاوارمـان
بە هەڵمی ئاگری دۆزەخ، ئەگەر کرا ئاورەسۆم، چبکەم؟)

لـە نـاو بـەحـری گـونـاهـانـدا، وەهـا غـەرقـم نـیـیـە شـوێـنـم
کـراسـی پـیـسو بـەدنـاویـم فـڕێـدەم، پـاکـی بـدڕێـنـم
لەبەر زۆریی خەتاو جورمـم، ئـەرێ بـۆ خـۆم نـەخـنـکـێـنـم؟
(بـە تـۆزی دوکـەڵـی عسـیـان، وەهـا چـڵـکـنو دژوێـنـم
بە ئاوی حەوزی کەوسەر گوناهانم نەشۆم چبکەم؟)

بـەسـە دنـیـات بـەکـار نـایـە، ئـەتـۆ بـۆ هـێـنـدە نـادانـی؟
شەوو ڕۆژ مزگـەوت جێت بـێ، ئـەگـەر تـۆ ژیـرو ئـیـنـسـانـی
هـەتـاکـەی گـوێ لـەمـسـتـی نـەفـسـی ئـەممـارەتو شـەیـتـانـی؟
(وەرە تـا فـرسـەتـێـك مـاوە، بـکـەیـن تـۆبـەو پـەشـیـمـانـی
ئەگەر لەم ماوەیی کەمدا، خەمێك بۆ خۆم نەخۆم، چبکەم؟)

لــه دنــیــا خــۆشــه تــا مــاوی مــریــدی ئــالی تــاهــا بــی
لەبــۆ تــۆش (فــاتــیحی) چاکه لەگەڵ پــیــاوانــی خــوادا بــی
لــه حــەلــقــەی زیــکــرو تــەهــلــیــلــی کــوڕانــی بــا خــەبــەردا بــی
(پەنا بۆ خوا، دروودم بۆ موحەممەد، ئالو ئەسحابی
ئەوە ڕێی چارەیە (عوسمان)، دەنا بێ عوزرو هۆم، چبکەم؟)

**۱۹۹٦/۱۰/۱۱ گردئاشەوان**

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی (حەقیقی)

برا ئەو نسحەتەی من بگرە گوێ، چەند جوانو شیرینە
هونەر فێربە هونەر جوانە، هونەر ئەسبابی تەمکینە
کەسێ جوان بێ چ موحتاجە بە زێڕو زێوو پەشمینە
(بەری باغی ژیان شیرینە، گەر زانینە ئەو ژینە
نەزان وەك هەژگەڵی بێ کەڵکە، بۆ سووتانو پەرژینە)

کەسێ نەیخوێندو نەیزانی، نەزانە سەربەخۆ تۆپی
کە زانین بوو بە دەزمایەت، عەزیزو بەرزو سەرتۆپی
بخوێنە، خوێندەوار بەرزە، بە چەشنی داری دەم قۆپی
(هونەر دارێکی بەرزە، دوڕڕو مەرجانە لقو پۆپی
هونەروەر نامرێ، چون باغەوانی عیلمو زانینە)

سلووکی عاریفانەت بێ، ئەگەر تۆ مەردو ئینسانی
وەرە سەر ڕێی هەقیقەت، ڕوو لە خوێندن کە هەتا جوانی
لە دەس خۆتی مەدە ئەو عومرە شیرینەت بە هەرزانی
(لە خوێندن چاو مەچووقێنە، مەبە مایەی پەشیمانی
نەسیبی دوژمنت بێ جاهیلی، بارێکی سەنگینە)

تەماشا ئەو وتەی خەیرولبەشەر چەن بەرزە، چەن جوانە
نەزان بێ قیمەتو قەدرە، لە کردەی خۆی پەشیمانە
بڕۆن عیلمو هونەر فێر بن، مەقامی بەرزی ئینسانە
(نەزانین عەیبە، نازان سوکە، ژینی نەنگە بڕوانە
وتەی زانا چ شیرینە، وشەی نادان چ نەنگینە)

بە منداڵت بخوێنە گوێ دە ئەو فەرمووده چەن بەرزە!
ئەوەی نادانە سەر شۆڕە، ئەوەی زانایە سەر بەرزە
وەکوو زیندانە بۆ پیاوی نەزان پانایی ئەو عەرزە
(مەڵێن بۆ نێرو مێ فەرقی هەیە، فەرموویەتی فەرزە
لەسەر کوللی موسڵمانێ، چ مێ بێتو چ نێرینە)

بە خۆڕایی لە دەستم دا تەمەن، پێم وابوو زۆر زوویە
بخوێنە چاوەکەم بۆ دین، نەزان بێ عەقڵو پڕ ڕوویە
تەماشام کرد وەکوو بەفرە، سپی بوو ئەو هەموو موویە
(لە بابەت خوێندنێ پێغەمبەری موختار فەرموویە
وەدووی خوێندن کەون، بچنێ، ئەگەر چوونو لە بۆ چینە)

دەڵێن ئەو عیلمی دنیایی، بە کاری ئاخیرەت نایە
لە مامۆستا دەپرسێ (فاتیحی) لەو ساتو سەودایە
وەرە با پێت بڵێم ئەی ئەو کەسەی عەقڵت لە سەر دایە
(حەقیقی) وەك نەزانین ئافەتە بۆ دینو دنیایە
هەقیقەت عیلمو زانین، زیبی دنیاو زیوەری دینە)
١٩٩٥/٨/١٥ گردئاشەوان

# پێنج خشتەکیی لەسەر هەڵبەستێکی

## (سەید کامیلی ئیمامی)

ژیانی ئەو کەژو شاخە، هەمووی دەردو خەمی پێوە
لەبۆ من عەینی زیندانە، ڕەفیقم هەر جنو دێوە
بە زاهیر تۆ تەماشا کەی، سەراسەر گەوهەرو زێوە
(لە ئەحواڵی (ئیمامی) گەر دەپرسن چۆنە بێ ئێوە؟
سەری سوڕماوە لەم کوێستانەدا بێ هەمدەم و خێوە)

وەکوو دارێکی بێ ڕیشە، دەڵەرزێ لەش بە دەم باوە
بڵێی ڕۆژێ بە دیداری جەنابت شاد بێ ئەو چاوە؟
نەیەی دەمرم، لە دووریت خەم فشاری هێندە هێناوە
(بکە ڕوحمێ بەحاڵی، هەر بەحاڵ هێزی لەبەر ماوە
عەجایب گیری کرد لەم سەر زەمینە پڕ کەژو کێوە)

ئەگەر پێت وایە جێگەم باسەفایەو نەشئە بزوێنە
بەبێ دیداری دۆستان (کانی بەن) وەك (دەشتی بیتوێنە)
بە یادی سوحبەتی جاران، وەرە لەو لایە بخوێنە
(مەڵێن کوێستانە جێگای لێگەڕێن، قشلاخە، بژوێنە
بە ئینسان چی؟ کە حەیوان تێر ئەخواتو خەڵقی بێ شێوە)

لەبەر گریانو شیوەن جەرگو دڵ سەرپاکی سووتاوە
بەتینی ئاگری دووریت سەرو ماڵم لە دەست داوە
وەرە سەیری دەروونم کە، هەمووی خوێناوو زووخاوە
(ئەگەر چی گیاوگژی ئەم سەرزەمینە سەوزو تێراوە
بەڵام بۆ من لە دوری ئێوە وشكو پڕ چڕو چێوە)

لەنێو ئەو شاخو دۆڵو بەندەنە ژینێکی زەحمەتمە
بە قەولی (فاتیحی) گەر بێن نیشانەی فەیزو ڕەحمەتمە
بەهاری کوردەوای سەبزو خوڕڕەم، عەینی جەننەتمە
(فیداتان بم وەرن لوتفو هەبێ رۆژی هیلاکەتمە
نەیەن بێ نێونیشانم، بێنە لام هەر (کامیل)م نێوە)

**گردئاشەوان ١٩٩٧/٨/١٧**

# قەدی ئەلفم

قـەدی ئـەلـفـم لـە دووریـت کـۆمـە وەك نـوون
شەتی ئەشکم خڕۆشا، بوو بە جەیحوون
گـوڵـی ژیـنـم نـەمـا شـەوق و شـەفـافـی
لق‌و پۆی هەڵوەراند، دەورانی گەردوون
تـەنـافـی زوڵـفـی ڕەشمـارت لـەسـەر ڕووت
هەزاری وەك منی کردۆتە مەجنوون
لـە سـەیـری بـاخـی ڕوخسـارت نـەبـووم تـێـر
بە کوێری چاوی ئەغیار، بمکە مەمنوون
لـەسـەر سـیـنـگـی خـڕوخـۆڵ‌و تـەمـیـزت
دوو گوهەر شەوچراغ‌و دوڕڕی مەکنوون
زریـنـگـەی پـووڵـەکـەو گـوارەو هـەیـاسـەی
لە گوێمدا دەنگ ئەدەن وەك گەنجی قاڕوون
لـە سـەر سـەفـحـەی دڵـم جـێـگـیرە نـێـوت
وەلا ناچێ بە حیلەو فێڵ‌و ئەفسوون
مـژەو تـیری بـرۆت هـەردوو بـە جـووتـە
لە جەرگی عاشقی بێچارە ڕاچوون
لـە دووریـت (فـاتـیـحـی) دێـوانـە ئـاسـا
وەپشـت خـۆی داوە کـێـوو دەشـت‌و هـامـوون

**١٩٦٨/٧/٣١ داوداوە**

# گەزۆباری

گوڵی ژینت لەبن هێنام بە نازێك یاری نەورەستە
گوتم بۆ خاتری جوانیت بەسە تاوێکی ڕاوەستە
لەژێر پەردەی حەیاو عیسمەت، دوو لێوی وەك گوڵێ پشکووت
گوتی مەیدانی عیشقی من، کەلێی دەرناچی لێی هەستە
بەقوربانی قەدو باڵات، سەروماڵو ڕەزو باخت
بە تاڵانی مەبە ڕوحو شعوورو بیری ئەم هەستە
لەبەر عەترو بخووری چینی زوڵفت ماتو حەیرانم
سەبا جار جارە دەیهێنێ، بە سۆزەی نەرمو ئاهیستە
شەلاڵی خوێنو زووخاوم، بە تیرو خەنجەری ئەبرۆت
لە جێدا کەوتووم، زارو زەلیلو عاجزو خەستە
بەهای ماچێکی لێوت زۆر گرانە، زەحمەتە بۆ من
مەتاعو زێڕو زیوی من لە دنیا شیعرو هەڵبەستە
لە ئاهی دڵ ئەتۆ بۆچی حەزەر ناکەی گوڵی نەورەس؟
برینی دڵ دەوای نایە، بەبێ هەتوانی ئەو دەستە
گەزۆ باری لە دوو لێوت، سەراسەر شەکرو هەنگوینی
وەکوو هەنگو مەگەس پابەندی شەهدی تۆمە پەلبەستە
تەنافی زولفەکانت خستە مل، بۆ کوشتنی عاشق
چ فایدە شینو گریانم لەلای ئەو زاڵمە مەستە
تەوافی بەردی ڕەش بۆ حاجیان مەعلومو مەشهوورە
لە دانەی خاڵی ڕووی مەنعم دەکا ئەو تورکە چاو مەستە

**بە سەد نازو عەتەب تیری لە جەرگی دام‌و بۆی دەرچوو**
**هەموو ڕەفتارو کرداری، درۆ و تەزویرو ئەنقەستە**
**پەرێشان حاڵو ئاشوفتەم، نییە دەرمانێ بۆ دەردم**
**مەگەر یارم لە بۆم بێنێ شەڕابی کۆنی سەربەستە**
**لە دنیا هەر کەسێ هاوڕازو غەمخواری خەمانت بێ**
**بە تەنیا (فاتیحی) هەر ئەو ڕەفیق‌و دۆست‌و گشت کەستە**

**١٩٩٥/٨/٥ گردئاشەوان**

# مەرهەمی زامی دەروون

دڵبەری خۆش مەنزەری ڕووماهی تابانم نەهات
شۆخ و شەنگی نەونەمامی سەروی بوستانم نەهات
ئەو بەهارو پایزو هاوین و زستانەش خەلاس
چاوەڕێ بووم، یارەکەی کاکۆڵ پەرێشانم نەهات
بەختی بێچارەی ڕەشم نەیکردو چارەی دڵ نەبوو
پیری ئیرشادو ڕەفیقی کۆڕی ڕەندانم نەهات
ئەو هەموو دەردو جەفاو ئازارە من چەشتم، ئەبەد
یاری غەمخۆرو هەواڵی کونجی زیندانم نەهات
جەرگ و دڵ سووتاون و، چاو ئاوی سوێری لێ بڕا
ئەو تەبیبە دڵڕەقەی بێ عەهدو پەیمانم نەهات
پیرم و مزگەوتە جێگەم، سەد گوناه و تۆبەیەك
بۆ تەداوی دەردەداریم شاهی خوبانم نەهات
بازی تیژباڵی تەریقەت، مەرهەمی زامی دەروون
نازەنینی دڵڕفێن، خونچەی بەهارانم نەهات
(فاتیحی) تەنیا بەجێماوی لە لاجان، بۆ خەمان
ئەی درێغ! بۆ هاودەمی دەورانی جارانم نەهات

**١٩٩٤/١٢/١٠ گردئاشەوان**

# قامەتی ئەلفم چەماوە

قامەتی ئەلفم چەماوە، چاو دەڕێژێ ئەشکی سوور
تاقەتو سەبرم نەماوە، غەیری زیکری یا غەفوور
وەك چلەی زستانە هاوین، بۆ منی ڕووتو فەقیر
لەندو قەندیلو شنۆم لا گەرمە عەینی شارەزوور
گۆشەیی حوجرەم وەکوو زیندانە جێی دووپشكو مار
بۆ ڕەقیبی موددەعی، دنیا هەمووی قەسرو قسوور
زۆر لەمێژە چاوەڕێمە بەختەکەم هەستێ لە خەو
پێم دەڵێ ڕاوەستە جارێ، بگرە ڕێی پیاوی سەبوور
خەرمەنی عومرم بە با دا، کاتی لاویم چوو لەدەست
ئەی دریغ! چم کرد لە خۆم، چەن زاڵمم، چەن بێ شعوور؟
مەستو مەغروور بووم بە بادەی عیشقی یاری دڵفریب
شێتو نادانو نەزانو سەرسەری‌و ئەبلەو غروور
ئێستەلێم میوانە پیری، شەش دەری لێم گرتوە
پشتی کووڕو، دەستی لەرزۆك، داڕزیوم خوارو ژوور
ئەی خودا! زۆر ناتەواوو ناقیسو دوورم لە هەق
زۆر پەژیوانم لە کارم، ڕووم نییە بێمە حزوور
من سەگی دەرگای حەبیبی تۆمو بوبەکرو عومەر
هەم عەلی‌و عوسمانو ئالت مەعدەنی فەیزو سروور
یا (رسول الله) بە فریادم بگەی ڕۆژی جەزا
بمدەرێ جامێ لە حەوزی کەوسەرت ڕۆژی نشوور
ڕووتو قووتو دەس بەتاڵم، نیمە تۆشەی قەبری تەنگ
(فاتیحی) بێبەش نەکەی لەو ڕەحمەتی وا بێ سنوور
**١٩٩٣/٨/٤ گردئاشەوان**

# بێ دیداری تۆ

بـــەبـــێ دیـــداری تـــۆ ئـــەی گـــوڵ، نـــەخـــۆشـــم
بـــەدایـــم غـــەرقـــی نـــاڵـــین‌و خـــرۆشـــم
بـــە خـــەنـــدەی دڵـــبـــەری حـــۆری ڕەوشـــتـــم
کـــەیـــفـــخـــۆش‌و غـــروورو دڵ لـــە جـــۆشـــم
ئـــەرێ ئـــەی شـــۆخ‌و شـــەنـــگـــی کـــوردەواری
بـــکـــە ڕوحمـــێ نـــەمـــاوە حـــاڵ‌و هـــۆشـــم
حـــەیـــاتم دا لـــە هـــیـــجـــران، گـــیـــانـــە تـــاکـــەی
لـــە خـــەمـــدا خـــەرقـــەیـــی مـــاتـــەم بـــپـــۆشـــم؟
لـــە چـــاوم هـــەڵـــڕژا فـــرمـــێـــسـك، گـــوڕ گـــوڕ
پـــڕی کـــرد بـــاخـــەڵ‌و داوێـــن‌و کـــۆشـــم
مـــەکـــووژە (فـــاتـــیـــحـــی)چـــیـــدی بـــە دووریـــت
بـــەبـــێ تـــۆ دوژمـــنـــە لـــێـــم عـــەقـــڵـــی خـــۆشـــم

١٩٥٦/١١/٦ کەوپەڕ

# هیچ و پووچە کردەوەت

بـۆ سـەفـەر ئـامـادە بـە، تـێـشـووی دەوێ ئـەو مـەنـزڵـە
خـۆشـی نـابـیـنـێ ئـەوەی لـەو ڕێـگـە مـەسـتو غـافـڵـە
نـامـەوێ خـۆشـی لـە دنـیـا، بـێ بـەقـایـەو پـڕ جـەفـا
ژیـنـی دنـیـای پـێ بـەتـاڵـە، هـەرچـی ژیـرو ئـاقـڵـە
کـۆشـكو تـالارو سـەراو پـەردەت لـەگـەڵ نـایـێـتـە گـۆڕ
قوربەسەر خۆتی، بەدەستی خاڵی کوا چیت حاسڵە؟
هـەسـتـە خـۆت ئـامـادە کـە، بـارگـەوبـنـەی زۆرت دەوێ
هـەرچـی دەیـکـەی هـیـچ و پـووچـە، کـردەوەت بـێ کاکڵە
گوێت لە حەق کەڕکردو نەتبیست هەرچی پەندو نەسحەتە
تـۆ بـڵـێـی پـۆڵاوو ئـاسـن ڕەق بـێ هـێـنـدەی ئـەو دڵـە!!
باخی جەننەت خۆشییەکەی مەعلوومە، خوا فەرموویەتی
پـڕ لـە حـۆریو شـیرو هـەنـگـویـنو هـەنـاری سـەرچـڵـە
مـردن ئـەمـری هـەق تـەعـالایـەو دەبـێ هـەر بـێـتـە جـێ
خـۆتـی بـۆ سـازکـە هـەتـا نـەتـگـەیـوەتـێ ئـەو عـادڵـە
قـیـمـەتـی ئـەو بـاخو قـەسـرو حـۆریـانـەت پـێ بـڵـێـم؟
سـەروەتو مـاڵـت سـەرف کـەو بـۆی بـبـە پـێـش قـافـڵـە
لادە، ئـەی نـەفسـی خـەبـیـسو پـیـس، لـە کـرداری بـەدت
بـار ئـەگـەر لـەنـگ بـێ لـە ڕێـدا، خـاوەنـی هـەر مـاتـڵـە
گـەر حـەیـات بـێ (فـاتـیـحـی) پـیری شـەوو ڕۆژ پـێـت دەڵـێ
بـکـوڵـە، وەك مـەنجـەڵ بجـۆشـە، زۆر بـەتـیـنـە ئـەو کـڵـە.
**١٩٩٧/١٠/٢٩ گردئاشەوان**

# کێیە فەرهادی زەمانە

شەرتە هێند دەگریم لە دووریت، فەڕشی دڵ ڕەنگین دەکەم
دامەن‌و کۆشم بەجارێ پڕ گوڵ‌و نەسرین دەکەم
گەر وەکو پەروانە دانێم باڵ‌و پەڕ، ماڵ‌و سەرم
عەهدە کردوومە، وەکوو مەم، شینی خاتوو زین دەکەم
با بەیادی بەزمی جاران هەڵبڕێژم خوێنی گەش
دڵبەری من! وا لە تاوت تەرکی ڕێگەی ژین دەکەم
کێیە فەرهادی زەمانە؟ من نەبم لەم عەسرەدا
هەرمنم دادو فوغانی یادی ڕووی شیرین دەکەم
با بسووتێم چەشنی قەقنەس، بەرقی ڕووت بمکاتە خۆڵ
دڵ لەخەم کەیلە عەزیزم، بۆیە ناڵەو شین دەکەم
وێڵ‌و ئاوارەو غەریبم، جێم نییە ڕووی تێ بکەم
هەر ئەتۆ قیبلەی مرادی، بێ تۆ کەی من ژین دەکەم
بۆچمە تەکیەو مەساجید خانەقاو کەشکۆڵ‌و دەف
خۆشە بەزمی بادەنۆشان، دڵمی پێ تەسکین دەکەم
لێمگەڕێ سۆفی هەتاکەی، مەنعی مەیخانەم دەکەی؟
شیوەن‌و زارم لە حەسرەت جامی مەی دۆشین دەکەم
دوێ بەنازو غەمزە فەرمووی (فاتیحی) بۆچ وادەکەی؟
تاڵ‌و سوێری ڕۆژگارت، وەك شەکەر شیرین دەکەم

١٠/٨//١٩٦٥چەکۆ

# گوڵی سەرتۆپی وڵات

## بۆ برای بەرێزم ( مەلا قادری نێزەیی)

(قالەڕەش) هێزی دڵو قووەتی گیانی، بە غەوس
سوێسنو سونبلو گیابەندو ڕیحانی، بە غەوس
شیوەنو شینیەتی دڵ، بۆ تۆ دەناڵێ شەوو ڕۆژ
گوڵی بۆنخۆشی دڵو، سەروی ڕەوانی، بە غەوس
(خلە)٩ گەر جوانە، بە تۆ ڕەونەقی بازاڕی هەیە
مونیسی قەلبو، فەڕەح بەخشی دڵانی، بە غەوس
کوێرەڕێم گرتەبەرو کەوتمەوە (لاجان١٠) بە هەڵە
جەنەتی سەر زەوی لای تۆیە دەزانی، بە غەوس
گوڵی سەرتۆپی وڵاتی بە قسەی خاسو خەراو
حاکمو قازی ئەتۆی، مەرهەمی ژانی، بە غەوس
هەر دەڵێی دێمو، بەڵام قەولی بەڕاستی نییە لات
شەق بەرم ڕەنگە لە دووریتو نەزانی، بە غەوس
(خلە کوێر) هەڵکەنە ڕۆژێكو لەگەڵ چەند کوڕی باش
وەرە لام (قالە)! شەفابەخشی خەمانی، بە غەوس
هێند گوتت دێمو نەهاتی، هەموو گیان بوویە درۆ
هێند سەگی دەمخەڵەتێنی، بە زووبانی، بە غەوس
(فاتیحی) بەسییە مەڕەنجێنە برام کوانێ وەفات؟
دڵو گیانو جگەرو قەلبی هەمانی، بە غەوس.
گردئاشەوان ١٩٩٤/٤/٢٦

# بولبولی شەیدا

شـەمـاڵ قـوربـانـی سـۆزت بم، وەرە دڵ زۆر پـەرێشـانـە
لـەدەس یـاری جـەفـاپـیـشـە، لـە ژیـنـی خـۆی هـەراسـانـە
ئـەگـەرچـی وەعـدە وا بـوو، بـێ بـە دیـداری دڵـم شـادکـا
وەفـا هـەر نـاوی مـاوە، عـەهـدو پـەیمـان بـوونـە ئـەفسـانـە
گـوڵـم، هـێـزی دڵـم، نـووری دووچـاوم، تـاقـەتو تـیـنـم
وەرە بـۆ دەفـعـی غـەم جـارێ، بـپـرسـە حـاڵـی دێـوانـە
ئـەمـن جێـگـەم سـیـاکـێوەو، بـە تـەنـیـام نـیـمـە هـاوڕازێ
ئەتۆش جێگەت (گەدە) و (لەندە) هەتە ژیـنـێـکی شـاهـانـە
ئــەمــن دەردەدڵــم زۆرە، لــەســەد جـێـڕا هــەڵــی داوە
ئـەتـۆش خـۆشـی نـەبـێ نـیـتـە، شـەڕابـت ئـاوی حـەیـوانـە
لە سایەی عیشقی تۆ وام لێ بەسەرهات ، ڕووتو بێ مـاڵـم
کەسێ عیشقی حـەقـیـقـی بێ، لـە دنـیـا شـاهـ و سـوڵـتـانـە
خەزانەو گوڵ وەرێنە، شەخـتـە دایـگـرت ئـەو دەرو دەشـتـە
دەنـاڵـێ بـولـبـولی شـەیـدا، لـە تـاو گـوڵ مـاتو حـەیـرانـە
بـە کـۆڵـێـک ڕیشـەوە زۆر عـەیـبـە دڵـداری لـە تـۆ نـایـە
وەکـوو پـیـرێـک دەچـی، بـەرمـاڵ بـەشـانو بچـیـە مـەیـخـانـە
هەڵاڵەو خـاوو بـیـزا، سـەیـرە لـەو کـوێسـتـانـە تـێـکـچـڕژان
وەرە (فاتیحی) ڕوو لەو شاخە کەین، سەرمەستو شـێـتـانـە

گردئاشەوان١٩٩٧/٨/٢٨

## دەردی فیراق

ئەم دڵەم سەودازەدەو یەخسیری ئەو چاوانەیە
پەڕشکستەو، باڵسووتاوی شەمعە، وەك پەروانەیە
مەستی بادەی دەستی یارم هەر لەپڕ بۆم تێدەکا
موشتەری جامی دەمم، بەو جامە دڵ دێوانەیە
ڕۆژی ڕووت نەختێ وەدەرخە، بۆ منی سووتاوی خۆت
مانگو ڕۆژ بێنە دەرێ زۆر جوانە لەو کاشانەیە
گرتنو کوشتن، جەفاو زوڵت لە حەد بردۆتە دەر
کوا ئەوە لایق بە شانو شەوکەتی شاهانەیە
سێبەری باڵی هومام کەوتۆتە سەر، شادم ئەمن
بادەنۆشی خۆشی هەر وەك ماچی ئەو لێوانەیە
پیری سەردەستەی حەریفان هات، وتی: ئامادەبە
بەزمی ئەمڕۆی عاشقانمان، گۆشەیی مەیخانەیە
بەو سەرو سیمایە عەیبە، بچیە بەزمی عاشقان
پیاوی پیر بۆ خۆی نەخۆشو حەبسی گرتووخانەیە
چاری دەردی عیشقی مەجنون وا بە دەس لەیلاوەیە
چاری دەردی (فاتیحی)ش، عەتراوی ئەو کوڵمانەیە

**١٩٩٨/٤/١١ گردئاشەوان**

## جێژنی مەولود

سەلاتو سەلامی زۆر بڕژێنە سەر پەیامبەر
ڕەهبەری دنیاوو دین، مەنبەعی فەیزو هونەر
دوازدەی (ربیع الاول) مەولودی خەیرولبەشەر
شەفیعی جینو بەشەر، ڕووناکی دیدەو بەسەر
ڕووناك بوو دنیا بە نوور، تەشریفی کردی زوهوور
خەلاس بوو کیبرو غروور، دینی بەهەق، کەوتەدەر
مەلائیك کەوتنە سەما، جوبریلە موژدەی دەدا
جارچی بوو جاڕی دەدا، لە دەشتو سەحراو لە دەر
مامانی زاتی شەریف، ئەو چوار ژنی وا زەریف
بە دەنگی ناسكو لەتیف، لە حوجرەکەی هاتنە دەر
لە خاکی بێ ئاوەگڵ، پەیدا بوو یەك سوورەگوڵ
شیفادەری جەرگو دڵ، بۆ دڵ گوڵی خۆش نەزەر
سوەیبە موژدەی کە برد، ئەبولەهب دەستوبرد
سوەیبەی ئازاد دەرکرد، هەر وا دراوە خەبەر
لە میسرو حیجازو شام، یەمەن هەمووی خاسو عام
بە ئەمری (خیر الانام) دینی حەقیان خستە دەر
ڕەسوڵی موختاری من، سەرداری نازداری من
سەرۆکی غەمخواری من، بۆ نەشری دین دای خەبەر
ئەسحابی پاكو بەدین، سەربازی شای مورسەلین
بۆ گیانفیدایی ئەمین، ئامادەبوون سەربەسەر
تاهاوو یاسین لەقەب، قوڕەیشی ئەسڵو نەسەب
لە هۆزو تیرەی عەرەب، لە مەککەڕا چۆ حەزەر
٢٠٠٠/٦/١٧ گردئاشەوان

# دێمەوە

پێی گووتم دەچمە سەفەر جوانتر لە جاران دێمەوە
وەك وەنەوشەو سونبولو خونچەی بەهاران دێمەوە
هاودەمی ڕۆژانی تاڵیو غەمرەوێنی تۆ دەبم
سەبزو خورڕەم، وەك گوڵی باخی هەناران دێمەوە
عومری وا دوورو درێژ، زیللەت دەبەخشێ بۆ بەشەر
گەر لە حەفتا تێپەڕیم، ناچار بە گۆچان دێمەوە
وەك گەدەو قەندیلو لەند بووم، سەرکەشو بەرزەدەماغ
ئێستە کە بۆ کۆڕی یاران، پیرو لەرزان دێمەوە
بولبولی باخی غەزەلخوان بووم، شەوو ڕۆژ بێ وچان
ئەو گوڵەی من ڕۆییوە، دەیگوت بە باران دێمەوە
(فاتیحی) دنیا وەفای بۆ کەس نییە بۆ تۆی هەبێ
گوڵ لە گوڵزارو چەمەن دەیگوت: بەباران دێمەوە

**گردئاشەوان ٢٠٠١/٦/١٧**

# لادە ئەگریجەو پەچە

لادە ئەگریجەو پەچەو گێلگێلە، ئەی یاری سەمیم
بێ چرای شۆقی دوو كوڵمت نامەوێ ئاوا بژیم
ماهی ڕوخسارت لە ژێر هەوری زوڵفان بێنەدەر
دوو شەمامەی مەمكەكانت هەڵمژم، ئەمنی سەقیم
كەشفی ئەسراری دڵم بۆ تۆ دەكەم حاڵی بە لێم
گوڵ ئەتۆی، خونچە ئەتۆی، شەككەر ئەتۆی‌و تۆی نەدیم
وا سووتاوم من لە عیشقا، بوومە پەروانەی شەمت
چاوەكەم ڕوحمێ بە حاڵی دۆستی دەورانی قەدیم
بەو بەهارە خۆش‌و زەنوێرە بە تەنیا مامەوە
سەختەو دژوارە خەوی كوێستان، بەبێ لێفەو گلیم
پڵپڵەو دەسماڵ‌و دەرزیلەی سەرت، چیان كرد بە من
هەر وەكوو بۆ جەنگی ئەعراب، بچتە مەیدان ئورشەلیم
وەك غەزالی سڵ، سڵێكی كردو بردی هۆش‌و دڵ
ئافەرین ئاسكی خوتەن، شیرین قەدەم، نەرم‌و حەلیم
سەروەت‌و ماڵ‌و جەماڵت زۆر لە ئەنداز دەرچووە
موستەحەقم بۆ زەكاتت، بیدە بەو بەندەی هەتیم
قیل‌و قالی ئەو زەمانە تیفڵی ساوا پیر دەكا
(فاتیحی) هەر تۆ بە لاوی مایەوەو ساغ‌و سەلیم

**گردئاشەوان**١٩٩٧/٥/٥

# چەرخشی ئەو دەورە کۆنە

حەبسی زینـدانی ئەوینم، جێگەمە گردئاشەوان
ئای لە دەردی بێ ڕەفیقی ئەلئەمانو سەد ئەمان
تاڵو سوێری ئەو زەمانە، کەس بەقەد من نەیمژی
پاکی بۆ من دانراوە، عالەمی دیکەش سەپان
ڕووتو قووت، بی٘جێو مەنزڵ خزمی خۆشم دورە لێم
هەر شەوەی میوانی دێیەك، دوورەماڵو بێ مەکان
بێ کراسو بەرگو پێڵاو، ڕووتو قووت، دێوانەمە
ڕیشو سەر، پاکی سپی، تۆزاوی عەینی ئاشەوان
عەینەکی چاوو عەسای دەستم، دەڵێن پیری بە من
کۆخە کۆخت زۆرە، پشتت کۆم بووە چەشنی کەوان
هاودەمێكو خەمڕەوێنێکم نییە لەو شارەدا
مێردەکی سەرگردمو بۆو دێیە بوومە پاسەوان
مانگی مەولودە بە خاتر سەییدی جنو بەشەر
پێم عەتاکەی ئاوی کەوسەر، شیرو هەنگوینی ڕەوان
داوەڵی نێو باخو بێستانم بە با دێمو دەڕۆم
پیرو لاوازو نەخۆشم، بوومە لاشەی بێ گیان
چەرخشی ئەو دەورە کۆنە، بەرزو نزمی زۆرە زۆر
(فاتیحی) جارێکی بۆ تۆش، دێتە گەڕ دەوری زەمان

**گردئاشەوان١١/٧/١٩٩٧**

# سەیران

جەژنی نەورۆز ئەوە هات، وەعدەیی سەیرانە دەڕۆم
وا نەزانی خەفەتم زۆرە، لە خۆشییانە دەڕۆم
فەسڵی گوڵزارە دەرو دەشت، گوڵو گوڵزارە دەچم
دڵەکەم تەنگە، خەفەتبارە، هەراسانە دەڕۆم
دەشتو دەر شینە، بە هەر لایە دەچی بۆتە بەهەشت
بۆ تەوافی گوڵی خۆم، لەو کەلو شاخانە دەڕۆم
شەنگەبیزایە ئەلەو یاڵە، بەناز هاتۆتە دەر
سەری خۆم هەڵدەگرم، عاشقو مەستانە دەڕۆم
(سێزدە)[11] داهاتەوە، بۆ (کانیەڕەش) و(تۆرە) دەچین
جەژنی سەر ساڵە، هەواخۆریە، شاهانە دەڕۆم
کیژی نەشمیلو کوڕی قۆزو هەزار پیرو منالْ
دەچنە سەیرانێ، منیش سەرکەشو شێتانە دەڕۆم
شادییەو، وردو درشت کەوتنە سەحراوو چەمەن
ڕۆژی عەیشو تەڕەبە، بۆو خڕو شیوانە دەڕۆم
خۆشە، زەونوێرە، سەفابەخشە، هەوارگەی گوڵو موڵ
سەر زەوی جەننەتە، لەو کولبەیی ئەحزانە دەڕۆم
(فاتیحی) عاشقی گوڵزارو پەریزادو گوڵە
بەو بەهارە بە هەوای دیدەنی یارانە دەڕۆم

١٩٩٧/٤/١ گردئاشەوان

# پایزم شڕ کرد

پـــایـــزم شـــڕکـــرد مـــنـــی پـیرو ڕزیـــو
فــەسـڵــی زسـتــان هــاتــەوە بــۆ مــنــی هــەتــیــو
بـــێ کـــراس‌و بـــەرگ‌و پـــێـــڵاوو کـــەوام
هــەڵــدەلــەرزم بــێ پــەنــاو جــێــگــەو پــەســیــو
ڕۆژ لــە مــزگــەوتــێ بــە تــەنــیــاو بــێ ڕەفــیــق
شــەو لــە ژووریــم، کــەس نــەنــاس‌و کــەس نــەدیــو
هـــەر وەکـــوو داری ڕزیـــوی کـــۆنـــەســـاڵ
بـێ ددان، عـەیـنـەك لـەچـاو، قـامـەت چـەمـیـو
نـــووری چـــاوانم نـــەمـــاوە، دار بـــە دەس
ژیـــنـــی گـــەنجـــیـــم لــێ ونــەو، کــەوتــە نــەدیــو
ڕۆژیـــیـــە ئـــەورۆ بـــە نـــازێـــك بـــێـــتـــە لام
بێ، بڵێ چۆنی کوڕە تەڕپۆشەکەی (ئەحمەد بریو)١٢؟
مـــن لـــەتـــرســـی بـــەفـــری زســـتـــان وا کـــزم
ســاردە، وەك ئــەو بــەفــرە پــلاری کچــەتــیــو
پـیری گـەرچـی نـیـعـمـەتـی خـوایـە، بـەڵام
قــاتــڵــە بــۆ پــیــاوی بــێ مــەئــواو بــژیــو
دەك بـــە ســـنـــدانـــی دڵـــت بـــێ، دەوڵـــەمـــەنـــد
پـــاشـــی مـــردن، بـــۆچـــتـــە تـــۆ زێـــڕو زیـــو؟
شـــوکـــری نـــیـــعـــمـــەت لازمـــە بـــۆ هـــەرکـــەســـێ
پـــیری بـــۆ خـــۆی ڕەحمـــەتـــە، بـــۆنـــی گـــەنـــیـــو

بــەعــزە پــیرێــك هــەن، چــرای مــاڵــی شــەوان
پــیری واش زۆرن کــەســیــفو نــا نــەجــیــو
لــەشــکــری پــیری هــجــوومــی کــردمــە ســەر
ئــێــسکــی ڕەق نــەرمــە، وەکــوو گــۆشــتــی کــوڵــیــو
خــۆزگــە پــیریــم قــەت نــەدیــبــایــە لــە کــەس
شــێــری نــێــر پــیر بــێ دەڵــێــن: ڕێــویــی بــەزیــو
زۆر لــەمــێــژە بــەخــتــەکــەم بــۆی نــوســتــووە
ئــەو فــریشــتــە نــایــەتــە هــۆدەی تــەپــیــو
خــوایــە نــەمــگــاتــێ نــەخــۆشــی نــاشــکــوری
مــەنــزڵو مــاڵــم تــەلان، بــێ دۆڵو شــیــو
ئــەی خــودا! ئــەی خــالــقــی جــنو بــەشــەر
ڕۆژی مــەرگــم، ئــەو ســەگــە نــەمــدا فــریــو
ڕۆژی واوەیــلا بــە فــریــادم بــگــەی
(فــاتــیــحــی) بــێ چــارەیــەو مــاتو ڕزیــو

**١٩٩٦/١٢/٢٥ گردئاشەوان**

# پارانەوە

ئـــەی خــودای بــێ مــیــســل‌و مــانــەنــدو غــەفــوور
ئــەی خــودای بــەخشــنـدەیــی عــەقــڵ‌و شــعــوور
ئـــەی خـــودای قـــەهـــارو غـــەفـــارو ڕەئـــووف
ئــەی خــودای ســەتــارو جــەبــبــارو عــەتــووف
بــیــکــە خــاتــر حــەوســیــفــاتــی بــەرزی خــۆت
خـۆش بـبـە لـە گـونـاهـی زۆری عـەبـدی خـۆت
ڕووڕەش‌و ئـــابـــڕوتـــکـــاوو بـــەدڕەوشـــت
نـــاتـــەوان‌و بـــێـــکـــەس‌و بـــێ دۆســـت‌و پشـــت
نـیـمـە جـێـیـەك بـیـکـەمـە پشـت‌و پـەنـا
هـەر ئـەتـۆی جـێـگـەی ئـومـێـدو جـێـی پـەنـا
وا پـــەنـــام هـــێـــنـــایـــە دەرگـــای ڕەحمـــەتـــت
تـۆش خـودایـی، خـۆت‌و لـوتـف و نـیـعـمـەتـت
قـەبـرە تـەنـگ‌و تـارەکـەم بـۆ بـکـەی بـە بـاغ
پـــڕ لـــە نـــوورکـــەی مـــەنـــزڵ‌و هـــۆدەو وەتـــاغ

**١٩٩١/٧/٢٦ گردئاشەوان**

## من کە ئاشوفتەم

ئەی خودای سەتتارو غەفار، لوتفو ئیحسانم دەوێ
باری سەرشانم گرانە، سەترو غوفرانم دەوێ
بەو هەموو فیسقو گوناهەم، ڕووم نییە بێمە حزوور
بۆ شیفای دەردی دەروونم، خوایە دەرمانم دەوێ
غەرقی گێژاوی گوناهەم، کردەوەم ڕووزەردییە
هەر بەئومێدی عەتای تۆم، حورو غیلمانم دەوێ
ڕووسیاهو کۆڵەوارو هاودەمی ئەعدایی تۆم
یا (رسوالله) شەفاعەت، عەفوی تاوانم دەوێ
کوێرو سەرگەردان لە سەحرای نەگبەتا، دێمو دەچم
لەو بیابانە بە تەنیام، نووری ئیمانم دەوێ
ڕووم لە کاری نالەبارەو بوومە پەندی خاسو عام
سەد گوناه و تۆبەیەك، یاڕەببی ڕیزوانم دەوێ
وەك سەگی ئەسحابی کەهفم، شوێنی چاکان کەوتووم
جێ پەنام هەر تۆی خودایە، باخی جینانم دەوێ
پیرو بێهێزو نەخۆشم، ڕۆژو شەو هەر نالەمە
چاوەڕێی لوتفم خودایە، نوورو بورهانم دەوێ
نەمخەیە سەر ڕێی نیفاقو دوودڵیو شككو گومان
پەیڕەوی عیلمو شەریعەت، دەرسی قورئانم دەوەێ
من سەگێکی با وەفای یارانی خاسی حەزرەتم
هاودەمی حۆریی بەهەشتو قەسرو ویلدانم دەوێ
ڕوو لە دەرکەی تۆ دەکەم، هەر تۆی پەنای ڕۆژی بەقا
من کە ( ئاشوفتە)م هەمیشە، زیکری یەزدانم دەوێ

**١٩٩١/١٢/٣٠ گردئاشەوان**

# گەر بە ماچی لێوو کوڵمی

گـوڵ بــە غــەمـزەو نـازوعــیـشـوە، دڵ پـەرێشـانم دەکـا
مــاهــی ڕوخسـاری نــیــشـانــدام، دیــدەگــریــانم دەکــا
بـوو بـە سـاقـی بـادەوو مـەی، هـاتـە بـەزمـی عـاشـقـان
گەه بە خەنـدە، گەه بـە کـیـنـە، مـاتو حـەیـرانم دەکا
چین بە چین زوڵفو کەزی، وەك عەسکەری تاتار دەکەن
ئەم کەلەپچەی دەستو پێمە، ئەو لە زینـدانم دەکا
چـاوو ئـەبـرۆی پـێـکـەوە شـەڕیـانـە بـۆ قـەتـڵی دڵـم
ئـەو زەلـیـلو خـواروپـەسـتو، ئـەو لـە سـەیـرانم دەکا
دڵ کە پـێـکـراوی خـەدەنـگی قـەوسـی ئـەبـرۆی دڵـبـەرە
چـی دەوێ تـوخـودا لـە مـن وا وێـڵـی کـێـوانم دەکـا
یار کە ئەمڕۆ بۆتـە ساقی بـۆ ڕەقـیـبی سـەگ سـیـفـەت
دێ تـەمـاشـای شـینو نـاڵـەی قـەلـبـی بـریـانم دەکـا
گـەر بـە مـاچی لـێـوو کـوڵـمو گـەردنـی شـادبم، دەڵـێـم:
یـاری مـن سـەروی خـەرامـان، مـەسـتـی پـەیـمـانم دەکـا
(فاتیحی) ئەو گوڵعوزارە عـەقـڵو هـۆشی لـێم سـتـانـد
شـوێـنـی لـەیـلای گـرتـووە، مـەجـنـوونـی دەورانم دەکـا

**چەکۆ** ١٩٦٥/٩/٣

# زولفی چین چینی

ئـەو خـەرامـانـە خـەریـکـە دیـنو دڵ یـەغـمـا دەکـا
بەو دوو چاوی پڕ لـە نـازی فـیـتـنـەیـەك بـەرپـا دەکـا
زولفی چین چینی، لەگەڵ دوو لـێـوی ئـاڵو چـاوی کـاڵ
عـابـیـدی شـێـخو مـوریـدی خـانـەقـا شـەیـدا دەکـا
مەنعی من بۆچی دەکەن ئەی سۆفـیـیـانـی بـێ خـەبـەر
سۆفی خۆی ئـامـادەیـە، بـۆو شـۆخـە خـۆی ڕیـسوا دەکـا
گـەر لـەسـەر ڕوو لابـدا، ئـەگـریـجـەو دەسـمـاڵـی سـوور
هەر وەکوو عیسا بە موعـجـیـز، عـالـەمێ ئـیـحـیـا دەکـا
ماری زوڵفی حەلقە حەلقە خـسـتـەپـێـش بـۆ کـوشـتـنـم
هـەر وەکـوو زوحـحـاکـە بـۆیـە کـاری وا بـێ جـا دەکـا
(فاتیـحـی) یـارت لـەگـەڵ تـۆ، بـێ وەفـایـی خـوی نـوانـد
ئەو غەزالی گوڵشـەنـە، کـەی ئـارەزووی سـەحـرا دەکـا؟!

١٩٦٦/١٠/١٢چەکۆ

# به گۆشەی چاوەکەت

خوداوەندا چییە ئەو دڵبەرەی من، هێندە بێ باکە
چ بێ ڕوحمە، چ غەددارە، چ دڵڕەق، چەندە سەففاکە
یەدی بەیزای هەیە، ئیعجازی موسا، ئەو گوڵئەندامە
جەمالی یوسفە حوسنی، دوو زوڵفی ماری زوححاکە
گوتم: ئەی نازەنین بێ لوتفی تاکەی بۆچی وات کرد لێم؟
گوتی: چت دیوە ئەی عاشق، سەری خۆت هەڵگرە ڕاکە
گوتم: نازانی گەر من چیم دەوێ لەو لێوی شیرینت
گوتی: هەر ماچە دەرمانت، لە گۆنای من تەمەنناکە
گوتم: دەردی دڵی زارم بە لوقمان کوا دەوا دەکرێ؟
گوتی: ئاسانە دەرمانت، شەڕابی گەردنم چاکە
خەتو خاڵو برۆو زوڵفت، هەڕاجیان کر دڵو دینم
ئەگەر یاری وەفاداری، بە ئەو گریانە بڕواکە
بە گۆشەی چاوەکەت جەرگم هەموو لەتلەت بووە قوربان
وەرە حاڵم ببینەو تێر لە ئەوزاعم تەماشاکە
لەبەر گریانو شین چاوم نەماوە، نووری چاوانم
خەیاڵی کۆچی تۆ بۆ دڵ، بەڵایەو زۆر خەتەرناکە
لە گۆشەی حوجرەدا دڵتەنگو مەحزوونو پەرێشانم
دەسا ڕوحمێ بکە قوربان، برینی دڵ موداواکە
بە زوڵفو پەرچەمی داوداوو ئاڵۆزت، مەکە قەتڵم
فیدای ئەبرۆی کەمانت بم، لەگەڵ مندا مەداراکە
بزانە (فاتیحی) یەکسەر سەرو ماڵی لە ڕێت دانا
خودا دەیزانێ دڵ بۆ تۆ وەکوو ئاوێنە ڕووناکە

**چەکۆ١٠/١٠/١٩٦٦**

# بە خەندەی لێوەکەی

لــە دەوری ســێــوی کــوڵــمــی، زوڵــفــی چــین چــین
بــە حــەلــقــەو تــێــکــەڵاون، بــوون بــە پــەرژیــن
نـــیـــیــە ڕێـــم تـــا تـــەوافـــی خـــاڵـــی ڕووی کـــەم
بـــە نـــاچـــاری، دەڕێـــژێ دیـــدە ئـــەســـریـــن
تـــەمـــاشـــاکـــەن، چ زوڵـــمـــێـــکـــی لـــە مـــن کـــرد
دەس‌و پـــەنـجـــەی بـــەخـــوێـــنـــی دڵ خـــەنـــاویـــن
بــە غــەمــزەی چــاوەکــەی ســەرخــۆش‌و مــەســتــم
بـــە خـــەنـــدەی لـــێـــوەکـــەی، دامـــنـــا دڵ‌و دیـــن
ســـەرەنجـــامـــی ئـــەویـــنـــی مـــن لـــەگـــەڵ یـــار
دەزانم، هـــەر دەبـــێـــتـــە گـــریـــەوو شـــین
لـــە بـــەخـــتـــی شـــوومـــی خـــۆم مـــن وا دەزانم
هـــەتـــا مـــاوم بـــەشـــم هـــەر بـــۆتـــە نـــاڵـــین
وەکـــوو مـــنـــداڵـــی ســـاوا بمـــخـــە بـــاوەش
بــە دەم بــگــرم شــەمــامــەی کــاڵ‌و ڕەنــگــین
نــەبــات‌و نــوقــڵــی لــێــوت هــەڵــمــژم تــێــر
کــە هــەر مــاچــێ شــەڕابــەو شــەکــرو هــەنــگــوین
گــوتــی خــۆ (فــاتــیــحــی) عــەشــقــت لــەگــەڵ مــن
دەبــێــتــە مــەســئــەلــەی فــەرهــادو شــیــریــن

١٩٦٤/١٠/٢٩ چەکۆ

# سۆفی وەرە دانیشە

بـولـبـول! وەرە ئـەورۆکـە چ غـەوغـایـە لـە گـوڵشـەن؟
دەنـگـی چـەقـەنـەو بـادەیـی سـەهـبـایـە لـە گـوڵشـەن
مـوتـریـب! بـەفـیـدات بم وەرە بـۆم لـێـدە دەفو نـەی
هـەر بـەزمـی مـەیو شـادیو هـەڵـلاٚیـە لـە گـوڵشـەن
دڵ، کـۆیـلـەتـە شـێـواوی گـوڵـی حـوسـنو جـەمـاڵـە
سـووتـاوی هـەنـارو دەمـی لـەیـلایـە لـە گـوڵشـەن
قـومـری سـیـفـەتم، نـاڵـەمـە بـێـزارو حـەزیـنـم
دڵ وەك مـەلی سـەرچـڵ، لـە نـەوادایـە لـە گـوڵشـەن
عـاشـق وەرە ڕابـوێـرە تـەمـەن تـاوێ بـەخـۆشـی
هـەر حـۆریو غـیـلـمـانـە، تـەمـاشـایـە، لـە گـوڵشـەن
سـۆفـی وەرە دانـیـشـە، ئـەگـەر تـالـیـبـی فـەیـزی
سـەروو سـەمـەنو قـامـەتـی ڕەعـنـایـە لـە گـوڵشـەن
گـوڵ بـەرگـی لـەبـەرکـردو چـەمـەن خـەلـعـەتـی پـۆشـی
سـەد قـەوسو قـوزەح عـاشـقـی تـووبـایـە لـە گـوڵشـەن
دڵـبـەر، کـە وەکـوو تـاوسـە، گـەه سـورە گـەهـێ شـین
هـەروەك گـوڵـی خـۆش دیمـەنو زیـبـایـە لـە گـوڵشـەن
خـۆ (فـاتـیـحـی) هـەردەم وەکـوو پـەروانـە لـە جـۆشـە
وەك بـولـبـولی بـێـچـارەوو شـەیـدایـە لـە گـوڵشـەن

**١٩٦٥/١٢/٢٥ چەکۆ**

# هەر لێدە تۆ تەپڵی سەفا

گوڵزارە دەرو دەشتی هەموو باخو گوڵستان
فیردەوسە لە نێو ئەهلو، دێهاتی شەجەرستان
تاقانەیی دەهەرەچ عەجەب شۆخو جوانە!
سەرکردەیی عەزرایە لە کوردو عەرەبوستان
بێزارە لە من، ڕوح بە فەنا ڕۆیی لە تاوی
بێ هۆشو سەراسیمەیە وەك تیفلی دەبستان
بۆ سەیری جەماڵی مەهی ئەو دڵبەرە شۆخە
پاك دێنو دەچن پیرو جەوانی عەجەموستان
وەك چاهی زەنەخدانی ئەوە چەشمەیی کەوسەر
وەك عاریزو ڕوخساری دەچێ، شەمعی شەبستان
ئەی خاکی دەرت مەرهەمی ئێشی دڵی پڕ جۆش
تاکەی بە دڵی زار، بناڵم وەکوو مەستان
هەر لێ بدە تۆ تەپڵی سەفا، وەك حەتەمی تەی
بێ فائیدەیە بۆ منی دوورو دەسەوستان
ئەی ئانکی بەرابەر بە دەمو ڕوویی قەشەنگت
(شرمندە شدە چین و شیرازو بلوچستان)
(درجوشو خروشند میو ساقیو عاشق)
سەروو سەمەنو سۆسەنو باخو چەمەنستان
پوختەی هەموو ئەم دەفتەرە گەر بۆتی دەنووسم
مەدحی لەبی لەیلایە، لەنێو جەنگەڵی (سۆستان)
وا (فاتیحی) گرتی لە شیعر شوێنی ئەدیبان
وەك نالیو سالم، وەکو مەولایی چورستان

**١٩٥٧/٨/٧ کەوپەڕ**

# چوومە سەیری باخ و گوڵشەن

ئەلحەقی، تازەنەمامو، بادەیی مەستانە گوڵ
وەك گوڵی سەر لێوەجۆ شادابو دەم خەندانە گوڵ
بێ وچان دێتو دەچێ، ڕوح وەك پەپوولە عاشقە
شەمعی ڕوی قیبلەی مورادە، پەرچەمی ڕیحانە گوڵ
خاڵی سەر لێوی وەکوو شەهدو شەکەر پێوەندمە
زوڵفو ئەگریجەی لەگەڵ گێلگێلە هەر لەرزانە گوڵ
دەم بە خەندەو پێکەنین، سەر تا قەدەم هەر نازە ئەو
بۆو دڵەی پڕمەینەتم، تاقی بڕۆی زیندانە گوڵ
چاوی کاڵو لێوی ئاڵ، خونچەدەمو شیرین جەماڵ
لابەری غایلەو خەیاڵو شاهیدی پەیمانە گوڵ
چوومە باخو سەیری گوڵشەن، پێی گوتم پیری موغان
وا لە بەزمی مەی فرۆشان، ساقیو جانانە گوڵ
گەر بە قانوونی حەبیبان، ڕوو لە حوجرەی من بکا
عەیشو نۆش، بۆسەو کەنار، ماچی دەمی هەرزانە گوڵ
مێخەکەو بەرموورو مووری چوونە سەر سێوی مەمی
چین بە چین زوڵفی درێژی عەسعەسی کوڵمانە گوڵ
بولبولی گوڵزاری عیشقم، نەغمەخوانم دەم بەدەم
(فاتیحی) خونچەی بەهارو حۆرییە، ڕیزوانە گوڵ

**١٩٦٦/٧/٢٧ چەکۆ**

# گوڵ خەلعەتی لەبەرکرد

بەهارە کەوتە زاری، هەر غەزەلخوێنە بولبول
بەدڵێکی شادو خوڕڕەم، بڵند بوو بۆ سەری چڵ
نەغمەی بەری بەیانی دەگاتە چەرخی گەردوون
عاشق دەبێ وەهابێ، ئەگەر تەڵەب بکا گوڵ
فەسڵی بەهارە عاشق، شیوەن دەکاتو دەگری
تەسکین دەبێ بەماچێ، شەڕاڕو ئاوری دڵ
شێواوی زوڵفەکانت غارەت دەکا دڵو دین
ئەی سەروی دڵستانم، ئەی خەرمەنی گوڵو موڵ
شیرینە بەرگی داران، قەوسو قوزەح شەبیهن
وەك قامەتی گوڵئەندام، نەرمو تەڕو شلومل
گوڵ خەلعەتی لەبەرکرد، نەورۆزە فەسڵی گەشتە
خونچەی دەمی ترازا، بە دەم سەباوە چڵ چڵ
ماچێ لە لێوی ئاڵت، دەوایە بۆ دەروونم
قەترێك لە عارەقی ڕووت، بڵاو دەکا خەمی دڵ
ئەو یارە دڵڕفێنە بە نازو عیشوە فەرمووی:
ئەی (فاتیحی) گوڵی تۆم، دوو دەستی خۆت بکە مل

١٩٦٠/٥/٢٤ دۆڵەتوو

# خەدەنگی تیری مووژگانت

سووتا جەرگو هەناوو دڵ لەبەر ڕووت
دەناڵێنم لە ژێر داو داوی گێسووت
چەماوو خوار، زەبوونی عیشقی تۆمە
دڵت گرتم بە دانەی خاڵی هیندووت
لەنێو چاهی زەنەخدانت ئەسیرم
دەچێژم ئەزیەتی هارووتو مارووت
لە ناکامی عیشقدا فەردی دەهرم
سەراپا کونکونە سینەم بە ئەبرووت
خەدەنگی تیری موژگانت لەدڵ دام
وەکوو قەقنەس وجودی ناتەوان سووت
کەمەندی زوڵفەکەت حەلقەی ملم کە
لە من بۆچی زویرە چاوی ئاهووت
حەیاتبەخشە دەزانم ماچی لێوت
کە لەودا تێکەڵاون دوڕڕو یاقووت
لە ئاوی زەمزەمی قەترەی گوڵی ڕووت
ببەخشە بەو هەژاری نیوەمردووت
ئەسیری پێچی ئەگریجەی بڵاوم
نەخۆشی غەمزەیی دوو چاوی جادووت
بە کوردی چووم، گوتم: ماچێ کەرەم کە
گووتی: لاچۆ، کە نایێمە تەرازووت
لە دەوری مانگی ڕوخسارت هەتاکەی ؟

وەکـــوو هـــەوری بـــەهـــار دایـــگـــرتـــووە ڕووت
خـــەیـــاڵـــت ڕۆژو شـــەو ســـەرمـــەشـــقـــە بـــۆ خـــەم
ئـــەدی کـــوا نـــازو عـــیـــشـــوەی بـــەزمـــی پـــێـــشـــووت
مـــەکـــۆی خـــەم (فـــاتـــیـــحـــی) مـــیـــوانـــە ئـــەمشـــەو
بـــەســـە، یـــادی شـــەوانـــی بـــەزمـــەکـــەی زووت

١٩٦٧/١١/٦ چەکۆ

# ئەوا جێژنە بە قوربان

ئـەوا جـێـژنـە بـە قـوربـان، دڵو گـیـانم بـە قـوربـانـت
کـە تـۆ ئـاشـنـای غـەریـبـانـی، دەبـێ کـەی بم بـە مـیـوانـت
سـەرو مـاڵـم بـە جـێـژنـانـە دەکـەم پـێـشـکـێـشـی دوو چاوت
ئـەگـەرجـارێـك بـە لـوتـفـی خـۆت، لـە مـن دابـگـری چاوانـت
لـە رۆژی جـێـژنـەدا قـوربـان، دەڵـێـن ئـازادە سـەیـرو گـەشـت
یـەخـەت والآکـە بـاتـێـر تـێـر، بـبـیـنـم بـاخـی سـێـوانـت
دەمـی وێـنـەی مـەسـیـحـایـت، وەکـوو خـونـچـە بـپـشـکـوێـنـە
پـیرۆزبـایـی بـکـە لـێـمـان وەژی کـوشـتـەی دوو مـوژگـانـت
خـومـاری چـاوەکـەی مـەسـتـم، ئـەسـیری داوی زولـفـانم
لـە سـێـدارەم مـەدە قـوربـان، بـە دڵ هـاتـوومـە مـەیـدانـت
هـەمـوو عـاشـق لـە دووریـی تـۆ دەنـاڵـێـنـن وەکـوو بـولـبـول
لـەتـاو سـەروی قـەدو بـالآت، لـە تـاو نـاری دوو مـەمـکـانـت
وەرە، بـا جـێـژنـە پـیرۆزە بـکـەم لـەو لـێـوی شـیرینـت
دەبـیـخـە گـەردنم قـوربـان، پـەچـەو زولـفـی پـەرێشـانـت
بـەراتم مـاچـی دوو کـولـمـە، زەکـاتـم خـەنـدەیـی زارت
خـەلآتم نـیـونـیـگـای تـۆیـە، قـەلآتم چـاوی فـەتـتـانـت
شـکـا بـازاڕی دڵـداریـم، نـەمـاوە کـەوکـەبـی بـەخـتـم
دەبـێ کـەی (فـاتـیـحـی) وابـێ لـەمـل کـا داوی زولـفـانـت؟

**١٩٥٩/١١/١٣ ئاڵواتان**

# دیاری مەلایان هیچ کەس نەیدیوە

وا لە بۆم ناردی ( تیشکی مزگەوت)١٣
زۆرم هەوڵ دا تا دەستم کەوت
دیاری مەلایان هیچ کەس نەیدیوە
زۆرم پێ سەیرە وات بۆ هەڵکەوت
هەرچەند پەتاتە بۆ زیافەت نابێ
خەتای من نەبوو هەروا ڕێکەوت
گەر ڕاست دەوێ ڕۆژی وەك ئەمڕۆ
دیاریی شاهانە، پاکەتو نەوت
فتیلەو فانۆس ئەمڕۆ لە باون
چراتۆڕ تۆراو، وەشاران کەوت
دوعات بۆ دەکەم بە شەوو بە ڕۆژ
لێت میوان نەبێ مەلەکولمەوت
سەددامی تەرەس فشاری هێنا
میللەتی کوردیش لێی وەخۆ کەوت
هەر بینا ڕووخا تەختی زۆرداری
لەعنەتی شەیتان بەر خۆیان کەوت
ئازادی گەلمان هەر وەدست دێنین
گەرچی دوژمنیش کردویە زەوت
لەبۆ مام عەولاو حەمەو سولەیمان
کاروانی دووعام وەسەر گەڕ کەوت
بۆحاجی مەلاو کاك مەلا حەسەن
دڵم دەسوتێ وەك داری کەوت

**١٩٨٠/٤/١٣ چوارقوڕنە**

# ماچی لێوی ئەو حەبیبە

ئەی ڕەفیقان چارەیێ، چبکەم لە دەس جەوری فیراق؟
وا لە دووریو بێ کەسی، نەزدیکە بمکووژێ مەراق
خەم لەسەر خەم بۆتە بارم، نالەمە وەك تارو نەی
کوشتەیی دوو چاوی بازم، چیم لە تریاکی عێراق
دوێ بە یادی بەزمی جاران، چووم بنۆشم جامی مەی
یاری دێرینم بەمەستی، خۆشی کرد کەیفو مەزاق
کاری من گریانو شینە، وێڵی سەحرای غوربەتم
خوێن لە چاوم دێتە خوارو سینە ئەگرێ وەك ئوجاق
بۆ گوڵی ڕووی گوڵعوزارم، دڵ دەکا هاوارو داد
هەر وەکوو مندالی ساوا شین دەکاتو واقەواق
دڵبەری بێ ڕەحمو زاڵم، بۆتە هاوڕازی ڕەقیب
ئەی دڵە بۆ خۆت بناڵە، بۆتە پیشەت زاقەزاق
ماچی لێوی ئەو حەبیبە، شەربەتو شیرەو شەراب
بۆ مەزەی خۆشیی دڵان، پڕ شەهدە لێی ئەتکێ ڕەواق
ساقیا! توبی خودا بۆم تێکە لەو جامی ئەلەست
گیانەکەم تاکەی بناڵم، تالە دەردی ئیشتیاق
دوێنێ فەرموویە بە ناز ئەی (فاتیحی) بۆ وادەکەی
تیری ئەبرۆی من لە جەرگت هەڵچەقیوە جوتو تاق؟!

**١٩٦٦/٨/٣٠ چەکۆ**

# عاشقکوژو بێ ڕەحمە

ڕەعــنـــا قـــەدو، ئـــاهــوڕەووشـــە، حـــۆریـــیـــە، دڵـــبـــەر
ڕوومــەت گــوڵو، نــەرگــس نــیــگــەهـ و، شــەمــعــی مــونــەووەر
ئـــەتـــڵـــەس لـــەبـــەرو، مـــووکـــەمـــەرو، ســـاق بـــلـــووره
شــوعــلــەی قــەمــەرو، لــەب شــەکــەرو تــاجــی ســکــەنــدەر
ســـیـــنـــە ســـەدەفـو، خـــەنـــدە دەمو، حـــۆری جـــەبـــیـــنـــە
خـــونچـــەی چـــەمـــەنو، یـــاســـەمـــەنو، شـــۆخو دلاوەر
چـــاوی ڕەشو، ئـــەبـــرۆکـــەچو، بـــرژانـــگـــی خـــەدەنـــگـــە
بـــۆتـــە هـــەدفـــی تـــیری مـــوژەی، جـــەرگـــی قـــەلـــەنـــدەر
هــەر جــارێ کــە دەکــا زوڵــفــی پــەرێشــانــی، لــەســەر شــان
شمشــادو نــەیو ســەروی ڕەوان، خــەجــلــەتــە یــەکســەر
عـــاشـــقـــکـــوژە، بـــێ ڕەحـــمـــە، دەکـــا ســـیـــنـــە بـــە بـــریـــان
ئــەو زوڵــمــە نــەبــیــنــراوە لــە هــیــچ حــاکــمو بــەگــلــەر
بـــۆجـــەرحو بـــریـــن، هـــەر ئـــەوە لـــوقـــمـــانـــی زەمـــانـــە
چـــوون دەس زەدەیـــی خـــۆیـــەتـــی، نـــەبـــریـــنـــی بـــە خـــەنجـــەر
نـــەقـــقـــاشـــی دەمو ســـووڕەتـــی ئـــەو دڵـــبـــەرە کـــێـــیـــە؟
مـــەعـــلـــووم نـــەکشـــاوی بـــەشـــەرە، ســـەنـــعـــەتـــی داوەر
غــەرقــی خــەمــتــە (فــاتــیــحــی) ئــەوڕۆکــە بــە هــیــجــران
ڕوحمـــێ بـــکـــە تـــوخـــوا بـــە دڵـــی مـــاتو مـــوکـــەددەر

**ئالوانان ١٩٥٧/١١/٩**

# عاشقی ڕووتم لەسەرچی دەمکوژی؟

سـەیـری بـالآی تـۆ دەکـەم، ئـەی دڵـبـەری سـیـمـیـنـعـوزار
تـۆی وەکـوو حـۆریو فـریشـتـە، لـێت بـڕیـم سـەبـرو قـەرار
لـێـم حـەرامـە خـەرقـەوو بـەرمـاڵو تـەکـیـەو خـانـەقـا
هـەر شـەڕابـی عـیـشـقـە ئـاواتـی دڵـم لـەیـلو نـەهـار
بـاخو قـەسـرو کـۆشـکـی جـەنـنـەت، بـێ بـەهـایـەو بـێ وجـوود
بـاخـی سـینـەی گـوڵـڕوخـی مـن، خـۆشـە بـۆ گـەشـتو گـوزار
پـێـم دەڵـێـن عـەیـبـە، تـەمـاشـای دڵـبـەران بـۆچـی دەکـەی
عـەقـڵو هـۆشـم ڕۆیـوە، دڵ کـەوتـووە بـێ ئـیـخـتـیـار
بـا بـنـاڵـم ئـەی ڕەفـیـقـان شـیـوەنو گـریـان بـکـەم
بـۆچـمـە ئـەو مـاڵو ڕوحـە، بـێ قـسـەو دیـداری یـار؟
وام لـە حـوجـرەی تـەنـگو تـاریـکـا، دەڕێـژم خـوێـنـی سـوور
شـەو درێـژو دوورە، ئـارامـم نـیـیـە وەك شـێـتو هـار
دڵ عـەجـەب دێـوانـەیـەو سـەوداسـەرو حـەیـران بـووە
بـۆ کـراسـی شـاڵو دەسمـاڵـی سـەرو ئـەو پـێـچـی لار
عـاشـقـی ڕووتم لـەسـەر چـی دەمـکـوژی؟ قـوربـانـی تـۆم
مـن شـەهـیـدی قـامـەتـی تـۆمـەو، دو زولـفـی تـوولـە مـار
چەنـد بـە نـازو عـیـشوە فـەرمووی: (فـاتـیـحی) شـەو دێـمـە لات
ئـەو دەمـەی مـاوە بـەخـۆشـی تـێـر بـکـە بـۆسـەو کـەنـار

١٩٦٤/٣/٢٨ چەكۆ

# زەنگی کاروانی ئەجەل

مـودەتـێـکـە هـەر دەنـاڵـم بـۆ گـوڵـی بـاخـی ئـیرەم
بـۆ شـەمـامـەی بـاخـەڵو زوڵـفـی ڕەشو شـەکـراوی دەم
سـازی کـرد بـارگـەوبـنـە، ئـامـادەیـە گـوڵ بـۆ سـەفـەر
ئـاوری سـیـنـەم لـە جـۆشـە، چـاو بـە گـریـەو دڵ بـە خـەم
زەنـگـی کـاروانـی ئـەجـەل زۆر خـۆشـترە لـەو حـاڵـەتـە
ئـەی خـودا چـیـم لێ دەکـا ئـەو دڵـبـەری ڕەعـنـاقـەدەم
بـەو دوو چـاوی پـڕ لـە نـازو بـەو دڵـەی پـڕ عـیـشـقـی تـۆ
بـەو دوو ئـەبـرۆی وەك هـیـلال‌و، بـەو گـوڵـی کـوڵـمـەت قـەسـەم
بـەو مـوژەی وەك نـەشـتـەرو، بـەو ڕوومـەتـی بـێـگـەردی تـۆ
بـەو دوو لـیـمـۆی نـەوڕەس‌و، بـەو زاری وەك خـونـچـەت قـەسـەم
بـەو قـەدی سـەروی ڕەوان‌و، بـەو پـەچـەی داوداوی تـۆ
بـەو دوو پـەنـجـەی وەك بـلـوورو، بـەو دوو زوڵـفـانـەت قـەسـەم
تـا نـەڕۆمـە نـێـو لـەحـەد، تـەڵـقـین‌و تـەکـفـیـنـم نـەکـەن
مـەیـلـی ئـەو دوو چـاوی بـازت، قـەت لـە دڵـدا دەرنـەکـەم
شـەرتـە تـا ڕۆژی حـەشـر، قـیـبـلـەی نـیـازم هـەر ئـەتـۆی
هـەر ئـەتـۆی ئـاواتـی دڵ ئـەی لالـەڕوو مـن تـاکـوو هـەم
پـێـیـگـوتم: (فـاتـیـحـی) مـاچـێ کـافـیـە چـیـت لـێـم دەوێ؟
خـۆ دەزانم گـەر ئـەتـۆ پـەروانـەی‌و، مـن بـوومـە شـەم

**١٩٦٥/٨/٢٧ چەكۆ**

# بە یادی چاوی مەستی

بە داوی زوڵفی یارێکە ئەسیرم
هەتا ڕۆژی قیا ناچێ لە بیرم
خەمو غوسسەو پەژارەو ئاهو ناڵە
لە دڵدا دەنگ ئەدەن وەك تارو زیرم
هەمووخۆشیو ئومێدێکم لە دەس چوو
بە ناچاری ئەوێستا گۆشەگیرم
لە سایەی پیری مەیخانەو خەرابات
زەلیلو عاجزو چەمیاوو پیرم
لەسەر سەروی قەدت وەك بولبولی چەم
چ خۆشە شیوەنو دادو نەفیرم
بە یادی چاوی مەستی چوومە گوڵشەن
لەوێ بوو نەونەمامی دڵپەزیرم
گوتم: ئەی دڵبەری ڕوو ماهی تابان
گوڵی باخی بەهەشتی بێ نەزیرم
بکە ڕوحمێ بە حاڵی شێتو شەیدات
هەتیوی عیشقی تۆم گەرچی فەقیرم
گوتی: لاچۆ لە دەرگای سەتوەتی من
ئەمن سوڵتانی سەرتەختو سەریرم
گوتم: مەعلوومە شاهی دڵبەران تۆی
منیش بێ چارەوو کوێرو زویرم
لە گەنجی حوسنی تۆ کەم نابێ قوربان

بــــە مــــاچــــێــــکــــی بــــدەی وەعــــدەو بــــەشــــیرم
ســــەرو مــــاڵو ڕوحــــم نــــاوێ بــــەبــــێ تــــۆ
ئــــەتــــۆی حــــۆری جــــیــــنــــان، شــــاه و وەزریــــم
هــــەتــــا مــــردن بــــە هــــیــــوای وەســــڵــــی تــــۆمــــە
مــــەکــــوژە (فــــاتــــیــــحــــی) ڕەنجــــوورو پــــیرم

**چەکۆ**١٩٦٦/١٢/١

# بە یادی بەزمی دوێ شەو

ئــــەرێ ئــــەی ســــوورگــــوڵــــی ســــەر شــــاخ و ڕازم
دەوای جــــەرگــــی بــــڕوای پــــڕ لــــە ڕازم
دوو چــاوی بــازو پــڕ نــاز بــەس بــگــێــڕە
وەکــوو کــەو دیــلــی ئــەو دوو چــاوی بــازم
وەرە مــەی گــێــڕ لــەبــۆم تــێــکــە قــومــێ مــەی
ژیــــان تــــاڵو غــــەریــــبو لانــــەوازم
هــەنــاســەم پــەرچــەمــی لادا لــەســەر ڕووت
نــەســیــمــی ســوبحــە، بــۆ خــەم چــارەســازم
لــە دووریــی ســەروی بــاڵای شــۆخو شــەنــگــت
شــەوو ڕۆژ دەس بــە ئــەژنــۆ هــەر دەســازم
بــە تــیری غــەمــزەیــی ئــەو دیــدەمــەســتــە
وەکــوو مــەجــنــون لــە کــێــوو دەشــتو ڕازم
وەکــوو زوڵــفــی ڕەشــت بــاریــکو ســەرشــۆڕ
وەکــوو ئــەگــریجــەکــەت شــێــواوە نــازم
چ ســەخــتــە (فــاتــیــحــی) هــەڵــکــا بــەبــێ تــۆ
گــوڵــم، هــەر تــۆی لــە دنــیــادا نــیــازم

١٩٦٨/٩/١٦ داوداوە

# بە یادی لێوی ئاڵی

بە یادی لێوی ئاڵی، دڵ پڕخەمو هەرایە
شەوگار درێژو دوورە، خەوم لەسەر بەلایە
خەیاڵو فیکرو هۆشم شەوێکە بێتە لام ئەو
بگرم دوو مەمکی تورتی، لە سینە ببمە سایە
کە زوڵمەتی دوو زوڵفی چرای جەماڵی پۆشی
تیفلی دڵم گڕووی گرت، کە بۆچی ڕۆژ وەهایە
بە ناڵەوو بە گریان بە شیوەنو بە زاری
بە ئاهی سەردو گەرمم، هەڵمکرد ئەو چرایە
کەوتوومە گێژی ماتەم، لەبەر خەمو پەژارە
نە گوڵ دەکا عینایەت، نە بەختم دێتە کایە
ئەگەر لە بیرەخەودا، بگەم بە وەسڵی یارم
دەڵێم گوڵم هەتاکەی لەگەڵ من ئەو جەفایە
دڵ بۆ تۆ وشكو ڕەق بوو بە بای خەزانی پایز
خودا، بەهاری وەسڵم چ دوورو بێ بەقایە
گوڵی دڵم پڕووزا، بە ناری فیرقەتی یار
وەکوو منداڵی ساوا دەگری بۆ لایەلایە
دڵم نەخۆشو دیلی دوو چاوی کاڵی تۆیە
تەبیبی چاوەکانت بێ ڕوحمو بێ وەفایە
بە خوێنی چاوەکانم، پاراو دەکەم گوڵی دڵ
بولبول لە شەوقی خونچەی خۆش ئاهەنگو نەوایە
زەلیلی عیشقی یارم، غەرقی خەمو خەیاڵم
(فاتیحی) دڵبەری من، گوڵێکی خۆش لەقایە

**شۆڕان** ١٩٧٣/٥/١٤

# دڵ کۆیلەتە، دێوانەتە

ئەی نەوعەروسو نەوگوڵم بۆ عاجزی بۆ بار ئەکەی؟
بێچارەوو سەوداسەرم، بۆچی دڵم خەمبارئەکەی؟
دڵ کۆیلەتە، دێوانەتە، سووتاوی خاڵی ڕوومەتە
دەگری، دەناڵێ دێتەکوڵ، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی؟
کەوتوومە ناڵینو خرۆش، کوورەی دەروونم هاتە جۆش
ئەی دڵبەری سەرمەستو خۆش، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی؟
خۆشییە، بەزمو شادییە، وادەی گەردن ئازادییە
ئەی یاری بێ عەهدو وەفا، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی
قوربانی چاوی دڵبەرم، ئەو گوڵڕوخی خۆش مەنزەرم
ئەی حۆری حەوزی کەوسەرم، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی
مەستی شەڕابی وەسڵی تۆ، ئاگای نییە لە هاتوو چۆ
ئەی بولبولی خۆش گفتوگۆ، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی
ئەی چاوکەژاڵو دیدەمەست، هۆشم نەماوە چوو لە دەست
پەروانەتم حەیرانو مەست، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی
سۆزی منو ڕەفتاری تۆ، ئەو نەرگسی خوماری تۆ
دەمخاتە گریەو بابەڕۆ، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی
ماچی دوو کوڵمی سووری تۆ، خەم لابەرە بە گیانی تۆ
(فاتیحی) بۆت بوو ڕەنجەرۆ، بۆچی دڵم خەمبار ئەکەی

**١٩٦٦/١٢/٦ چەکۆ**

# لە ڕێی گەلدا خۆشە مردن

من کوردێکی شڕو وڕم
پەروەردەی نێو چیاو چڕم
هاوشانی پڵنگو شێرم
شارەزای شاخو هەڵدێرم
ڕاهاتووم بە ژیانی بن بەرد
خۆ لەبەرم ناگرێ نامەرد
دوژمنی دوژمنی کوردم
بە هەڵمەتو دەستو بردم
وا تێمەگە شڕوشۆڵم
بە ڕۆژو بە شەو لە چۆڵم
منیش فیکرو بیرم هەیە
کوردم، قەومی ژیرم هەیە
شەرتە ئەو بەرگە بگۆڕم
لە دنیای ئەوڕۆ بنۆڕم
دەست بکەم بە خەبات کردن
لە ڕێی گەلدا خۆشە مردن
ببمە پێشمەرگەی وەتەنم
دوژمن کێو بێ هەڵیکەنم
هەر هەڵمەتێکی بۆ بەرم
دوژمن خۆ ناگرێ لەبەرم
کۆشکی زۆردار تەخت دەکەم
گیان بۆ گەلم بەخت دەکەم
**شۆڕان ١٩٧٣/٣/٤**

# لە دڵداری بەس ناکەی

کیژە کوردەی ڕەزاسووك
نەشیمل، نازدار، تازەبووك
گوڵدەم، بالاٚ نەونەمام
شیرین، خاوەنی ئیلهام
خونچەی باخو کەژو کۆ
وەنەوشەی دەم چەمو جۆ
بێریی کوێستانی زەنوێر
هەلاڵەی بەرزی هەڵدێر
دڵداری بولبولی چەم
هۆی شادیم، لابەری خەم
بیزای گەدەو سەری لەند
نەرمو نۆڵ، ناسكو ڕەند
کەوی سەرکێوی قەندیل
خونچیل، خڕو خۆڵ، نەشیمل
گەردن بەخاڵ، ڕەشئەسمەر
مل پڕ لە زێڕو گەوهەر
ئەگریجە پەخشو هاڵۆز
شلو مل، دڵ پڕ لە سۆز
بەرموور، یاقووتو مەرجان
زوڵف شۆڕ، خەندە هەرزان
تاکەی وەك ئاسكی سڵ

ناگری لە جێیە مەنزڵ؟
دڵ پڕ لە عیشقی تۆیە
بۆت شێتو ڕەنجەڕۆیە
ڕوحمێ بە گریەو زارم
بە ناڵەو بە هاوارم
وەکوو پەروانەوو شەم
دەوری چرای ڕووت دەدەم
سووتاندت سەرو ماڵم
نەتبوو بەزە بە حاڵم
بێ ئاگر هەڵپڕووزام
دەمکوژی، یانی ئازام
ڕازیم کە تیری ئەبرۆت
بیدەی لەم سینە بۆ خۆت
ئەو پەنجە نەرمو ئاڵە
بە خوێنی دڵ شەلاڵە
چەند ڕۆڵە کوردی وەك من
بە داوی تۆوە مردن
وەك ئەو زوڵمو جەفایە
جوانیی تۆش بێ بەقایە
پیرو فەقیرو مەستم
بە تۆو بە دڵ ناوەستم
بۆیە بۆم نابیە نێچیر
ئەتۆ جوانو ئەمن پیر

دڵ تـــــۆی دەوێ بــــــە یــــاری
ئـــــەتـــــۆش لـــــە دڵ بـــــێـــــزاری
کـــــوردی بـــــێ ڕەحـــــم دیـــــارە
کـــــورد چـــــاکـــــەی پـــــێ خـــــەســـــارە
(فـــــاتـــــیـــــحـــــی) بـــــەســـــیـــــە تـــــاکـــــەی
لـــــە دڵـــــداری بـــــەس نـــــاکـــــەی؟

شۆڕان ١٩٧٣/١/١

## شوان و بێری

شوان:

کیژۆڵەی نازدار، باڵا سنەوبەر
قامەت عەرعەری بەرزی موو کەمەر
چاو گەلاوێژی، ئەبرۆ تیرو شیر
ئەگریجەلارەی شۆخو شیکو ژیر
گۆنا پەڕەی گوڵ، تاوسی بەهەشت
مەم سێوە سوورەی باخاتی سەردەشت
گەردن مراوی، خاڵ خاسە کەوێ
کۆترە نەخشینەی جێماو لە ڕەوێ
دەم خونچەی بەهار، وەنەوشە ئاسا
لێو لەعلو مەرجان، یاری بەوەفا
بێریە نەشمیلەی خڕو نەرمو ڕەند
هەوارچیی جوانو، ئاوخۆری سەهەند
تازە یارەکەی خێڵی ڕەوەندم
ناسکۆڵەی نازدار، سەرکوڵمە قەندم
کاتی نیوەڕۆ مەڕ دێتە بەربێر
کەمێ گوێ بگرە، بۆت لێدەم بلوێر
بزانە دەنگی بلوێر دەڵێ چی؟
کە ناڵەی وەکوو زامداران دەچی
سەراپا باسی جوانیی تۆ دەکا
باسی دڵداری منو تۆ دەکا

دەڵــێ کــونــکــونــە دڵــم وەکــوو نــەی
دڵ کـۆیـلـەی تـۆیـە، تـۆ چـی لێ دەکـەی؟
عـیـشـقـت بـلـێـسـەی گـەرمـە لـە نـێـو دڵ
بـلـوێـر بـە شـەوقـی تـۆ هـاتـۆتـە کـوڵ
جـارێ بــە بـلـوێـر، جـارێ بــە گــریــان
چــیــاو شــاخو دۆڵ، لــێــم بــوون هــەراســان
گــوێ بــگــرە تــاوێ لــە دەنــگــی شمشــاڵ
کـە چـۆن بـەردو دار دەهـێـنـێـتـە حـاڵ
گــڕەی دەروونم نــەغــمــەی شمشــاڵــە
شــەوو ڕۆژ بــێــری! هــەر ئــەوەم حــاڵــە

بێری:
شــوانــە گچــکــەڵــەی دڵ پــڕ لــە نــاڵــە
هــاوڕازی بــولــبــول لــەو کــەژو یــاڵــە
کــەڵاشــە پــەڕۆ پــەســتــە هــەڵــدڕاو
کــراس دێــو جــامــەی شــڕو دادڕاو
دەســرە شــیــتــاڵــی کــڵاو هــەمــبــانــە
کــەوا خــەرقــەکــۆن شــانو مــل پــانــە
ڕانــکــە ڕەشــکــەکــا، چــۆخــە داوەکــەو
چــاو هــاڵــە هــەرزن، بــێ خــواردنو خــەو
پشــتــێــن پــەڕۆو پــاڵ، مــل داوەدەزوو
قــەد قــەفــەقــامــیــش، تــورەکــە بــوزوو
گـۆچـان کـەنـێـرە، دەس بـێـنـك سـێ تـا

سمێڵ کۆڵە گەسك، کەپۆ دار عەسا
کەپەنك خوری، شەداوە ماسی
لاوە شۆخەکەی هۆزی بڵباسی
شوانە ژێرەکەی جوانو بێ هاوتا
هێزی هەناوم لە هەردوو دنیا
کۆڵەکەی ژینم، گوڵی بێ گەردم
شوانە غەریبەی هەناسە سەردم
دێوانە ڕەفتار، مەجنوونی شەیدا
بەسیەتی شیوەن لە دووری لەیلا
پەنجەکەت شل کە، بۆم لێدە بلوێر
پاڵ وەپاڵم دە، لەسەر بەردەبێر
سەرمالێدراوی کوێستانی زەنوێر
لابەری دەردم، بە گاڵەی بلوێر
شۆڕەلاوەکەی هۆزی کوردانم
دەروون سووتاوی سەرشاخەکانم
قەولم پێ داوی بە گیانو بەدڵ
بە مان لە بۆ تۆم، بە مردن بۆ گڵ
توخوا بە سۆزەو، بەناڵەی دەروون
بۆم لێدە بلوێر، لەیلی تۆم مەجنوون
بە ڕۆژو بە شەو بێ قەراری تۆم
سینە بریانی گریەو زاری تۆم
وەك لەیلێ کۆشتەی دووریی مەجنونم
ڕەنگ زەردو زەعیف، ماتو زەبوونم

بــێــرىو شــوان ئــەوا بــوون بــە هــاوســەریــن
(فــاتــیــحــی) بــەســیــە نــاڵــەو کــولّو شــین!

چەکۆ ١٩٦٨/٨/٥

ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە لە بەر ئەوەی کاك مەلا محەمەدی زوودی بۆ خۆشی کردبوویە، لە پەراوێزی چەند شیعرێکی کاك حەمە پۆلاً، منیش هەر بۆ خۆشی چەند شیعرێکم لێ زیاد کردبوو بۆ ئەوەی بۆ یادگاری وەمێنێ، وا لەم دیوانەدا دەینوسمەوە.

حەمە پۆلاً:

کێوەکان کە ڕەنگاون
بە گیا ڕەنگ کراون
تۆراون کێویو نێری
لێشی نین شوانو بێری
کوستانێکی چۆلو هۆل
کەو دەخوێنن پۆل بە پۆل
بولبولیش گشت بەیانی
دەگری بۆ گوڵەکانی
ئەوڕۆکانە لە کێوی
جەژنەیەتی مام ڕێوی
دەگەڕێ لە جێ واران
دەکا گاڵتەو قوماران
لە هەرجێیەك بکا بۆن
ئەمڕۆ زۆرە سیرمەکۆن

مامۆستای زوودی:

حەمە پۆلاً لە ماڵێ
دەچێتە بن هەرزاڵێ

ناوێرێ سەر هەڵێنێ
(هەمین) تێی دەسرەوێنی
لێی دەترسێ وەکوو جووی
گێرەی لەسەر کا نابزووی
هەقیشیەتی فەقیرە
وەك خۆی نەماوە، پیرە
(هەمین) وەك پاڵەوانە
منداڵیشی لە لانە
دەبێ خۆی لێ وەشێرێ
یەك بە زۆران ناوێرێ
بێت و ڕقی لێ هەستێ
واز ناهێنێ بە مستێ
تێیوە دەخوڕێ بە توندی
قەلینە وەرنە کوندی
بکوتە حەمە، کوێت دێشێ
دەیکووتن وەکوو بڕوێشێ
حسێن- یش گوێی ناداتێ
بۆ خۆی ئێشی ناگاتێ
بابیش دەمرێ جەهەنەم
پاڵ دەداتەوە بێ خەم
دەڵێ پیرەو هەر دەمرێ
پیاو بۆ خەمی بۆ داگرێ

**فاتیحی:**

خوا دەکا دەیبێ نەجات
بۆی دەکەم خێرو ئیسقات
پێنج سەدی بۆ بکەم بەخێر
مەلاش هەموو دەبن تێر
سێ رۆژەی سەرەخۆشی
لە بۆی دەکەم ڕەشپۆشی
بە ڕەحمەت بێ کاحەمە
ئێستاش ڕەفیقی کەمە
هەژنۆدە منداڵی بوو
زۆر تێربوون، ماندووش نەبوو
دەستی سەد کەسی دەبڕی
لەملاو ئەولا دەیپچڕی
خوریو توتنو مازوو کۆت
هەرچی بایە دەیفرۆت
زۆری دین کوێرەوەری
ئەزیەتو دەربەدەری
سەرمای سەرچاوەی هەڵشۆ
بۆڵەی کاروانچی بێکڵۆ
توتنەوانیو چێوداری
حیزبایەتیو نەداری
پاڵەوانێك بوو بۆ خۆی
زۆر سەیر بوو هاتووچۆی

لــە لای خـــەڵــکــیــش بــە نــاو بــوو
کـــوڕێـــکـــی وشـــتو پـــیـــاو بـــوو
مـەنـتـیـقـەی (سـوێـسـن)ەو (نـەڵـێـن)
ئـــێـــســتـــاش هـــەر چـــاکـــەی دەڵـــێـــن
پـــیـــاوی پـــیـــاو نـــامـــرێ نـــاوی
حـــەمـــە، نـــەمـــردووی مـــاوی
ئـــەوەی بـــۆ تـــۆم نـــوســـیـــوە
هـــەمـــووم بـــەو چـــاوە دیـــوە
شـــیـــعـــرت نـــووســـی بـــۆ خـــەڵـــکـــی
لـــە لای گـــەلـــت بـــە کـــەڵـــکـــی
دەچـــێـــتـــەوە بـــۆ ئـــێـــران
ڕادەوەســـتـــێ وەك شـــێـــران
ئـــێـــســـتـــا کـــە مـــلـــی کـــردوون حـــیـــز
چـــاوەڕوانـــە بـــۆ تـــەعـــویـــز
بـــژی کـــاك حـــەمـــە پـــۆلا
دەکـــوتـــێ پـــیـــاوی نـــاقـــۆلا
**١٩٨٠/١/٨ چوارقوڕنە**

# بۆ مامۆستای قوتابخانە

ئــەی مــامــۆســتــای بــەرزو بــەڕێــز
لــە تــێــکــۆشــان بــەتــینو هــێــز
ئــەی ڕاهــێــنــەر بــۆ قــوتــابــی
ئــەی گــەورەتــر لــە هــەر بــابــی
ئــەی چــرای گــەشــی شــەوەزەنــگ
ڕێــنــیــشــانــدەری ڕۆژی تــەنــگ
هــەڵــتــگــرت ئــاڵای بــۆ خــەبــات
گــەل لــە کــوێــری دەدەی نــەجــات
ســەرچــاوەی خــۆشــیو بــەخــتــیــاری
بــۆ مــامــۆســتــا کــراوە دیــاری
مــن ئــامــادەم بــە گــیــانو دڵ
لــە خــوێــنــدن هــەرگــیــز نــاکــەم سڵ
لــە نــەزانــی ســەر دێــنــمــە دەر
دەخــوێــنــم دەبم بــەهــرەوەر
تــۆش بــە دڵــێــکــی پــاكو ڕەوان
فــێــرمــکــە وشــەی دەرســەکــان
دەبمــە مــامــۆســتــا بــۆ گــەلم
لــە دەســت نــادەم کــاتو هــەلم
بــە خــوێــنــدن دەکــەم شــانــازی
مــامــۆســتــا لــێــم دەبــێ ڕازی

**١٩٧٧/١٠/١٠ تووسووران**

# بە تیری عیشقی تۆ

بـە عـیـشـقـی داوی دوو زوڵـفـت ئـەسـیرو گـێـژو هـیـلاکـم
تـەمـاشـاکـە لـە دوو چـاوی تـەڕو پـڕ ئـاوو نمـنـاکـم
وەبـیـرم دێـتـەوە ئـەو مـاچـی دوو لـێـوی شـەکـەر ئـاسـات
لـەبـۆیـە مـاتو دامـاوو، کـزو بـێـهـێـزو خـەمـنـاکـم
بـە شـەو هـەر فـیـکـری ویساڵـی قـەدی ڕەعـنـایـی تـۆم کـارە
لـە لـۆمـەی دوژمـنو بـێـگـانـە نـاتـرسـێـمو بـێـبـاکـم
گەلێ موشکیلە گەر حـەل کـەم حـەواشـی زوڵفـو ئـەگـریجـەت
غوباری عـیـشـقـی تـۆ گـرتـی دوو چـاوم غـەرقـی نـێـو خـاکـم
بـە تـیری عـیـشـقـی تـۆ سـەوداسـەرە (فـاتـیـحـی) هـەر دەگـری
لـە دووری تـۆ شـەوی تـارە بـە قـوربـان ڕۆژی ڕوونـاکـم

**ئاڵواتان ١٩٥٦/٧/١٦**

# گفتوگۆی عەقڵ و پارە

ڕۆژێ عەقڵو پووڵ کەوتنە گفتوگۆ
پووڵ گوتی ئەمن چاکترم لە تۆ
چونکە لە دنیا پیاوی خاوەن پووڵ
قسەی ڕەوایەو قەت ناکا نزول
عاقڵی فەقیر هیچ کەس نای ناسی
هیچ کەس ناپرسێ لە قسەو باسی
فەقیری زانای بێ پووڵو پارە
لەنێو خەڵکدا هەر شەرمەزارە
فەرموودەی ڕەسووڵ: فەقیر ڕووڕەشە
لە دنیاو قیامەت هەردوو بێبەشە
ئاسوودە نییەو هەر تاڵە حاڵی
چون ڕەشو ڕووتن ماڵو مناڵی
پێخەف شك نابا تا بەخۆی دادا
حەسیری نییە لەژێر خۆی ڕاخا
تێر نابێ زگی قەت لە نانو دۆ
بەشی هەر سواڵە بەبێ گفتوگۆ
نە کۆشکی هەیە، نە قەسرو تەلار
نە هیچ کەس دەکا بە ئەو ئیعتیبار
لیباسی تازەی دەواری شڕە
لێفەو دۆشەکی هەر بەردو قوڕە
بەلام خاوەنی پارەو پووڵو ماڵ

هەر سەربڵندە، دوور لە قاڵەقاڵ
خاوەنی کۆشكو قەسرو تەلارە
گامێشو بزن هەر بە هەزارە
ڕۆژ نییە سەد کەس نەخۆن نانی ئەو
یان پارە نەدا بە ئەمو بە ئەو
ڕۆژو شەو کاری بەخشینی ماڵە
ساڵ دوانزەی مانگە هەر ئەوەی حاڵە
گەر ماڵی دنیا ڕوو کاتە گەدا
گەدا نامێنێ دەیکاتە پاشا
عەقڵ هیچ نییە بێ پووڵو پارە
فەقیر وەك شێر بێ عەقڵی خەسارە
کوا سفرەو خوانی عەقڵی بێ چارە
سفرەی ئەو خەمەو دەردو پەژارە
کوا (برق)، ماشێن مەکینە بۆ جووت؟
کوانێ لەززەتو خۆشیی پیاوی ڕووت
ئەی هەتاکو کەی بە خۆت دەنازی
کە دایم موحتاج نانو پیوازی

### وەڵامی عەقڵ:

عەقڵ هاتە جواب، وتی بە پارە
پیاوی بێ عەقڵ ڕەنج بەخەسارە
مەگەر نازانی کە ماڵی دنیا
خودا بە پیاوی ڕەزیلی دەدا

عــەقــڵ لــەبــۆ پــیــاو دەوڵــەتو مــاڵــە
مــاڵ بــە خــاوەن مــاڵ، دارای کــەمــاڵــە
دنــیــا بــۆ پــیــاوی نــەزان بــەهــەشــتــە
وەك حــەیــوان بــۆ ئــەو ســەیــرانو گــەشــتــە
عــەقــڵ بــە پــارە هــیــچ کــاری نــیــیــە
مــاڵــی بــێ عــەقــڵ هــەر شــەیــتــانــیــیــە
تــەیــارەو تــۆپو تــفــەنــگو کــەشــتــی
نــاپــاڵــمو تــانــگو ئــەســبــابــی گــەشــتــی
دانــەری هــەمــووان عــەقــڵــی تــەواوە
نــەزان وەکــوو کــەر بــاری لــێ نــراوە
پــارەی بــێ عــەقــڵ وەك ژەهــری مــارە
لــە نــاو کــۆمــەڵــدا نــەزان هــەر دیــارە
عــەقــڵ ســەرچــاوەی عــیــلــمو هــونــەرە
هــەڵــبــژێــردراوی خــودای ئــەکــبــەرە
عــەقــڵ خــەڵاتــی خــوایــە بــۆ بــەشــەر
عــەلی بــە عــەقــڵ فــەتحــی کــرد خــەیــبــەر
ڕازیو غــەزالیو ســەعــدیو حــافــیــز
بــومــوقــلــەو ســەلــمــان، فــیردەوســی، جــاحــیــز
بــەو عــەقــڵــەی خــودا کــە دابــووی بــەوان
ڕێــگــەی چــاکــەیــان گــرتــوەو پــێــشــەوان
بــە ڕاســتــی بــرام مــاڵــی دنــیــایــە
وەك عــەقــڵ نــابــێ هــەتــا هــەتــایــە
گــەر قــەزاوەت کــەیــن لــە بــەیــنــی ئــەوان

عــەقــڵ چــاکــترە بــێ شــكو گــومــان
چــونــکــە بــە عــەقــڵ پــیــاو خــوا دەنــاســێ
بــێ عــەقــڵ بــە مــاڵ ســکــی دەمــاســێ
مــاڵــی دنــیــایــە مــایــەی تــوغــیــانــە
غــەڕڕەیــە بــە مــاڵ هــەرکــەس نــەزانــە
خــوایــە بــۆ خــاتــری هــەمــوو ئــیــنــسو جــان
بــێ بــەشــمــان نــەکــەی لــە عــەقــڵو عــیــرفــان
(فــاتــیــحــی) هــەژار نــەکــەی ڕەنجــەڕۆ
عــەقــڵو کــەمــاڵــی هــەبــێ بــەشــی خــۆ

**چەکۆ ١٩٦٦/٨/١٨**

## سوپاسنامەیە بۆ کاك ( حەمە پۆلاً )

**چونکە کەرێکی بۆ ناردم بۆ تووتن هێنانەوە.**

دیـــاریـــت بـــوو بـــە کـــەر حـــەمـــە
کـــــورتـــــانو ڕەشمـــــەی کـــــەمـــــە
دەبـــــێ وانـــــیـــــش بـــــنـــــێـــــری
چـــۆن خـــۆیـــان لێ دەبـــوێـــری؟
هـــەرچـــەنـــد کـــەرەکـــە شـــەلـــە
هـــەر بـــاشـــە بـــۆ جـــەلجـــەلـــە
ئـــێـــســـترە، پـــێ نـــاڵـــێـــم کـــەر
چـــاك لـــە کـــڵ هـــاتـــۆتـــە دەر
نـــــاڵ کـــــراوە دوو دەســـــتـــــی
لـــە خـــواردن ڕانـــاوەســـتـــی
زەڕەی خـــــۆشـــــە وەك کـــــەران
بـــێ بـــەرگـــە بـــۆ هـــەنـــدەران
دەبـــێ بـــۆی بـــکـــڕی کـــورتـــان
تـــەنـــگـــەو پـــاڵـــووی تـــونـــدو جـــوان
ڕۆژێ چـــوار جـــێـــی پـــێـــدەکـــەیـــن
هـــەمـــوو خـــزمـــەتـــی دەکـــەیـــن
کـــوێ درك و داڵـــی لـــێـــیـــە
کـــەرەبـــۆز وا لـــەوێـــیـــە
دیـــاریـــیـــەکـــەت نـــاتـــەواوە
کـــوا چـــیـــت لـــە گـــەڵ هـــێـــنـــاوە؟

کەری وا پیرو جدەو
سەد دنیار چاترە لەو
دەینێرمەوە بۆ سەرت
بێفەڕ بوو حەمە کەرت
حاشا لەو خێرو بێرە
قەت شتی وا مەنێرە
حەمە گیان خۆ لەولاوە
بەحر هێرشی هێناوە
دایگرت دەشتی سەنگەسەر
(خڕەجوە) شی دایە بەر
(چۆمەسووتاو)، ( کۆمەڵە)
بەحر گرتی بێ پەڵە
(مینە)و (قالەی مام ساڵە)
پێیان خۆش نییە ئەو حاڵە
گەییە دەشتی (مام وەیسی)
بەحر لە کێ دەترسی؟
کەنجاڕەشی دایە پێش
بێ ترسو خۆفو ئەندێش
بۆ (کەرسۆنە)و ( سندۆڵان)
هەڵدەچنێ خڕو دۆڵان
تەماتەو بامیەو خەیار
دەلوجەو شووتیو بیبار
زۆرم چاند بوون لەوان

شین دەچوون حەنیکەو جوان
بەڵام گەر وا بکا بەحر
پێمان تاڵ دەکا شەکر
بە وشتریان گوت: کوا خەت
گوتی: پیشەم نەبوە قەت
جا منو تووتنەوانی
بۆیە چاکی نەهانی
بەو مانگی ڕەمەزانە
کە خۆی مانگی ڕۆژوانە
لەبەر ئەو بەحرو ئاوە
ڕۆژوون لە بیر نەماوە
تووتنەوان چەشنی فسۆس
سوتاندیان بەری ئاسۆس
دەشتی بەر ماڵی دەربەند
لەمێژە دووی بەویش کەند
گەر ئاواشمان لێگەڕێ
باشە، ئاشمان دەگەڕێ
زۆر ڕەشو ڕووتی وەك من
بۆرو لاوازو ورگن
هاتن بۆ تووتنەوانی
بەختی وانیش نەیهانی
چەند مەلاو حاجیو سەید
هاتبوون خۆیان کرد قەید

هەتا بەحر ئاوای کرد
لە ترێ خاسو عامی برد
شتڵیش هەموو سووتاون
کەس بەشی خۆی نەماون
(مەرگە) و (بیتوێن)و (پشدەر)
بێ شتڵ ماون یەکسەر
وەك ساڵی گرانی وایە
شتڵیش لە کڕین نایە
ئەو شتڵی وا زۆرو جوان
لاڕەشە تەڕکی لێدان
تووتنەوانی قوڕبەسەر
دەستی لە کراس هێنا دەر
کەنجارە کانگای تووتن
تووتنەوان لێی لا لووتن
خوایە تۆی کارسازی کار
نەمانگاتێ دەردی پار
وەك پار نەنکەی ماڵوێران
نەمانخەیتە هەڵدێران
موحتاج نەبین بە پشتاو
(کەڵە)و گەزۆو کەمیی ئاو
خوایە! هەر خۆت غەفوری
تۆ لە گوناهان دەبووری
لێمان خۆش بی بەڕەحمەت

کــورتـــانو کـــەر بـــە لـــەعـــنـــەت
خـــوایـــە! کـــاك حـــەمـــە پـــۆلاٚ
پـــتـــەوتـــرکـــەی لـــە پـــۆلاٚ
قـــەت نـــەبـــیـــنـــێ ڕۆژی ســـارد
چـــوون ئـــەو کـــەرەی بـــۆ مـــن نـــارد
لـــەگـــەڵ بـــەحـــری ئـــەو جـــارە
دەبـــێ چـــۆن بـــێ کـــەنجـــاڕە
مـــن وام بـــۆ هـــاتـــۆتـــە پـــێـــش
هـــەمـــبێ هـــەزار ســـەر گـــامـــێـــش
هـــەر کـــە هـــەڵـــکـــات ڕەشـــەبـــا
گـــامـــێـــشـــی وا زل دەبـــا
وا ئـــەجـــەلـــت گـــەیـــیـــە ســـەر
دەبـــا بـــەس بـــێ بـــاســـی کـــەر

**١٩٨٦/٥/١٨ کەنجاڕێ**

# شەنگەبێری

چاوەکەم ئەی شەنگە بێری (مۆزە ڕێن)
نازەنین، بالاّ سنەوبەر، چاو شەهێن
هەڵگرە شیرمەشکو ستڵە، زووکە زوو
شوانە دڵ سووتاوەکانت چاوەڕێن
هەستە بۆ نێو مەڕ، وەرە با دەردی دڵ
چیدی لێکی ون نەکەین، پێکی بڵێین
بەردەبێر جێگەی مرادی ئێمەیەو،
شاهیدن ئەو بێ لەسەر وەعدو بەڵێن
دەست لە نێو دەستم بنێ باپێکەوە
لەو چیایە مەڕ بەرینە سەر شەوێن.

# بە تۆچی تاوڵو چیغو جێگەواری

ئەرێ ئەی دڵ هەتاکەی وێڵی یاری؟
هەتاکەی چاوەڕێی گەشتو گوزاری
هەموو عومرت لە ڕێی عیشقا لە دەس چوو
بە پیریش بۆ گوڵت هەر بێ قەراری
نییە ئارامو سەبرت، وێڵو شەیدای
نەخۆشی چاوی مەستی پڕ خوماری
وە کوو بولبول چیاو دۆڵ بۆتە جێگەت
لە کوێستان گوڵ نەما خۆ ئاسەواری
ئەوەی یارت بە تۆی کرد کێ بە کێی کرد؟
حەرامی کرد لە تۆ لای لێڕەواری
وەکوو قەندیل بە سەر بەرزی بژی تۆ
وەلانێ مەیلی دۆستی یاری یاری
هەموو دنیا گەڕای ئاخیر سەرەنجام
لە گۆشەی میحنەتا بێ گوڵعوزاری
لە باغو گوڵشەنو سەحراو دەرو دەشت
بە تەنیا تۆی غەریبو نادیاری
دەبا بەس بێ هەوای دنیاپەرستی
کە تۆ عەبدی خودای پەروەردگاری
بڵێ یاڕەب بە جاهی سەیدی سادات
بە حوببی حەیدەرو هەم زولفەقاری
لە تاوانو گوناهم خۆش بی یاڕەب

بـــکـــە ڕوحمـــێـــك بـــە گـــریـــەو شـــین‌و زاری
خـــودایـــە ڕەحمـــەتـــت بـــڕژێـــنـــە ســـەرمـــان
بـــە چـــەشـــنـــی ڕێـــژنـــەبـــارانـــەی بـــەهـــاری
کـــە مـــردی (فـــاتـــیـــحـــی ) کـــردەت بـــە کـــار دێ
بـــە تـــۆ چـــی تـــاوڵ‌و چـــیـــغ‌و جـــێـــگـــەواری؟

**١٩٩١/٩/٣ گردئاشەوان**

## بۆ برای بەڕێز مەلا (بایەزیدی مەنگوڕی)

ئـەی ڕەفـیـقـی خـەمـڕەوێـنـم، مـەنـگـوڕی، کـاك بـایـەزیـد
ئـەی نمـوونـەی ئـالی سـێـمـان، ڕۆڵـەیـی مـەردو ڕەشـیـد
ئـەی درێـژو ڕێـك‌و باریـك، سـەرگـەلـەی خـەڵـکی (نـەڵـێـن)
یـاڕەبـی هـەر پـایـەدار بـیٚ‌و، بـەخـت‌و ئـیـقـبـاڵـت سـەعـیـد
کـەوکـەبـی بـەخـتـت درخشـان‌و مـەقـام‌و مـەرتـەبـەت
ڕوژی ڕووناکـت هـەمـیـشـە پـڕسـروور بـیٚ چـەشـنـی عـیـد
زۆر لـەمـێـژە دڵ لـەتـاوت شـیـن و گـریـەی پـیـشـەیـە
مـات‌و خـەمـبـارو پـەرێـشـان (مـوی سـیـاهـم شـد سـفـیـد)
ماڵەکەت وەك بەیتی عەنقا، ئـیـسمـە هـەر جسـیـمـی نـیـیـە
دۆست ئەگەر دۆسـتـی بـویٚ، فـەرقـی نـیـیـە قـوربـ‌و بـەعـیـد
خۆزگە بەو ساڵەی لە (بێـوران) پـێـکـەوە چـون عـەنـدەلـیـب
ڕۆژو شەو وێـنـەی کـەوی شـاخ دەنخـوێـنـد شـیـعـرو نـەشـیـد
ژیـنـی ئـێـسـتـاکـەم لـەلا سـەخـتـەو، لـەسـەر شـان بـۆتـە بـار
سەد هەزار خۆزگەم بە دەوری (کەوکەبی) و (حاجی رەشـیـد)
عـاشـقـی چـاوی کـەژاڵ بـووی، چـیـت دەکـرد لـەیـل‌و نـەهـار
یـانـە خـۆت پـیـاوی سـەفـەر بـووی، یـا لـە ڕێـدا بـوو بـەریـد
یـادی خـێـری کـاتـی لاوی هـەر دەکـەم، مـن سـوبـح‌و شـام
تۆش وەکوو من پیرو پـەککـەوتـەی قـەدی ئـەلـفـت خـەمـیـد
(ئاڵوەتان) و (کەوپەڕ) و (ترکـەش) لـەوان تـۆ چـیـت دەکـرد
شـادەمـاری شـادی تـۆ بـووی خـۆش قـسـە، عـەیـنـی لـەبـیـد
ئـێـسـتـە پـیرو پـەڕشـکـسـتـەی نـاوێـری کـۆخـەش بـکـەی

خوشکە (ڕوقیا) لێت دەدا، وەك فیل کە ناڕوا بێ حەدید
بەسیە ئەوجار ڕوو لە هەق کە، مردنت میوانە تۆ
سازبکە بارگەو بنە، بۆ ڕۆژەکەی وەعدو وەعید
چاوەکەم، تاجی سەرم، کاك بایەزیدەی نوکتەبێژ
ڕووحەکەم، ئارامی گیانم، قالە بایزەی خۆش نەوید
بۆ سەفەر ئامادەبە، تاکەی خەیاڵی هیچ وپووچ
وەك جەهەننەم لرفەتە هاوار دەکەی (هل من مزید)
ئاگری دۆزەخ دەسوتێ ڕۆژو شەو بۆ عاسیان
بانگ دەکا ئامادەمە (لکل جبار عنید)
بۆ چییە؟ پیاو هەر بەجێ دێڵێ مەتاعی بێ نرخ
فەرش‌و مافوورەو قسوورو کۆشك‌و تالاری جەدید
هەر دەڵێی سووتاوە لاقت، نیتە ئارام‌و قەرار
کاتی تاعەت کردنە نەك هەڵپەیی دنیای پەلید
نێزەکەت چیدی حەواڵەی مەزرەعەی خەڵکی مەکە؟
ڕەنگە هی تۆش کەوتبێ، وەك هینەکەی (عەولاّ سەعید)
ڕۆژو شەو گرمەت دەهات، وەك جوانەگای (حاجی شەفیع)
(بەردە کەڕ) شاهید بەتۆیە، شینەمەزرای (دۆڵە بید)
جێگەکەم گردئاشەوانەو تەبعی شیعرم زۆر کەمە
زۆر نزیکە ساردو سەرما (فاتیحی)ت لێ بکەن شەهید

**۱۹۹۱/۱۲/۲۰ گردئاشەوان**

# ژن

ماڵی دونیا هەر ژنە، خۆشی هەموو ئینسانە ژن
ماڵی بێ ژن با خەرابێ، گەوهەری تابانە ژن
هەرکەسێ هۆش‌و شعووری بێ سڵەی ناکا لە ژن
پیاوی بێ ژن گێژوحۆلە، شەو چرای ماڵانە ژن
دەوڵەت‌و داهاتی زۆرت با هەبێ، بێ ژن چییە؟
بەردی بنچینەی حەیاتە، نازو نووزی جوانە ژن
گەنجی قاروونت هەبێ، یا تەختی شاهی‌و سەروەری
بێ بەهاو پوچو بەتاڵە، مەرهەم‌و هەتوانە ژن
نیعمەتی گەورەی خودا، یەکیان ژنە گەر تێبگەی
لابەری فیسق‌و فجوورو، دوژمنی شەیتانە ژن
پیاو لە چەوتی‌و لاری ڕێگە لادەدا گەر ژن هەبێ
ئاینەی بالاْنوێن‌و هاودەمی مەردانە ژن
باعیسی خۆشی‌و سروورو شادییە، گەر دەس کەوێ
مایەیی دووری لە ئاگر، غەفڵەت‌و عیسیانە ژن
هەر ئەوە ئیماندەرو ئیمانبەرو ماڵ تێکدەرە
هەر ئەوە ئاوی حەیاتە، سەروەت و سامانە ژن
هاوبەشی ژینە هەتا مردن، لە وت چاکتر نییە
مەعدەنی میهرو مەحببەت، لوتفی بێ پایانە ژن
ڕووت‌و قووت‌و بێنەوا بی، خۆشە هەتبێ خەمڕەوێن
گەوهەرو زێڕو مەتاعە، زینەتی شاهانە ژن
شەوچراو خەم لابەرە، شەوقی دڵە، نازپەروەرە
ڕاحەتی دڵ، بۆنی سونبل، (فاتیحی )، ڕیحانە ژن
**گردئاشەوان** ١٩٩١/٩/١

# ئەی تاقەتی هێزو دڵ

ئـەی هـەمـدەمـی دێـریـنـم، ئـەی دڵـبـەری شـریـنـم
ئـەی تـاقـەگـوڵـی ژیـنـم ، بـۆ ژیـنـم‌و بـۆدیـنـم
ئەی تـۆ گـوڵ‌و مـن بـولـبـول، ئـەی تـاقـەت‌و هـێـزی دڵ
پیشەم چـیـیـە گـریـەو کـوڵ، هـەر کـاتـێ کـە نـەتـبـیـنـم
ئـەی گـوڵ، گـوڵـی گـوڵـزاری، لـەو مـەزرەعـەی دڵـداری
وەی کـاسـیـدی بـازاڕی ڕۆم‌و حـەڵـەب‌و چـیـنـم
ئـەو شـۆخ‌و دڵـئـاویـزە، نـافـەی گـوڵـی پـایـیـزە
ئـەو یـاری دڵـەنـگـیـزە، بـۆشـادیـی‌و بـۆ شـیـنـم
دڵ مـات و بـریـنـدارە، لـەو عـالـەمـە بـێـزارە
پـابـەنـدی گـوڵـی نـازە، مـەی شـارەوە بـیـبـیـنـم
تـۆو ئـایـنـی خـاوێـنـت، دەسـتـی مـن‌و داوێـنـت
ئـەو پـەنـجـەیـی شـاهێـنـت، ڕەنـگـین مـەکـە بـەخـوێـنـم
ڕوح حـازری بـەرپـێـتـە، حـەقـقـولـقـەدەمـی ڕێـتـە
تـەن دۆشـەکـی سـەر جـێـتـە، دڵ عـاجـزو غـەمـگـیـنـم
ڕوح مـاوە بـەبـێ لاشـە، سـەر گـێـژە وەکـوو ئـاشـە
تـا تـۆی هـەبـێ دڵ بـاشـە، ئـەی نـەوگـوڵـی نـەخـشـیـنـم
(زوودی) چ هـەراسـانـە، هـەر لـەحـزە لـە گـریـانـە
وەك (فـاتـیـحـی) حـەیـرانـە، بـۆ گـوڵـڕوخـی دێـریـنـم

**چەکۆ ١٩٦٧/٥/١٦**

# گوڵبەدەم ڕەعناقەدەم

کیژەی کوردەی شۆخو شەنگەی، کوڵمە ئاڵەی خونچەدەم
قەد سنەوبەر، مووکەمەر، شیرین نەزەر، زیبا قەدەم
کۆترو سوێسکەو کەناری، نازدارو جوانو نازەنین
گوڵعوزاری لێوشەکەر، ئاسکی خوتەن، باڵا عەلەم
سوێسنەو لالەو هەلاڵەو سونبولو گیابەندو خاو
گوڵبەدەم، ڕەعناقەدەم، ئاهووی حەرەم، کانی کەرەم
چاو خوماری، مەم هەناری، بەدقەراری کینەجوو
شۆڕەژن، سەروی مەزن، تاقانەکەی کوردو عەجەم
زوڵفی تار، میشکی تەتار، خونچەی بەهار، سەروو چنار
شای گوڵان، لەیلای زەمان، دەرمانی قەلبی پڕ ئەلەم
وەك مەسیحا ڕوو لەلامکە، باوەڕێ عەزمی ڕەمیم
پیرو پەرکەوتەو نەخۆشم، عاجزو زار، دڵ بەخەم
کەی ڕەوایە بێ وەفایت هێندە بێ بۆ منی هەژار؟
چاوەکەم، ڕوحی ڕەوانم، بۆت دەسووتێم چەشنی شەم
عەنبەرو ڕیحانو مێخەك، بۆنی تۆ نادەن لە لام
چون دەزانی من ئەسیری زولفی خاوی ژێر پەچەم
چاوەکەت غەددارە مەیلی کوشتنە بۆ (فاتیحی)
شەرتە تاماوم لە دەستی زوڵفی تۆ من ڕا دەکەم

**گردئاشەوان** ١٩٩٤/٨/٩

# دەردی پیری

نازانم چۆنم پیری گەیە سەر
چۆنی لێگرتم گۆشەو دەورو بەر؟!
پیرو زەعیفو سەر لێ شێواوم
لوتفی تۆم دەوێ خودای بانی سەر
بەهاری عومرم بوو بە پایزە ساڵ
وەك بەفری زستان ڕیشم هاتە دەر
کۆخەو نالێنو هاوارو ڕۆڕۆ
هەر لەبەر پیری لێم کەوتونە دەر
بە گۆچان نەبێ ڕۆینم زەحمەتە
لەرزو بێهێزو بێ لاقو لەتەر
بە گەنجی چۆن بووم، شۆخو قیتو قۆز
بەفیز، بە دەمار بەتانەو تەشەر
خۆشیی ژیانم لێ بۆتە خەون
چاوم نابینێ ڕوخساری دڵبەر
شێرو پڵنگو ئەژدیهای کێوی
چ حەدیان هەبوو من بکەنە دەر
کوێستانی لاویم زەرد هەڵگەڕاوە
لێم بوونە ئەغیار نازدارو ئەسمەر
بوومە یەخسیری نەفسی ئەممارە
کردەوەی چاکم نەبوو غەیری شەڕ
شریتی عومرم هاتۆتە دوایی
هەربینا جێمهێشت دنیای پڕ کەدەر
پیری دای هێنا قەدی شمشاڵم
تەڕایی نەهێشت لە گیانو جگەر

پشت چەمانەوەم مایەی پیرییە
سیس‌و ژاکاوو بێ سەمع و بەصەر
چاو بەچاویلکەو دەست بە گۆچانم
نەمماوە مەیلی چوونی دەشت‌و دەر
هەنگاو شل بوون‌و بێ خوردو خەویم
تادوێنێ لەوان هیچ نەبوو خەبەر
هەرچی کردوومە گشت بەدبەختییە
پەنام هەر ئەتۆی سەییدی سەروەر
ئێستاش دەمبینی نەخۆش‌و چڵمن
بێ تاب‌و تاقەت، پیرو قوڕبەسەر
نەفەس‌و شەیتان‌و دونیاپەرستیم
لەسەر ڕێگەی ڕاست خستمیانە دەر
سەرپاکی ئەعزام وەك گۆشت کوڵاوە
خوایە زۆر شوکرم بە قەزاو قەدەر
خودایە بۆ خاتری ڕەسوڵی ئەکرەم
لە داوی شەیتان بمانهێنیە دەر
خوایە پێش پیری زۆر خۆشە مردن
پیری مردنە بۆ بەنی بەشەر
لە ڕێی سەعادەت هیدایەتم دەی
دوورمکەی لە ڕێی پڕ خۆف و خەتەر
(ئاشووفتە) حاڵ‌و پەرت‌و پەرێشان
نەسووتێم بە گڕی ئاگری سەقەر.
**١٩٩٤/٦/٢٢ گردئاشەوان**

# ناڵەناڵو شیوەنم

چاوشەهێنی، دڵڕفێنی، کوڵمە خوێنی چاوخومار
گوڵعوزاری، لالەزاری، مێرغوزاری، نەوبەهار
سوخمەئاڵی، دیدەکاڵی، مل بە خاڵی، قەد عەلەم
مەهوەشی، ئەبرۆ ڕەشی، گەردنکەشی، (شمس النهار)
دڵبەری، لێو شەکەری، خەنداوەری، شێوە پەری
لێو گوڵی، ڕوومەت گوڵی، قامەت گوڵی، شیرین وتار
لالەڕوو، خۆش خولقو خوو، مەهتاب ڕوو، گۆنا هەڵوو
مەم هەنار، بالاّ چنار، ئەگریجە لار، میشکی تەتار
نازەنین، ئاهوویی چین، شیرین جەبین، ماهی زەمین
موو کەمەر، تەلعەت قەمەر، حۆری سیەر، پەرچەم قەتار
خۆشکەلام، والا مەقام، قەد نەونەمام، سەروی خەرام
زوڵف خەم، سەیدی حەرەم، شۆخی عەجەم، خونچەی نەزار
کوا وەفاو شەرتو بەقاکەت، کوا قەرارو قەولی تۆ؟
ئەی تۆ نەتفەرموو بەلاشە، بۆسەوو سووچو کەنار؟!
داخی گەورەت نایە سەر دڵ، کۆچەکەت وەعدی نەبوو
بۆت بەجێ هێشتم فوغانو، ناڵەوو گریانو زار
ناڵەناڵو شیوەنم دنیای سەراسەر گرتەبەر
بۆ فیراقی تۆیە شینم، دڵ بەبێت ناگرێ قەرار
(فاتیحی)ت خنکاند بە داخو حەسرەتو شینو چەمەر
(ما بقلبی فی هواك) ئارەزووی دەشتو دیار.

**١٩٩٤/٦/١٦ گردئاشەوان**

## نەهاتی

قەرار بوو بێی بچین بۆ دۆڵی خوارێ
نەهاتی، ئاورو ئاسنم لێ دەبارێ
لە شەقەقەی باڵ دەدەم، تا ماوە هێزم
لە گوڵزاری گوڵان دەگرم قەرارێ
بەسەر چوو کاتی لاویو عەیشو نۆشم
چلۆن نەگریم! لە چاوان خوین نەبارێ
وەکوو بولبول لە پۆپەی چڵ کە دەمخوێنند
هەزار قومری لە دەورم بوون بەجارێ
دەڵێی چی؟ پیاو کە پیر بوو، ساردە بازاڕ
بە بایەك ڕادەژێ وەك پیرە دارێ
منیش وەك داری سەر کەنداڵو هەڵدێر
ڕەگو ڕیشەم ڕزی سەرتا بە خوارێ
ترووسکەی زیندەگیم تاریکە وەك شەو
بە زەحمەت گەر بگاتە لای حەسارێ
ئەوەند پەڕپووتو شەپڕێوو کەنفتم
دەڵێم ناخۆم لە گیاو گۆڵی بەهارێ
دەمێکە کاکی (بانی)ش زویرە لێمان
نە دێتە ئاش، نە سەرچۆمو ڕووبارێ
لەلای دیش خاڵە (نەوزادی) لەبەر فیز
ئەبەد بۆ لای مە نابڕێ ڕێ گوزارێ
خودا، بۆ (فاتیحی) و گشت کەس پەنای تۆ
ببەخشە پێم لە عوقبا چەمەسارێ

**١٩٩٤/١٠/٢٢ گردئاشەوان**

# دونیای بێ وەفا

دونیای بێوەفا، دوژمنی بەشەر
مەکۆی خەفەتو کوڵو کۆو کەسەر
لانکەی پڕ شەڕو شۆڕ پڕ فیتنەو هەرا
خانەخوێی شەیتان، مەنزڵگای سەفەر
خۆت ڕازاندەوە وەك گوڵی بەهار
هەر ڕۆژەی چەشنێ خۆت دەخەیتە دەر
ڕۆژێك نەشمیلو نازدارو خۆش ڕووی
ڕۆژێك ترشو تاڵ هاڵۆز، بەدنەزەر
چی ئارەزووت بێ، دەیکەی ناترسی
لە وێرانکردنو چۆڵو دەربەدەر
چەند هەزار گەنجت خستە چاڵی تەنگ
چەند هەزار پیرت فەوتاند بەدەفتەر
ژیان ناخۆشیو تووشیو نەگبەتیت
داون بە پیاوی زانای قووڕ بەسەر
ئەوەی تۆ دەیکەی لەو ڕۆژگارەدا
دەبێ بنووسرێ بە قەزاو قەدەر
چیمان بەسەر هات، چیمان چاو پێکەوت
کوا خۆشی لەلای کوردی هونەروەر؟
زاناو فەیلەسوف جەرگیان سووتاوە
بەشیان خەفەتەو، حەسرەتو کەدەر
دڵت لەت کردم بە داخو حەسرەت

لە باخی ژینم هیچ نەما ئەسەر
قەت ڕوحمت نەکرد بە منی کڵۆڵ
ڕێگەت لێگرتوم، ئەمسەرو ئەو سەر
گوڵی ژیانو ئارەزوت کوشتم
بەشم بۆتە شین، ناڵینو چەمەر
هۆشت لێبڕیم، هەژارو دەستەنگ
بێ جێ و بێ مەکان، وێڵو سەوداسەر
فەلەك، هەر بۆ من وا نەبوە کارت
هەزاران کەست خستۆتە خەتەر
پیرو دافەتاو، نابیناو بێهۆش
خوایە دوورمەکەی لە ئاگری سەقەر
لە بەر تۆ نەمبوو فکری ڕێی چاکان
بگرمو وەك وان، ساز بم بۆ سەفەر
هەرچی کردوومە، گشت بەدبەختییە
قەت نەمکرد دوعا ئەورادی سەحەر
خوایە بۆ خاتری خاسانی دەرگات
نۆشکا (فاتیحی) لە ئاوی کەوسەر

**١٩٩٣/٨/١ گردئاشەوان**

## پیری خەرقەپۆش

لــە دووریــت كــەوتــوم بــێ حــاڵو بــێــهــۆش
خــەســتــەو بــێــهــێــزو غــەمــگــینو نــەخــۆش
پــەچــەو ئــەگــریجــەت لادە لــەســەر ڕوو
كــوشــتــەی دەســتــی تــۆم، حــەیــرانو مــەدهــۆش
بــەلامــدا ئــەگــەر جــار جــار گــوزەركــەی
جــەزبــە دامــدەگــرێو بــۆت دەبــەم كــڕنــۆش
خــودا هــەڵــنــاگــرێ زۆر پــەشــێــوحــاڵــم
جــودایــی تــاكــەی ئــەی یــاری ســەرخــۆش؟
جــێــماوم لــە یــار، لــە دۆســتو ئــەحــبــاب
خــەمــی خــۆم بــارێــك، ســەربــار خــەمــی تــۆش
ســەرگــرد لــێــم بــۆتــە قــەڵاتــی دمــدم
چــاو لــە ڕێــگــای تــۆم، نــازداری بــۆنخــۆش
مــووی ســپــیو پــیریو دوورەوڵاتــیــم
ســیــنــەیــان كــردمــە مــەنجــەڵــی لــەجــۆش
لــەلایــەك پــیری لــێــم بــۆتــە دوژمــن
لــەلای تــر گــەرمــاو مــێــشــولــەو (خــەمــۆش)
كــەس ســەر دەرنــاكــا لــە دونــیــای فــانــی
لــە لایــەك شــیــنــەو، لایــەك عــەیــشو نــۆش
بــرام هــیــچ نــیــیــە دەعــیــەو هــۆزوپــۆز
گــوێ لــە مــن بــگــرە، ئــەی بــێ هــۆشو گــۆش
هــەر كــەس غــەڕڕە بــێــت بــە مــاڵــی دنــیــا
بــڵــێ ئــەو مــاڵو حــاڵــەت نــەبــێ نــۆش
هــەروەك پــیــاوچــاكــان تــەركــی دنــیــاكــە
(فــاتــیــحــی) بــەدبــەخــت، پــیری خــەرقــەپۆش!
**١٩٩٣/٧/٦ گردئاشەوان**

# ئەی شاگوڵی بلیمەت

ئـــەی کـــێـــژۆڵـــەی ڕێـــکـــوپـــێـــك، بـــاڵابـــەرزی ڕەزاســـووك
کـــوا وەك تـــۆ جـــوانو تـــەرزن، هـــەڵاڵـــەو ســـەروو گـــوڵـــوك؟
ســـەرتـــۆپـــی کـــوردەواری، نـــەخشـــی خـــودای، دیـــاری
ڕەنـــگـــینو شـــۆخو شـــیریـــن، خـــولامـــی تـــۆیـــە ســـەد بـــووك
گـــوڵـــی بـــەهـــار لـــە جـــوانـــیـــت وەك کـــوڵـــمـــی تـــۆیـــە ڕەنـــگـــی
وەك ســـەروی بـــەرزی تـــەرزی، مـــەزەی وەکـــوو بـــەڵاڵـــووك
پـــرچـــی ڕەشو درێـــژت کـــەمـــەنـــدی عـــاشـــقـــی تـــۆیـــە
دەك لاڵو کـــوێـــرو کـــەڕبـــێ، هـــەرکـــەس لـــە تـــۆ دەکـــا تـــووك
بـــۆ تـــۆیـــە دڵ کـــەبـــابـــە، ســـووتـــاوە بـــۆتـــە قـــەقـــنـــەس
بـــە عـــەشـــقـــی تـــۆوە عـــاشـــق ســـەودایـــە مـــاتو مـــەهـــتـــووك
وێـــنـــەت نـــیـــیـــە لـــە دونـــیـــا، ئـــەوەنـــدە شـــۆخو شـــەنـــگـــی
ئـــەتـــۆ لـــە بـــارو نـــاســـك، ڕەقـــیـــبـــە چـــەشـــنـــی خـــڕنـــووك
بـــەیـــنـــێـــکـــە زیـــزی بـــۆچـــی، چـــیـــم کـــردووە، لـــەســـەر چـــی
جـــەرگو دڵـــت دەرێـــنـــام، بـــە نـــووکـــی تـــیـــژی چـــڕنـــووك
ئـــەی بـــووکـــی کـــوردەواری، ئـــەی شـــاگـــوڵـــی بـــلـــیـــمـــەت
(فـــاتـــیـــحـــی) بـــۆت دەنـــووســـێ، وتـــارو شـــیـــعـــرو پـــەڕتـــووك
**١٩٩٢/١٠/١٠ گردئاشەوان**

# بۆ مەلا محەممەدی زوودی

بەهارەو کاتی سەیرانە، برام ساڵی نەوت پیرۆز
لە خەو هەستە بەسە نووستن شەوی کورتو خەوت پیرۆز
تەماشای دەشتو سەحراکە، هەموو یەك پارچە خەمڵیوە
ئەگەر ڕاوچی بچۆ کوێستان، بەداو ڕاوی کەوت پیرۆز
کە عاشقی دەشتو گوڵزاری، بەهارەو کاتی سەیرانە
کە کوشتەی چاوی دڵداری، بڕۆ ماچی ئەوت پیرۆز
لە سەر دووندی چیان، کەو دەخوێنی شێتو حەیرانە
دەڵێ عاشق ئەتۆش وەك من، بەهاری پێشڕەوت پیرۆز
بەیانەو بولبولی شەیدا دەناڵێنێ هەزار دەستان
ئەتۆش بولبول بەهارو ناڵەناڵو هەو هەوت پیرۆز
لە دەم چۆمو شەتاوان چەندە جوانن سوێسنەو سونبول
وەنەوشەی ملکەچی داماو! دوو چاوی پڕخەوت پیرۆز
برای هاودەردو هاوڕازم، ڕەفیقی کۆنەساڵی من
وەکوو (فاتیحی) گشت کاتو شەوو نیوە شەوت پیرۆز

**گردئاشەوان** ١٩٩٤/٣/٢٨

# پەراوێزەکان

١- کوکی: جۆرە خواردنێکە لە پنگەو هێلکە سازدەکرێت. لاپەڕە.. ١٧

٢- مەبەست لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوییە. لاپەڕە.. ١٨

٣- ئەم شیعرە لە ژێر کاریگەری (بۆسەی ڕۆژگار)ی مامۆستا هێمنی شاعیردا نووسراوە. لاپەڕە.. ٣٣

٤- وەزنە: هاوینەهەوارێکە کەوتۆتە نێوان هەر دوو گوندی ئاڵواتان و دۆڵەتووی سەر بە شاری سەردەشت.ناوەکانی دیکەی ناو کەوانەکانیش ناوی چەند جێگەیەکن لە دەشتی وەزنێ. لاپەڕە.. ٣٨

٥- عەلی خان: برای عوسمانی وەجاخی شاعیرە. لاپەڕە.. ٣٩

٦- ئاغا: مەبەست لە عوسمانی وەجاخی شاعیرە، کە خەڵکی ئەو مەڵبەندەیە. لاپەڕە ..٤٠

٧- ئەم شیعرە لە گۆڤاری بەیان ژمارە (١٦٢)ی ساڵی ١٩٨٩ دا بلاْو کراوەتەوە. لاپەڕە.. ٥٧

٨- ئەم شیعرە لە ژمارە (١٤٧) ی گۆڤاری سروە دا بلاْوکراوەتەوە ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی. لاپەڕە ..٦٢

٩- خلە: مەبەست لە مامۆستا مەلا خدری میراوەییە. لاپەڕە.. ١٤١

١٠- لاجان: دەڤەری پیرانشار. لاپەڕە.. ١٤١

١١- سێزدە: مەبەست لە سێزدە بەدەرە. لاپەڕە.. ١٤٨

١٢- ئەحمەدبریو: گوندێکی ناوچەی سەردەشتە. لاپەڕە ..١٤٩

١٣- تیشکی مینبەر: ناوی کتێبێکی مامۆستا مەلا محەممەدی شڵماشییە. لاپەڕە.. ١٦٤

# پێڕست

١- پێشەکی...ل٣
٢- ژیاننامە...ل٦
٣-ستایشی خودا... ل١٢
٤- میلادی ( رسول الله )...ل١٤
٥-بەهار... ل١٥
٦- نەورۆز...ل١٨
٧- نیوە مردوو روح لەسەر لێو... ل١٩
٨- وەکو بولبول غەزەلخوانم... ل٢٠
٩- گوڵی باخی ژیانم... ل٢١
١٠- کڵپەی دەروون... ل٢٢
١١- کوڕێ نیشتیمان بدا بە دوژمن...ل ٢٥
١٢- سەروی خەرامان هاتەوە...ل٢٩
١٣- بولبولی تەبعم نەخۆشە... ل٣٠
١٤- خانەوێران بووم لەسەرتۆ... ل٣١
١٥- یارەب چییە ئەم دلبەرە... ل٣٢
١٦- تەلعەتی پڕ نووری... ل٣٣
١٧- تیری ئەبرۆی... ل٣٤
١٨- وەسیەت... ل٣٥
١٩- چاوەڕێم گەر یار کەرەم کا... ل٣٦
٢٠- دڵم سووتاوی دووریتە... ل٣٧
٢١- بەهاری وەزنێ... ل٣٨
٢٢- بەختەکەم سوار بۆتەوە... ل٤١
٢٣- بەتاڵی و سوێری ڕاهاتووم...ل٤٢
٢٤- چەند چوارینەیەك... ل٤٥

٢٥- کزو بێهێزە چاو نابینێ بەرپێم...ل٤٩
٢٦- وەك فەرهاد هاوار... ل٥٢
٢٧- کوردی نەبەز... ل٥٤
٢٨- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )... ل٥٦
٢٩- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستی ( وریا- شێخ عەبدول کەریمی هیرانی )... ل٥٨
٣٠- پێنج خشتەکی لەسەر وەرگێڕدراوێکی مامۆستا هەژار... ل٦٠
٣١- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( نالی )... ل٦٢
٣٢- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( نالی )... ل٦٥
٣٣- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( سەید عەبدولقادری سەیادەت )... ل٦٨
٣٤- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( زوودی )... ل٧١
٣٥- پێنج خشتەکی لەسەر دوو بەیتە شیعری ( سەید ڕەشیدی بورهانی- ناسراو بە ( چاوەشی پیر )... ل٧٤
٣٦- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( زاری )... ل٧٥
٣٧- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )... ل٧٧
٣٨- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( شێخ ڕەزا )... ل٨٠
٣٩- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( قانع )... ل٨٢
٤٠- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( نالی )... ل٨٤
٤١- پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی ( نالی )... ل٨٧
٤٢- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( زوودی )...ل ٩٠
٤٣- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( سوتاو-مەلا محەممەد ئەمینی سەقزی )... ل٩٣
٤٤- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )...ل ٩٦
٤٥- پێنج خشتەکی ( زوودی ) لەسەر غەزەلی سۆفی وەرە دانیشەی ( فاتیحی )... ل٩٩
٤٦- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )... ل١٠٢
٤٧- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )... ل١٠٥
٤٨- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( کەوکەبی- مەلا نەجمەدینی کەوکەبی شاد )... ل١٠٨

٤٩- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستی ( فلوسی قانع )...ل ١١١
٥٠- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( سەید کامیلی ئیمامی - ئاوات )... ل١١٥
٥١- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عەلی بەگی حەیدەری )... ل١١٨
٥٢- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( سەید عەبدولقادری سەیادەت )... ل١٢١
٥٣- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( سەید عەبدولقادری سەیادەت )... ل١٢٤
٥٤- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( عوسمانی وەجاخی )... ل١٢٦
٥٥- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( حەقیقی )... ل١٢٩
٥٦- پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی ( سەید کامیلی ئیمامی - ئاوات )... ل١٣١
٥٧- قەدی ئەلفم... ل١٣٣
٥٨- گەزۆ باری... ل١٣٤
٥٩- مەرهەمی زامی دەروون... ل١٣٦
٦٠- قامەتی ئەلفم چەماوە... ل١٣٧
٦١- بێ دیداری تۆ... ل١٣٨
٦٢- هیچ و پوچە کردەوەت... ل١٣٩
٦٣- کێیە فەرهادی زەمانە... ل١٤٠
٦٤- گوڵی سەرتۆپی وڵات بۆ ( مەلا قادری نێزەیی )...ل ١٤١
٦٥- بولبولی شەیدا... ل١٤٢
٦٦- دەردی فیراق... ل١٤٣
٦٧- جێژنی مەولود...ل ١٤٤
٦٨- دێمەوە... ١٤٥
٦٩- لادە ئەرگیجەو پەچە...ل ١٤٦
٧٠- چەرخشی ئەو دەورە کۆنە... ل١٤٧
٧١- سەیران...ل ١٤٨
٧٢- پایزم شڕکرد...ل ١٤٩
٧٣- پاڕانەوە...ل ١٥١

٧٤- من کە ئاشووفتەم...ل ١٥٢
٧٥- گەر بەماچی لێوو کوڵمی...ل ١٥٣
٧٦- زوڵفی چین چین...ل ١٥٤
٧٧- بە گۆشەی چاوەکەت...ل ١٥٥
٧٨- بە خەندەی لێوەکەی... ل١٥٦
٧٩- سۆفی وەرە دانیشە...ل ١٥٧
٨٠- هەر لێبدە تۆ تە پڵی سەفا... ل١٥٨
٨١- چوومە سەیری باخ و گوڵشەن... ل١٥٩
٨٢- گوڵ خەلعەتی لە بەرکرد... ل١٦٠
٨٣- خەدەنگی تیری مووژگانت...ل ١٦١
٨٤- ئەوا جێژنە بەقوربان...ل ١٦٣
٨٥- دیاری مەلایان هیچ کەس نەیدیوە... ل١٦٤
٨٦- ماچی لێوی ئەو حەبیبە...ل ١٦٥
٨٧- عاشق کوژو بێ ڕەحمە...ل ١٦٦
٨٨- عاشقی ڕووتم لەسەرچی دەمکوژی...ل ١٦٧
٨٩- زەنگی کاروانی ئەجەل...ل ١٦٨
٩٠- بە یادی چاوی مەستی...ل ١٦٩
٩١- بە یادی بەزمی دوێ شەو...ل ١٧١
٩٢- بە یادی لێوی ئاڵی...ل ١٧٢
٩٣- دڵ کۆیلەتە دیوانەتە... ل١٧٣
٩٤- لە ڕێی گەلدا خۆشە مردن...ل ١٧٤
٩٥- لە دڵداری بەس ناکەی...ل ١٧٥
٩٦- شوان و بێری...ل١٧٨
٩٧- حەمە پۆلا... ل١٨٢

٩٨- بۆ مامۆستای قوتابخانە... ل١٨٦
٩٩- بە تیری عیشقی تۆ...ل ١٨٧
١٠٠- گفتوگۆی عەقڵو پارە...ل ١٨٨
١٠١- سوپاسنامەیەك بۆ كاك ( حەمە پۆلاّ )... ل١٩٢
١٠٢- شەنگەبێری...ل ١٩٧
١٠٣- بەتۆچی تاوڵو چیغو جێگەواری...ل ١٩٨
١٠٤- بۆ مەلا ( بایەزیدی مەنگوڕی )... ل٢٠٠
١٠٥- ژن...ل ٢٠٢
١٠٦- ئەی تاقەتی هێزو دڵ...ل ٢٠٣
١٠٧- گوڵ بەدەم ڕەعناقەدەم...ل ٢٠٤
١٠٨- دەردی پیری... ل٢٠٥
١٠٩- ناڵەناڵو شیوەنم...ل ٢٠٧
١١٠- نەهاتی... ل٢٠٨
١١١- دونیای بێ وەفا...ل ٢٠٩
١١٢- پیری خەرقە پۆش...ل ٢١١
١١٣- ئەی شاگوڵی بلیمەت... ل٢١٣
١١٤- بۆ مەلا محەممەدی ( زوودی )... ل٢١٤

# سوپاس و پێزانین

بە ناوی بنەماڵەی فاتیحییەوە، سوپاس‌و پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە ئامادەکردنی ئەو دیوانە شیعرەی فاتیحی دا بەشداربوون‌و ئەرکیان کێشاوە.

٭بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلاَی حەسەن زادە، کە پێشەکی بۆنووسیوەو لەزۆر جێیانیشدا ڕێنوێنی زۆری داوینێ.

٭بەڕێز کاك ئیسماعیل ڕاجی کە هەڵەچنی و پۆلێنکردنی شیعرەکانی کردووە.

٭بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلاَ تاهیر و مامۆستا ئارارات ئەحمەد، کە جارێکی دیکەش پێیدا چونەوە.

٭بەڕێز کاك سدیق عەلی کە دیزاینی دیوانەکەی بۆکردین.



**فاتیحی شاعیر**



فاتیحی



فاتیحی- حەمە پۆلا



**لە ڕاستەوە: مەلا ڕەسوڵی نەوزادی- مامۆستا حەسەنی ڕستگار- فاتیحی- مەلا محەممەدی زوودی- مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە- مەلا ڕەسوڵی پێشنماز-**

**دانیشتوەکان: سالاری شاعیر- سەید ڕەسوڵی ورچان. ١٩٧٠ -بەغدا**



مەلا ڕەسوڵی نەوزادی- فاتیحی



لە ڕاستەوە: مەلا سمایل دووبرالە- مامۆستا عەزیز ئەحمەدی- مەلا برایمی دارمەکۆنی- حەمە پۆلاً- فاتیحی ١٩٧٣- قەڵادزێ



ئەوخەیمە و ڕەشماڵە کە لەو دەشتە بەپایە
جێی عوشرەتی شاهانە و فەقێ و شێخ و مەلایە
فیردەوسی شەبیهێکە تەراخوە دەروو دەشتی
پڕ حۆری و غیلمان و پەری زادە لیقایە
باخ و چەمەن و گوڵشەن و بوستانە کەناری
لانیاوی دەڵێی چەشمەی زولاڵی بەقایە
کێو و خڕ و لادۆڵی هەموو لالە و سوسن و سونبول
ئەترافی بەڕینە وەکو مەیدانی قیایە
نەغمەی کەبکو بولبول و قومری بە شەو ڕۆژ
وەک زیکری مریدانی تەوەککل بە خودایە
جۆباری شەراب و عەسەل و شیری لەگڵ ئاو
شافی هەموو ئەنواعی نەخۆشینی و بەلایە
یاڕەب چییە ئەم دڵبەرە کەوتومە تە داوی
نوقتەی بەشەرە یا وەکو حۆری لە سەمایە
سەروەقەدی یا عەرعەرە یانەی شەکرینە
شەمعە دەم و ڕوخساری وەیا نووری زیایە
قەوسی وەقەزەحە یانە کو ساعیقە و بەرقە
ئەرخەنە دەکا یا وەکو یاقوت و تەلایە
ئەلماس و دوڕ و گەوهەر و فەیرووزە تەقوجووت
گەردن لغی شانازە بەڵێ لایقی شایە

**وێنەیەك لە دەستنووسی شاعیر**



**گوندی یارئاڵی، شوێنی لەدایك بونی فاتیحی شاعیر**